# وەحی قودسی

# پلۆراڵیزمی ئاینی پێغەمبەرﷺ

**ڕەخنە لە (د. عبدالكريم سروش)**

**نووسینی: مصطفى حسيني طباطبايي**

**وەرگێڕانی: جوتیار قارەمان**

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب:   (وەحی قودسی، پلۆڕاڵیزمی ئاینی، پێغەمبەرﷺ).
نووسینی  :   سید مصطفی حسینی طباطبایی
وەرگێڕانی :   جوتیار قارەمان
تیراژ      :   () دانە.

# پێشکەشە بە:

- دایك و باوكی ئازیزم كە هەمیشە لەپاش خودا، ئەوان یارمەتیدەر و پشت و پەنام بوون.
- هەردوو مامۆستا و خاڵی بەڕێزم (م.عبدالله نصرالله) و (م.ئاوات نصرالله) كە بەردەوام ڕێنماییكەرم بوون.
- بە ڕۆحی پاكی هەردوو مامۆستا و زانای پایەبەرز (م.ناصری سوبحانی) و (كاك ئەحمەدی موفتی زادە) كە بەهۆی وتار و نووسینەكانیانەوە توانیومە حەقیقەتەكان باشتر و ڕوونتر بناسم.
- هەركەسێك كە لەژیانمدا بە بچوكترین شێوە لەڕێی فێربووندا یارمەتیداوم.
- بە هەموو ئەوكەسانەی لەپێناوی ئیسلامدا دەربەدەری و زەحمەت دەچێژن و مافی ڕەوای بوونیان لێ زەوت دەكرێت و دەنگی زوڵاڵیان كپ دەكرێت بە زەبری چەك و پارە و دەسەڵات.
- بەوانەی كە عەوداڵن بە شوێن ڕاستییەكاندا و ڕاستی لە هەركوێیەك بێت شوێنی دەكەون و دەمارگیریان نییە.

# پێشەکی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحیم

الصلوات و السلام و البركات على نبينا محمّد و على آله و صحبه و سلم.

خوێنەرانی بەڕێز و خۆشەویست ئەم کتێبەی لەبەردەستتاندایە کۆکراوە و وەرگێڕدراوی چەند نامیلکە و وتارێکی مامۆستای بەڕێز (سید مصطفی حسینی طباطبایی)ە، ئەو مامۆستایەی کە تەواوی ژیانی لەژێر چاودێریدا بەسەر دەبات، ناتوانێت بە ئازادی نووسینەکانی بڵاوبکاتەوە و هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە تائێستا ئابلۆقەی لەسەرە چ لەڕووی مەعنەوی و چ لەڕووی زانستییەوە.

بەهۆی ئەوەی بابەتەکانی پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەبوو لێرەدا لەدووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە و کراون بەکتێبێك، کە چوار بابەتیان ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەیە بۆ بیرمەندی ئێرانی (دکتۆر عبدالکریم سروش).

دوو بابەتی تریشیان باس لە ناردنی پێغەمبەر ﷺ و کەسایەتی ئەو سەروەرە ئازیزە دەکات لەڕووانگەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە.

لەبابەتەکانی ئەم کتێبەدا نووسەر هەوڵیداوە بە شێوازێکی زۆر زانستیانە باس لە بابەتەکانی (گشتگیرێتی ئاینی –پلۆراڵیزمی ئاینی– و وەحی قودسی و پێغەمبەر ﷺ) بکات و بەڕوونی باسیان لێوەبکات و خوێنەریان پێ ئاشنابکات و وایکردووە خوێنەر لەمانای ڕاستەقینەی ئەم چەمکانە تێبگات لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەشیرینەکانی پێغەمبەرﷺدا.


هیوام وایە جێی ڕەزامەندی خودای پەروەردگار بێت و لێمی پەسەندبکات، وە داوام لە ئێوەی خوێنەریش وایە لە هەڵە و کەم و کوڕییەکانم ببورن و لە نزا و پاڕانەوەی خەیرتان بێ بەشم نەکەن.

جوتیار قارەمان

سێ شەممە ٢٠١٣/٠٧/٣٠ زاینی

٢١ ڕەمەزانی ١٤٣٤ کۆچی

هەڵەبجەی شەهید



**وێنەی نووسەر لە کتێبخانەکەیدا**

# ژياننامەی نوسەر[1]:

بەڕێز (مصطفی حسینی طباطبایی) لە ساڵی ١٣١٤خ بەرامبەر بە ١٩٣٦ز لە بنەماڵەیەكی ئاینپەروەر و زانستخوازدا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.

بەڕێزیان نەوەی ئایەتوڵڵا (طباطبایی گەورەن) كە بە یەكێك لە سەركردەكانی شۆڕش دادەنرێت و، باوكی دایكیشیان (عەللامە ئاشتیانی)ە، كە مامۆستای بەڕێز لەتەمەنی لاویدا لەگەڵ ئەم باپیرەیەیدا گفتوگۆ و بیروبۆچوون گۆڕینەوەی زۆر لەنێوانیاندا هەبووە، وە تەنانەت توانیبووی زۆرێك لە بیروباوەڕە لادەرەكان(انحرافات)ی شیعەگەری بۆ باپیری بسەلمێنێت و پێی قبوڵ بكات كە لادەرانەن!

مامۆستای بەڕێز لەنەوجەوانیدا چووتە (حەوزەی زانستی قوم) و لە نزیكەی تەمەنی بیست ساڵیدا توانیویەتی بڕوانامەی (اجتهاد) لە زانایانی ئەو سەردەمە وەربگرێت. ئەمان هیچ كات جل و بەرگی (ئاخوند)ی و پیاوی ئاینییان لەبەرنەكرد و هەمیشە بەدوای لێكۆڵینەوە و خستنەڕووی ڕاستییەكانەوە بوون. وە تەنانەت هەر لەو سەردەمانەدا تێكەڵاوی دانیشتنەكانی گروپە (بەهائی)یەكانی دەكرد و گفتوگۆ و موناقەشەی زۆری لەگەڵ دەكردن و هەر لە گەنجێتیدا چەندین كتێبی لە ڕەدی (بەهائییەكان) نووسی.

ئەم بڕوای وابوو كە نوێژی (هەینی) واجبێكی خوداییە، كە لە ناو كۆمەڵگەی شیعەگەریدا فەرامۆش كرابوو، وە بە پێویستی دەزانی ئەم نوێژە زیندوو بكرێتەوە و بەم بۆنەیەشەوە لە هەمان شوێنی خۆی ئەم سوونەتە ئیلاهییەی بەرپاكرد و بەوتەی یەكێك لە هاوەڵە كۆنەكانی نزیكەی چل ساڵ لەمەوبەر تەنانەت بۆ دوو كەسیش نوێژی هەینی ئەنجام دەدا، تا ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ (عەللامە بورقوعی قومی) پەیدا كرد.

بەم جۆرە باس لە ئاشنایەتی نێوانیان دەكات:

(( بیستم كە لە مزگەوتێك زانایەك هەیە كە وانەی تەفسیر ئەڵێتەوە و بڕیارمدا بچم بۆ ئەو وانەیە، لەشەوێكی هاویندا لە سەربانی مزگەوتەكە وانەكە دەستی پێكرد و (عەللامە بورقوعی) تەفسیری سورەتی (یس)ی دەكرد و هەر لە سەرەتاوە فەرمووی (یس) واتە: (ئەی موحەممەد سوێند بە تۆ و ...... هتد) هەمان ئەو قسانەی كە شیعەكان دەربارەی سورەتی (یس) دەیكەن.

دوای تەواو بوونی وانەكە چووم بۆلای و وتم: (حاجی مامۆستا) (یاء) و (سین) پیتی پارچەیی (مقطع)ن و جیاوازیی هەیە لەگەڵ پیتی (یا)ی بانگكردن (نداء) و بڕێك ڕوونكردنەوەی تر لەم بارەوە كە پێویست بوو باسم كرد و ئەویش بە هەمانشێوەی خۆی بێدەنگ و بێقسەكردن گوێی بۆگرتبووم و پاش تەواو بوونی

---

[1] ئەم ژياننامەیە لە لایەن وەرگێڕەوە ئامادە كراوە.

وتەکانم ماوەیەکی کەم بیری کردەوە و فەرمووی: بەڵێ، ئێوە ڕاست دەکەن! بۆ من زۆر مایەی سەرسووڕمان بوو، بۆ یەکەمجار بوو کە ببینم کەسێکی (ڕۆحانی) گوێ لە کەسێك بگرێت کە جل و بەرگی ئاسایی لەبەردا بێت و وتەکانی قەبوڵ بکات!)).

ئاشنا بوونی مامۆستای بەڕێز بە (عەللامە بورقوعی) و بەرپاکردنی نوێژی هەینی لە مزگەوت و وتار و گفتوگۆکان لەوێ بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لە دوور و نزیکەوە ڕووبکەنە ئەوێ و هاوبۆچوون و دژەبۆچوون لەکۆڕەکاندا بەژداری بکەن و هەر ئەم کارەش بوو بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی کە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕان، بیروبۆچوونیان بەلای یەکتاپەرستیدا زیاتر بڕوات و لە شیرك و خورافات دووربکەونەوە، ئەم بابەتە زۆر گران و ناڕەحەت بوو بۆ ئەو کەسانەی کە ساڵەهایە خەڵکییان بە بیروباوەڕی شیرك و خورافاتەوە ئالودە کردبوو، کە سودیان لە نەزانی ئەو خەڵکە وەرگرتبوو! وە درێژەی ئەم بابەتە لە کتێبی (ژياننامەی عەللامە برقعی)دا هاتووە.

خوالێخۆش بوو (عەللامە برقعی) لەو کتێبەیدا دەربارەی بەڕێز (مصطفی حسینی طباطبایی) بەم شێوەیە دەدوێت:

(( شەوێك هاتم بۆ مزگەوت و پاش ماوەیەك هەمان حاجی عبدالرحیم بە هەواڵی تازەوە بە پیریمەوە هات و بابەتێکی بۆ باس کردم و منیش بابەتەکە تێگەیشتم، بەڵام درەنگ بوو و هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لە دان بەخۆداگرتن. بابەتەکە ئەوەبوو کە ئامۆژگاریکەری ئەم مزگەوتەی ئەمان وتەی ناشرین و نەشیاو بە هاوەڵانی (پێغەمبەرﷺ) دەدات و باسی گەورەیی (علیرضي الله عنه) و چەسپاندنی ویلایەتەکەی دەکات و هەموو شەوێکیش ئەم بابەتە دووبارە دەکاتەوە. سەرم سووڕما بەخۆمم وت: مەگەر کەسێك هەیە دژایەتی ویلایەتی (علیرضي الله عنه) بکات؟! بینیم هەموو شەوێك هەمان بابەتە، منیش بە ئامۆژگاریکەرەکەم گوت: بەڕێز لەم ڕۆژەدا لاوانی ئێمە باوەڕیان بە خودا و قیامەت نییە، کەمێك لەبارەی خوداناسی و قیامەتەوە بدوێن باشترە و لێرە کەسی لێ نییە کە دژایەتی ویلایەتی (علیرضي الله عنه) بکات.

گوتی: خاوەنی ئەم کۆڕ و دانیشتنە داوای لێکردووم کە هەموو شەوێك لەبارەی ویلایەتی (علیرضي الله عنه) بدوێم.

وتم بە (حاجی حسین) خاوەنی کۆڕەکە: کاکە خۆ لێرە کەس دژایەتی ویلایەتی (علیرضي الله عنه) ناکات کە ئاوا ئێوە دەستورتان داوە هەموو شەوێك لە بارەی چەسپاندنی ئەم بابەتەوە قسە بکرێت و لەعنەت و جنێو بە خەلیفەکان بدات؟

حاجی وتی: با، بەم تازەییانە کەسێك بووەتە (سوننی).

وتم: کێ یە؟!

وتی: سید مصطفی.
وتم: خۆ لەم کۆڵانەی ئێمەدا کەسێ بەم ناوەوە نییە؟
وتی: تۆ ئەو ناناسیت ئەو دانیشتووی (شەمیران)ە.
لە (شەمیران) تا گەڕەکی (شاهپور) و ئەم مزگەوتە ڕێگەکەی زۆر دوور و دژواربوو.
وتم: دەی بچنە (شەمیران) و قسە لەگەڵ خۆی بکەن و تاوانی ئێمە چییە و ئێمە و خەڵکی ئەم گەڕەکە خۆ تاوانمان نییە؟

من تا ئەو کاتەش (سید مصطفی)م نەدەناسی و دواتر تێگەیشتم کە ئەو گەنجێکی وریا و زیرەك و ڕۆشنبیر و لێکۆڵەر و بەڕێزە و لە گەڕەکی (شەمیران) نیشتەجێ دەبێت و نەوەی (ئایەتوڵڵای گەورە میرزا ئەحمەد ئاشتیانی)یە و بەناوی (سید مصطفی طباطبایی) بانگ دەکرێت و بەهیچ جۆرێك دژی (علیرضي الله عنه) نییە و بەڵکو خۆی بە یەکەمین خۆشەویست و لایەنگری ڕاستەقینەی (علیرضي الله عنه) دەزانێت و بیروباوەڕی وایە کە (علیرضي الله عنه) شوێنکەوتەی دینە و، نە ئەصڵی دینە و نە فەرعی دین)).

خوا لێخۆش بوو (عەللامە بورقوعی) لە بەشێکی تری یادەوەرییەکانیدا سەبارەت بە مامۆستای بەڕێز (مصطفی حسینی طباطبائی) بەم جۆرە دەنوسێت:

((.....ئاخوندێك بە ناوی (سید هادی خسروشاهی) دوژمنایەتییەکی زۆر توندی یەکتاپەرستانی دەکرد تەنانەت چەند کەسێکی نەخوێندەواری بەپارە هەڵخەڵەتاندبوو تا لەڕۆژی نۆزدەهەمی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا من بکوژن!! قەدەرەن هەر ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی لەنوێژی نیوەڕۆ لێبوومەوە بۆ گوێگرتن لە وتاری یەکێك لە هاوەڵانی بەڕێز و ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرم و یەکتاپەرستی ڕاست و لێکۆڵەری پایەبەرز جەنابی (سید مصطفی حسینی طباطبائی) خودا سەرکەوتوو و سەرفرای بکات و بیپارێزێت، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا دانیشتم، بکوژەکان بە گومانی خۆیان وتار بێژ من(بورقوعی)ە و هێرشیان کردە سەر ئەو بەڕێزە، بەڵام ئەو مامۆستا پایەبەرزە بەڕاستی پیاوێکی نەبەرد و ئازایە هیچ ترسێکی لێ نەنیشت و بەرامبەریان وەستایەوە و لەو کاتەشدا کۆمەڵێك لە گوێگران پەلاماریاندا و پارێزگارییان لێکرد و نەیان هێشت ئەم مامۆستا بەڕێزە بریندار ببێت و خۆیان بریندار بوون)).

بەهەمان ئەو شێوەیەی کە باسکرا دانیشتن و وتارەکان و تەفسیری قورئان و وتارەکانی ڕۆژی هەینی لە مزگەوتی کۆڵانەکەدا کاریگەری خۆی هەبوو و هەر ڕۆژە و گێرەشێوێنێکیان هاندەدا تا هێرش بکاتە سەر مزگەوت و تەنانەت ئەو تابلۆیەی سەردەرگای مزگەوتەکە کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەسەر نووسرابوو: ((فَلا تَدْعُوا مَعَ اللهِ أَحَدَاً.....)) شکاندیان. بەهەرحاڵ ئەمجارەیان دەست بەدامانی دەربارەکان و ساواك بوون

و له ڕێگەی ئاسایشەوە ڕێگەیان له یەکتاپەرستان گرت و ئاخوند (خسروشاهی) له خۆشیدا ئاهەنگی دەگێڕا و وێنەکانی (شاه و فەرەحی) له ژوورەکەیدا هەڵواسی (هەر ئەم ئاخوندە لەدوای شۆڕش کرا به بەڕێوەبەری ((بنیاد مستضعفان)) ئەتوت نەبای دیوه و نەبۆران) مامۆستا لەگەڵ (عەللامە برقعی)دا له ماڵێکدا له شەقامی (جمال زادە) که بەکرێ گیرابوو درێژەیاندا بەکار و چالاکییەکانیان تائەوەی لەپاش شۆڕش عەزێت و ئازارێکی زۆر بۆسەریان دەستی پێکرد و بەناچاری ئەوێشیان تەرککرد و مامۆستا(طباطبایی) ماوەیەك لەماڵی باوکی نوێژی دەکرد و (عەللامە برقعی)ش له ماڵی خۆیان که له شەقامی (ئازادی) بوو نوێژی دەکرد، بەڵام دوای چەند مانگێك تەعەهودیان له (عەللامە برقعی) وەرگرت که ئیتر له ماڵی خۆیشیدا نوێژی هەینی بۆ کەس نەکات.

مامۆستا (طباطبایی) به هاوەڵی یەکتاپەرستان هەر هەفتە و له ماڵی هاوڕێیەك که لەماڵی کامیان بارودۆخەکە لەباربووایە ئەم نوێژەیان ئەنجامدەدا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەبوونی چەندین کێشە و گیروگرفت و دەستگیر کردنیش به فەزڵی خودای میهرەبان هەر بەردەوامی هەیە.

لەپاش شۆڕش کتێبێك به ناوی (بیست و سه سال– بیست و سێ ساڵ –) چاپکرا که پێغەمبەرایەتی (پێغەمبەرﷺ)ی دەخستە ژێر پرسیارەوە و ئەم کتێبە لەلایەن چالاکوانە چەپەکانی ئەو سەردەمەوە که چالاکی زۆریان هەبوو چاپکرابوو و دەیان فرۆشت! چەند کەسێك له زانایانی (ڕۆحانی) دەست بەدامانی مامۆستای بەڕێزبوون و تکایان لێکرد که وەڵامێك بۆ ئەم کتێبە بنووسێت! مامۆستا(طباطبایی) لەڕەدی ئەم کتێبەدا کتێبێکی لەژێر ناونیشانی ((خیانت در گزارش تاریخ–خیانە له گێڕانەوەی مێژوو–))دا نووسی و دوای ماوەیەکیش بەرگی دووهەمی ئەم کتێبە بڵاو کرایەوە و دواتریش بەرگی سێهەمی بەچاپ گەیەنرا که وەڵامێکی زۆر جوان و بەڵگەداربوو بەرامبەر به هەڵیت و پەڵیتییەکانی نووسەری کتێبی (بیست و سه سال).

قەدەرەن لەم ساڵانەی دوایدا لەئەورووپا کتێبێك بڵاو کرایەوە به ناوی ((تولدی دیگر– لەدایك بونێکی تر –)) که نووسەرەکەی کەسێك بوو بەناوی (شجاع الدین شفا) که بەڕێوبەری کتێبخانەی نیشتمانی سەردەمی (شا) بوو. نووسەر هەوڵیداوە لەم کتێبەیدا هەڵە له ئاینە ئاسمانییەکانی وەك (یەهودییەت و مەسیحیەت و ئیسلام) بگرێت و بەدرۆ و دەلەسەکانی خۆی هەوڵیداوە وێنایەکی ناشیرین و خراپ بۆ ئیسلام بکات.

هەندێك له دۆستان له ئەمریکا و ئەورووپاوە ئەم کتێبەیان بۆ مامۆستا (طباطبایی) نارد و بۆیان نووسی بوو که بەبڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە چەندین شەپۆل بۆ سەر ئیسلام سەریهەڵداوە و ئەگەر وەڵامی ئەم

کتێبە نەدرێتەوە ئەوا ژەهرەکەی کوشندە دەبێت بەتایبەتی بۆ چینی لاوان و دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە.
مامۆستا (طباطبايي) لە وەڵامی ئەم کتێبەدا کتێبێکی بە ناونیشانی (دین ستیزی نافرجام– بیٚ ئامانجی لە بەرەنگاربوونەوەی ئاییندا –) نووسی، بەڵام زۆر بەداخەوە لە ئێران ڕێگەیان نەدا بەچاپکردنی ئەم کتێبە و بەناچاری نوسخەیك لەم کتێبە لەڕێگەی دۆستێکی مامۆستا (طباطبائی)یەوە بە ناوی (بەهبەهانی) کە بۆلای کوڕەکەی دەچوو بۆ ئەمریکا بردی لەگەڵ خۆی و لەویٚ بەچاپ گەیەنرا. وە پاشانیش دوای ماوەیەك لە ئێرانیش ڕێگەیاندا کە چاپ بکرێت و گەیشت بەدەستی خوێنەرانی تینووی ئەم بابەتە.

مامۆستا (طباطبائی) چەندین کتێب و مەقالەی نووسیوە کە زۆربەیان ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان لێگیراوە و بڕێکی کەمیان گەیشتووەتە دەستی خوێنەران، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەیان لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا هەن بەتایبەتی سایتی مامۆستای بەڕێز خۆی (http://www.tabatabaie.net) و سایتی کتێبخانەی عەقیدە (http://www.aqeedeh.com)، وە لەم ساڵانەی دوایدا بەیارمەتی هەندێك لە دۆستان وانەکانی تەفسیری مامۆستا کۆکرانەوە و بەشێوەی کتێب بە چاپ گەیەنرا کە تا ئێستا تەفسیری چەند سورەتێك لەبەردەستدایە إنشاءالله بەڵکو خودا یارمەتیدەربێت و بتوانرێت هەمووی بە پێکەوە بەچاپ بگەیەنرێت.
مامۆستا (طباطبائی) نزیکەی چل ساڵ دەبێت نوێژی هەینی هەر هەفتەیەك بە کۆمەڵێك تەنگ و چەڵەمە و دەردەسەریەوە دەکات و لەلایەن دەماگیران و سەرسەختەکانی شیعەوە ڕووبەڕووی عەزێت و ئازار بووەتەوە، وە ئەگەر سۆز و میهرەبانی خوداوەند نەبووایە ئەوا نەیدەتوانی تائێستا ئەم کار و ئەرکە گرنگانەی ئیسلامەتی جێبەجیٚ بکات، وە بەبوونی ئەم هەمووە دوژمنە ئاشکرا و نهێنییانە و ڕێگرییە بێئەندازانەوە سوپاس بۆ خودا توانیویەتی ئەم بیروباوەڕی یەکتاپەرستییە بڵاوە پێبکات و کتێب و سی دی و وتارەکانی بگاتە دوورترین شوێنەکانی وڵات و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش لە ئەمریکا و ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە !

## هەندێك لە بەرهەمەكانی نووسەر:

١) **حافظ در میان موافقانش و مخالفانش**(حافز لەنێوان هاوبۆچوون و دژەكانیدا)

٢) **راهی بسوی وحدت اسلامی**(رێیەك بەرەو یەكبوونی ئیسلامی)

٣) **خیانت در گزارش تاریخ (سێ بەرگ)(خیانەت لە گێڕانەوەی مێژوو)**

٤) **دین ستیزی نافرجام(بێ ئامانجی لە بەرەنگاربوونەوەی ئاییندا)**

٥) **نقد آثار خاور شناسان**(هەڵسەنگاندنی نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان)

٦) **ماجرای باب و بهاء**(بەسەرهاتی بابی و بەهائییەكان)

٧) **دعوت مسیحیان به توحید**(بانگەوازی مەسیحییەكان بۆ یەكتاپەرستی)

٨) **بررسی آراء اخباری و اصولی**(لێكۆڵینەوەی بۆچوونە ئیخباری و ئوصولییەكان)

٩) **متفكّرین اسلامي در برابر منطق یونان**(بیرمەندانی ئیسلام لەبەرامبەر فەلسەفەی یۆناندا)

١٠) **بردگی از دیدگاه اسلام(كۆیلایەتی لە دیدگای ئیسلامدا)**

١١) **شیخ محمّد عبده مصلح بزرگ مصر(شێخ موحەممەد عەبدە چاكسازی گەورەی میسر)**

١٢) **اسلام و بتهای غرب/منهای معنویت(ئیسلام و بتەكانی ڕۆژئاوا/ نەبوونی مەعنەویەت)**

١٣) **نقد آراء ابن سینا در الهیّات**(هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونی ئیبن سینا لە ئیلاهیاتدا)

١٤) **حقارت سلمان رشدی**(گەمژەیی سەلمان ڕوشدی)

١٥) **نقد كتاب حدیث**(هەڵسەنگاندنی كتێبی فەرموودە)

١٦) **فتح البیان فیما روی عن علي من تفسیر القرآن**

١٧) **بین النهرین در روزگار خلفای راشدین(نێوان دوو ڕووبارەكە لە سەردەمانی جێنشینە ڕاشیدینەكاندا)**

١٨) **مراحل و منازل حج**

١٩) **اعجاز عددی در قرآن**(ئیعجازی ژمارەیی لە قورئاندا)

٢٠) **دفاع از تعدّد زوجات اسلامی(بەرگری لە سیستەمی چەند ژنی ئیسلامی)**

٢١) **سه مرز آفرينش**(سێ مەرزی بەدیهێنان)

٢٢) **پرتوی از دوات فرخنده علوی**

٢٣) **نماز جمعه نماز انقلابی و فراموش شده(نوێژی هەینی نوێژێکی شۆڕشئامێز و فەرامۆشکراو)**

٢٤) **بَيانُ الحَقيقَة فِي جَرح الأَبدانِ عِندَ المُصيبةِ**

٢٥) **فاصله ها را از علی(ع) كم كنيم**

٢٦) **تسامح شدّت عمل در اسلام**

٢٧) **معانی باطنی در قرآن كريم**(مانا ناخییەکان لە قورئاندا)

٢٨) **ويژەگيهای بازار اسلامی(تايبەتمەندێتییەكانی بازاڕی ئیسلامی)**

٢٩) **وحی قدسی نه وحی نفسی(وەحی پیرۆز نەك وەحی ئارەزووبازانە)**

٣٠) **پيوند دين و حكومت(پەيوەندی ئایین و حكومەت)**

٣١) **قرآن در روزگار نو(قورئان لە سەردەمی نوێدا)**

٣٢) **عليٌّ بين االتقصير و الغلوّ**

٣٣) **خدا و پيامبران در تورات و انجيل و قرآن**(خودا و پێغەمبەران لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا)

٣٤) **آيا سجده بر غير زمين جايز است؟**

٣٥) **رمز عجب!**

٣٦) **محمّد پيامبر رحمت و شمشير**

٣٧) **اجتهاد در برابر نص**(ئیجتیهاد لەبەرامبەری دەقەوە)

٣٨) **نوگرايی در اجتهاد(نوێگەرایی لە ئیجتیهاددا)**

٣٩) **پاسخ به شبهات**

٤٠) **رفع اشتباه و دفع افترا ء**

٤١) **قرآن بدون حديث هم قابل فهم است**

٤٢) **رسول خدا(ص) و تبیین آیات**

٤٣) **زن در آین زرتشتی و بهائی**(ژن لەئاییینی زەردەشتی و بەهائیدا)

٤٤) **مسؤلیّت و ایمان**(بەرپرسیارێتی و باوەڕ)

٤٥) **نامه ی سرگشاده به مراجع تقلید**

٤٦) **پاسخ به اشکالات مذهبی نسل جدید**

٤٧) **دفاع از شمشیر اسلام**(بەرگری لە شمشێری ئیسلام)

٤٨) **بسوی خدا**

٤٩) **در پاسخ ایراد نحوی بر قرآن**

٥٠) **در پاسخ مفتری**

٥١) **آیین زرتشت از دیدگاه ما**(ئاییینی زەردەشت لە دیدگای ئێمەوە)

٥٢) **سه مقاله**

٥٣) **بررسی آراء اخباری و اصولی**

٥٤) **دفاع از قرآن کریم(بەرگری لە قورئانی پیرۆز)**

٥٥) **در پاسخ شبهات دکتر سینا**

٥٦) **وحی قدسی (وەحی پیرۆز–لەم کتێبەدا هەیە–)**

٥٧) **اسلام ستیزی معاصر(ئیسلام نەویستی هاوچەرخ)**

٥٨) **با فرهنگ اسلامی ستیزه نکنید(بەرەنگاری فەرهەنگی ئیسلام مەبنەوە)**

٥٩) **اسلام پزیری ایرانیان(ئیسلام ویستی ئێرانییەکان)**

٦٠) **نقد نظریه پلورالیسم دینی (وەڵامێك بۆ دوکتۆر عبدالکریم سروش–لەم کتێبەدا هەیە–)**

٦١) **ملاحظاتی دربارەی رویکرد انسانگرایانه در قرآن**

٦٢) **در محکومیّت همجنس گرایی**

٦٣) **ثبات و حرکت در ذهن و –عالمِ– خارج**

٦٤) نقد ترجمەی ((وقعةُ صفِّين))
٦٥) زبان قوم، نه فرهنگ ایشان!
٦٦) نقد ترجمەی ((الغارات))
٦٧) نقد مقالەی ((حجاب و پوشش سر و گردن))
٦٨) اسلام و اقطاب غربی(ئیسلام و نوێنەرانی هزری ڕۆژئاوا)
٦٩) هانری کُربن و باطنگیری(هێنری کۆربین و باتینییەت)
٧٠) مسلمان آگاه را هراس از سخنان مخالف نیست

# ڕەخنە لە بۆچوونی

# پلۆڕاڵیزمی ئاینی

**لە دەوری مێزگردی بەڕێز دکتۆر سروش**

**مێزگردی ژمارە ٤٠ی گۆڤاری ((کیان))**

لەو مێزگردەی کە گۆڤاری (کیان) ڕێکی خستبوو تا بەڕێز (دکتۆر عبدالکریم سروش) ڕووخساری پلۆڕاڵیزمی ئاینی ڕوونتر بکاتەوە و وتەی نوێ لەم بارەیەوە بخاتەڕوو، بەڕێز (دکتۆر سروش) دەڵێت: ((**هیچ پێغەمبەرێك ناتوانێت پلۆڕالیست بێت**))، وە بەڕێز (دکتۆر سروش) لە تەواوی پەیامەکەیدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەوانیتر بخاتە شوێنی خۆی و واز لەکۆمەڵە و قوتابخانەکانی تر بهێنن. ئەو وتەیەی بەڕێز (دکتۆر سروش)، بەتەواوی ڕاست و دروستە و شوێنی خۆی جێگیر کردووە و دەیان ئایەت و ئاماژەی ئاین شایەت و پشتیوانی ئەم قسەیەن. بەم هەمووە سەرسووڕمانەوە واپێدەچێت کە (دکتۆر سروش) بە بیانووی ئەوەی کە دەڵێت:

((**ئێمە نەهاتووین کە پێغەمبەرێتی بکەین**)).

لەم بارەیەوە ڕێگەیەکی تر و جیا لەڕێی پێغەمبەران دەگرێتەبەر و دڵی پابەند دەکات بە پلۆڕاڵیزمی ئایینییەوە و بەپشتگوێ خستنەوە بەئاسانی تێدەپەڕێت بەسەر ئەم خاڵە ڕووناکەدا کە ئەویش بریتییە لەوەی کە: پێغەمبەران سەرمەشق و پێشەوای پەیڕەوانی خۆیانن، هەر بەو جۆرەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ (**الأحزاب**: ٢١)

واتە: (( بەڕاستی بۆ ئێوە سەرمەشقییەکی باش هەیە لە پێغەمبەردا )).

لەبەر ئەمە، ئیمانداران ناتوانن لە هەمانکاتدا کە پەیڕوەی لە پێغەبەران دەکەن، بیروباوەڕ و تێڕوانینی جیاواز لەوانیان هەبێت. هەڵبەتە (دکتۆر سروش) بەم جۆرە وتەکانی خۆی ئاڕاستە کردووە:

((**زۆر کاری پێغەمبەر هەیە کە ئێمە نابێت بیان کەین**)).

ئەوەی کە لێرەدا پێویستە بەڕێز (دکتۆر سروش) لە بەرچاوی بگرێت ئەوەیە کە:

یەکەم: پلۆڕالیزمی ئاینی وەك ئەوەی کە خۆی دەیزانێت، بۆخۆی مەزهەب و بیروباوەڕێکە، نەك کارێك! وە لەم ڕووەوە ئەگەر ئێمە پەیڕەوی لەم مەزهەب و بیروباوەڕە بکەین ئەوا ئێمە لە هەندێك بەرپرسیارێتی کرداریدا پێچەوانەی (پێغەمبەرﷺ) دەبین. دەی ئەگەر (پێغەمبەرﷺ)، بە وتەی (دکتۆر سروش) پلۆڕالیست نەبووە، ئەوا دەبێت پەیڕەوەکانیشی پلۆڕالیزم قبوڵ نەکەن.

دووەم: ئەگەر (پێغەمبەرﷺ) لە هەندێك كاری دیاریكراودا لە پەیڕەوەكانی جیاواز بووە، خۆ لە زۆر كاردا هاوتابووە لەگەڵیاندا و بۆ نمونە (لە بانگەوازی خەڵك بۆ شوێن كەوتنی)، یاران و پەیڕەوانیشی هاوكار و هاوڕابوون لەگەڵیدا، هەروەك چۆن مێژوو گەواهی بۆ دەدات و لەقورئانی پیرۆزیشدا هاتووە:

﴿قُلْ هَـٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ﴾ (یوسف: ١٠٨).

واتە: ((بڵێ ئەمە ڕێگەی منە لەڕووی بەصیرەت(بەرچاوڕوونی)ەوە بانگەواز دەكەم بۆ ڕێگەی خودا، هەم من و هەم پەیڕەوەكانیشم)).

لەبەرئەمە پێویستە موسڵمانان چاو لە پێغەمبەرە بەرز و بەڕێزەكەیان بكەن و لەڕووی بینایییەوە هەمان بانگەواز بەجیهاندا بڵاوبكەنەوە هەروەك پێغەمبەرە بەرێزەكەیان سەلامی خوای لێبێت، خەڵكی لە كۆمەڵە و قوتابخانەكانی تر دابڕن و بیانهێنن بۆ لای خۆیان، هەرچەندە ئەم كارە لەگەڵ بۆچوونی پلۆڕالیزمدا سازگار نەبێت!

لەڕاستیدا ئەو ئاینانە (كە لە پلۆڕالیزمدا دەخرێنەڕوو) جیاوازی سەرەكییان لەگەڵ یەكتردا هەیە. یەكێك بانگەشەی (سیانەیی) دەكات و یەكێكی تر بانگەواز بۆ (یەكتاپەرستی) دەكات. یەكێك دەڵێت: (مەسیحعليه السلام كوڕی خودا بووە) و ئەویتر (مەسیحعليه السلام بە بەندەی خودا دەزانێت). یەكێك (محمدﷺ) بە پێغەمبەری خودا دەزانێت و ئەویتر بە پێغەمبەری نازانێت، یەكێك بڕوای وایە كە بەهاتنی (محمدﷺ) دەرگای پێغەمبەرایەتی داخراوەو ئەویتر ئەم دەرگایە بەكراوە دادەنێت ... چۆن دەكرێت هەموو ئەم قسە دژ و پێچەوانانە ڕاست بن و، بە وتەی (دكتۆر سروش) جۆرێك لە حەقیقەتیان تێدا بێت؟! ئەگەر هەموو ئەم بۆچوونانە بەڕاست بزانین، ئەوا پێویستە كە پەروەردگاری جیهان هەم یەكتا بێت و هەم یەكتا نەبێت، (مەسیحعليه السلام) هەم كوڕی خودا بێت و هەم نەبێت، وە (محمدﷺ) هەم پێغەمبەری خودا بێت و هەم نەبێت ...! (دكتۆر سروش) هەوڵیداوە ئەم هاوكێشە بێ چارەسەرە، بچارەسەرێنێ و گوتویەتی:

**((قسە لەسەر هاودژی ئەم دوو دەستەواژانە نییە، ئاینەكان هەركامێكیان بێت هەر یەك سیستەمن. واتە كۆمەڵەیەكی گەورەن لە دەستەواژەكان بە شێوەیەك كە هەر دەستەواژەیەك پڕە لەزۆرێك لە دەستەواژەكانی تر، واتە هیچ كاتێك لەجیهانی ڕاستیدا، دوو تاك دەستەواژە بە یەكتری بەراورد ناكرێن، بەڵكو دوو سیستەم یان دوو دەزگا دەكرێت بەراورد بكرێن بە**

**یەکتری، وە ئەم دوو سیستەمەش بەو هەموو قەبارە گەورەیانەوە دەستەواژەی پێکەوە بەستراون کە بڕیاردان دەربارەی پێچەوانە بوونیان زۆر قورس و گران و کێشەیە))**.

بەڕێز (دکتۆر سروش) وایداناوە کە ئەو دەستەواژە هاودژانەی کە ئاماژەمان پێدا، لە بنچینە(اصول)ی ئاینەکاندان نەك لق(فروع) و بەش(جزئیات)یاندا، دەی کاتێك دوو سیستەم لە بنچینە(اصول)دا دژی یەکتربن، ناتوانرێت هەردووکیان وەربگیرێن. بۆ نمونە: شێوازە کۆنەکەی ( بەتلیمۆس) لە بنچینە(اصول)ی خۆیدا (واتە: ناوەندێتی زەوی و وەستاوێتیەکەی و جوڵەی خۆر و هەسارەکان بەدەوریدا) لەگەڵ گەردووناسی نوێدا گونجاو نییە، بەڵام لە چەند لایەنێکی لقی(فرعی)یەوە لەگەڵیدا گونجاوە بەجۆرێك لەسەر بنەمای ئەو شێوازەی (بەتلیمۆس)، دەتوانرێت هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر و مانگیران و خۆرگیران و هاوشێوەی ئەم کارانە بەدروستی پێشبینی بکرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شێوازی (بەتلیمۆس) ئێستا لەلایەنی زانستییەوە بە پوچەڵ دادەنرێت، چونکە کات فەوتانی زۆری تێدایە بەرامبەر بە گەردووناسی نویێ. هەر بەو شێوەیەش کاتێك کە لەدوو سیستەمی ئاینیدا کە دەستەواژە بنچینەیی(اصلی)ەکانی (یەکتاپەرستی و سیانەیی) دەخرێنە بەرامبەر یەکتر لەهەندێك لە دەستەواژە لقی(فرعی)یەکاندا هاوبەش دەبن، بۆ نمونە مەسیحییەکان بەپێی (ئینجیلی یۆحەننا) بانگەشە دەکەن کە: ((عیسای مەسیح هەمان خودای پەروەردگارە کە بەرجەستەبووە و هاتووتە ناو خەڵکەوە))![1]، وە موسڵمانانیش لە کتێبە ئاسمانییەکەیاندا دەیخوێننەوە کە دەڵێت:

﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ﴾ (**المائدة**: ١٧).

**واتە: (( بەڕاستی ئەو کەسانەی کە وتیان خودا هەمان ئەو مەسیحی کوڕی مەریەمەیە، کافر بوون)).**

ئایا دەتوانرێت هەردوو سیستەمە ئاینییەکە بەپێی دەستەواژە لقی(فرعی)یەکانی تریان بەڕاست دابنرێت، لە کاتێکدا کە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت کە هەر ئەم دەستەواژە بنچینەیی(اصلی)ـە پلەی (ئیمان) دەگۆڕێت بە (کوفر)؟! مەبەستی قورئان ئەوەیە کە ئەو دەستەواژە بنچینەیی(اصلی)یانەی کەباسکران، لەهیچ جۆرە سیستەمێکی تردا چارەسەر ناکرێن و ناشاردرێنەوە، بەڵکو حوکمی سیستەمەکە دەکەنە شوێنکەوتەی خۆیان! هاتووینەتە سەر ئەوەی کە بەڕێز (دکتۆر سروش) بانگەشەی کرد کە ئاینە جۆراوجۆرەکان لە چەسپاندنی ڕاستیەتییاندا، سودیان لە بەڵگەکانی بەرامبەر وەرگرتووە و لەڕووی

---

[1] ئینجیلی یۆحەننا: بابی یەکەم.

زاراوەییەوە بە (**تكافؤ الأدلة – هاوبەڵگەیی**–) گەیشتوون. بە پشتبەستن بەوەی کە بەرلەمە وتمان هەموو ئەوانە بەڕاست دانانرێن، لەبەرئەوەی ئاینەکانی ئێستا لە (اصول)دا جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە (کارمان نییە بەسەر ئەوەی کە لەسەرەتاوە چۆن بوون، چونکە پلۆڕالیزم باسی گشتگیرێتی ئاینی دەکات لەئێستادا)، چونکە لە نێوانیاندا حەق و باتڵ هەیە. لەم کاتەدا ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئاینی حەق بەڵگەکانی لەگەڵ ئاینی باتڵدا هاوتا و یەکسانن! چونکە بەڵگە هەواڵ لە بەڵگەلەسەرهێنراوەکە(مدلول) دەدات و بەڵگەلەسەرهێنراوەکە(مدلول) ڕوون دەکاتەوە، دەی ئەگەر کەسێك وا گومانی بردووە کە فلاَن ئایین گەیشتووە بە هاوبەڵگەیی لەگەڵ ئیسلامدا، ئەم گومانەی لە لایەنی هەڵەکردنەوە ڕوویداوە و سەرنجی تەواوی لە بەڵگەکانی هەردوولای بەرامبەر نەداوە.

بەڕێز (سروش) لە چەسپاندنی پلۆڕالیزمی ئاینیدا بەڵگەی بە هیدایەتی پەروەردگار هێناوەتەوە و دەڵێت:

((**ئەگەر ناوی (هادی) پەروەردگارمان قبوڵ بێت و ئەگەر هیدایەت تەنها لەو بیروباوەڕەدا تەسك نەکەینەوە کە خۆمان بە حەقی دەزانین، ئەوا ناوی (هادی) پەروەردگار کاری کردووە و لە سەرانسەری جیهاندابلاَو بووەتەوە و خەڵکی پشك و بەشی جیاوازیان لە هیدایەتدا هەیە و زۆرینەی خەڵك ڕزگار بوون و ڕزگاربوونیشیان لە هیدایەتدانی پەروەردگارەوە سەرچاوەی گرتووە**)).

ئەو بەڵگەیەی بەڕێز(دکتۆر سروش) پشتی بەستووە: (لەبەر ئەوەی پەروەردگار ناوی ((هادی))یە ئیتر دەبێت زۆرینەی خەڵکی جیهان هیدایەتیان وەرگرتبێت))، وەك ئەوە وایە کەسێك بانگەشە بکات بڵێت: ((لەبەرئەوەی پەروەردگار ((جمیل–جوان–))ە، ئەوا دەبێت زۆرینەی خەڵکی جیهان جوان و سەرنجڕاکێش بن! لەکاتێکدا لەجیهاندا کەسە جوان و ڕووخسارجوان و سەرنجڕاکێشەکان کەمینەن و، هەر لەبەرئەمەشە جوانی و سەرنجڕاکێشی گرنگی پەیدا کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم جۆرە بەڵگە هێنانەوانە خۆ دوورخستنەوەیە لە واقیعیەت، وە ئێمە ئەگەر بمانەوێت واقیعبین بین، پێویستە کە ئەم هەمووە گەندەڵی و وێرانکاری و ستەم و نادادگەریەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بەدی دەکرێت، بە نیشانەی گومڕابوونی زۆرینەی خەڵك دابنێین نەوەك (هیدایەت) وەرگرتنیان! چونکە وەحی پەروەردگاریش ئەم دادوەری کردنەی پشت ڕاستکردووەتەوە و دەفورمووێت:

﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ﴿١١٦﴾﴾ **(الأنعام: ١١٦)**.

واتە: ((ئەگەر گوێڕایەڵی زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی بکەیت ئەوا لەڕێی خودا دوورت دەخەنەوە و گومڕات دەکەن، ئەوانە جگە لە شوێنکەوتنی گومان هیچی تر جێبەجێ ناکەن)).

بەڵێ، ناوی (هادی) پەروەردگار ڕووخساری تری هەیە و سەرەڕای ئەمەش لەجیهانی سروشتدا (لە جیهانی بێگیان و ڕووەك و گیانداران)دا دەردەکەوێت، لەجیهانی مرۆییشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەزاران (پێغەمبەر و پیاو چاك و بەندەی گوێڕایەڵی پەروەردگار) بە درێژایی مێژوو هیدایەتیان وەرگرتووە، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە لە قۆناغی سنوورداری دنیادا یەکجارەکی(مطلق) و بەزۆر نییە و پەیوەستە بەویستی مرۆڤەوە، وە بەپێی ئەمە جێی سەرسووڕمانە کە بەڕێز (دکتۆر سروش) وتویەتی:

**((ئەمە ڕاست نییە کە بڵێین خەڵکی سەرپشکن و ئەگەر گومڕا بوون خۆیان کەمتەرخەمن، بە هیچ جۆرێك بەم شێوەیە نییە))!**

ئەگەر خەڵکی سەرپشك و کەمتەرخەم نین، باشە بۆچی بەڕێز (دکتۆر سروش) ((زۆرینەی خەڵك))ی بە ڕزگار بوو و هیدایەت وەرگرتوو حساب کردووە نەوەك ((هەموو خەڵك))؟ چ کەم و کوڕییەك لەکەمینەی خەڵکیدا هەبووە کە پەروەردگار ڕێگری کردووە لە هیدایەتوەرگرتنی ئەو کەمینەیە؟ یان ئەگەر بڕیارە ڕەنگدانەوەی هیدایەتی پەروەردگار لەم دنیادا یەکجارەکی و گشتگیری بێت، ئەی بۆچی کەمینەیەك لێی بێبەشن؟!

بەڕێز (دکتۆر سروش) ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە زۆرێك لە خەڵکی جیهان (لە بودایی و یەهودی و مەسیحی و ....هتد) بەرەو گومڕایی دەڕۆن، بەڵام خۆی دانی پیاداناوە:

**((زۆرینەی دینداران کە ئەگەر دینداری ناوەند بن، ئەوا دڵنیاییەکەیان گرفتی تێدایە، واتە گرفتە (پەروەردەیی و خێزانی و سۆزداری و بانگەوازی و... هتد) بووەتە مایەی ئەوەی ئەو بارە دەروونییە تایبەتەیان بۆ دروست ببێت کە پێی دەڵێین (جزم) )).**

كەواتە بەقسەی ئەمان بێت زۆرینەی دیندارانی دنیا، لە ڕێی بەڵگە و گەڕان بە دوای حەقیقەتدا دیندار نەبوون و، بە پێی قورئانی پیرۆز کاریان نەکردووە کە دەفەرموێت:

﴿وَٱلَّذِينَ جَـٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ﴾ (العنكبوت: ٦٩).

واتە: (( ئەوانەی کە تێکۆشاون بۆمان، هیدایەتیان دەدەین بۆ رسەر ڕێگەکانمان )).

لەم کاتەشدا چ ڕێگرێك هەیە گەر ئێمە بانگەشە بکەین کە ئەوانە بە هیدایەتی حەقیقی نەگەیشتوون؟ باشە مەگەر پێویستی سەرەکی هیدایەتی ڕاستەقینە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و دروست ناسینی ڕێگاکە نییە؟ وە لەلایەکی ترەوە خۆ پەروەردە و ئاکارە خێزانییەکان یان بانگەوازییەکان هەمیشە نامانگەیەنێت بە ناسینی دروست و لەوانەیە هەڵە و لێتێکچونیشیان تێدابێت؟

هەڵبەتە بەڕێز (دکتۆر سروش) بۆچوونی کەسانێك کە لەم جۆرە ڕێگایانەوە ڕوویان هێناوە بەرەو دینداری، بە بۆچوونێك دادەنێت کە لەلای کۆمەڵگە یاخود (شەقام) پەسەندکراو(قبوڵکراو)ە و دەڵێت:

((**هەمان ئەو دڵنیابوونە(یقین)ە گرفتدارە بێبەڵگەیە کە لەڕاستیدا دڵنیایی(یەقین)یش نییە، لەلای یاسادانەر(شارع)ەکە پەسەندە و هەرئەوەش لە دینداران وەردەگرێت**)).

ئەم قسیە ماناکەی ئەمەیە کە (( ئەو دیندارانەی کە باسکران لە سەرەوە هەچەندە بە بەرچاوڕوونی و دڵنیایی دروست نەگەیشتوون تا بگەن بە یەقینی واقیعی ، بەڵام پەروەردگار لەو لایەنەوە کە زەحمەتیان کێشاوە لێیان قبوڵ دەکات)). ئێستا کە بەم جۆرەیە، باشە بۆچی بەڕێز (دکتۆر سروش) دژایەتی کەسانێك دەکات کە بڕوایان وایە کە: دەبێت حسابی (بە حەق گەیشتووان–حقانیة–) و (بەخشراوان–معذورية–) لێك جیابکرێتەوە، پێدەچێت کەسانێك بە حەق نەگەیشتبن، بەڵام خودا بیان بەخشێت. بەڕێز(د.سروش) لە دژایەتی ئەم دەستەیەدا دەڵێت:

((**ئەو بەڕێزانەی کە لێرەدا باسی (بەخشراوی–معذورية–) دەکەن، هەڵە دەکەن**)).

ئایا باسەکەی خۆیشت بەڕێز (د.سروش) هەمان ئەم ئەنجامەی نابێت؟ بەڕێز (سروش) دەربارەی ڕاستییەتی پلۆڕالیزمی ئاینی، دەستی بردووە بۆ ئەم جۆرە قسانە و دەڵێت:

((**موسوڵمانان مەسیحیگەری پێش ئیسلامیان (لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا) بە حەق داناوە، چونکە بەربەستی سەردەم(قید الزمان) دەخەنە ناو حەقیقەتبوونەکەیەوە**)).

پاشان بەڕێز (دکتۆر سروش) ئەمەش زیاد دەکات و دەڵێت:

**((بەڵام پێدەچێت بیر لە دە بەربەستی تریش بکەینەوە و بیانهێنینە ناوەوە، لەبەر ئەمە پلۆڕالیزم لە دنیای ئاینەکاندا بە شێوەیەکی سروشتی چیٚ دەبێت))!**

بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە:

یەکەم: مەسیحیەتی ئێستا کە بانگەواز بۆ خودایەتی (عیسا‌عليه السلام) دەکات (وە لەپلۆڕالیزمدا خراوەتە ڕوو) بەبیٚ هیچ ڕێگرییەکی سەردەمەکان (نە لەپێش سەدەی حەوتەم و نە لەدوای ئەوەش) جێی قبوڵی موسوڵمانان نەبووە و نییە و ئاینی مەسیحیەتی قورئانی لەگەڵ ئەو مەسیحیەتەی ئەمڕۆ کلێسای کاسۆلیك یان پرۆتستانت و ... هتد دەیخاتەڕوو، دژیەکی و پێچەوانەی بنچینەیی هەیە.

دووەم: بەربەستی سەردەمەکان ئێمە دامان نەناوە بۆ مەسیحیەت، تا مۆڵەتی ئەوەشمان هەبێت بەربەستی تری بۆ زیادبکەین. سنووردارێتی سەردەمی لە ئایینی (مەسیح‌عليه السلام)دا هەر لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە لە (كتاب مقدس)دا موژدەی هاتنی (پێغەمبەری ئیسلام‌صلى الله عليه وسلم) دراوە( سەیری ئەشعیائی پێغەمبەر بابی ٤٢ و ئینجیلی یۆحەننا بابی یەکەم بکەن)، وە هەروەها لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێدراوە کە دەفەرموێت:

﴿يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ﴾ **(الأعراف:** ١٥٧).

واتە: ((باسی ئەو پێغەمبەرە لە تەورات و لە ئینجیلدا لە لای خۆیان بە نووسراوی دەبیینن)).

وە ڕوونە کە بە دەرکەوتنی (پێغەمبەری کۆتایی‌صلى الله عليه وسلم) ئەهلی کتاب لەسەریان پێویست بووە و پێویستە کە بڕوا بەو بەڕێز و خۆشەویستە بهێنن کە بەڵێنیان پێدرابوو و پەیڕەویشی لێبکەن. وە ئاینی خودا نەدراوە بەدەستی من و هاوشێوەکانی وەکو منەوە تا بەئارەزووی خۆمان هەر هەڵسوکەوتێك کە بە دڵمانە تیایدا ئەنجامی بدەین.

کە لەم بابەتە تێدەپەڕین، دەگەین بە بابەتی ((تێگەیشتن لە دەق)). بەڕێز (دکتۆر سروش) بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە دەستگەیشتن بە حەقیقەتی ئاینەکان دژوارە، لە ((تێگەیشتنی دەقەکان)) ئاینێکی دروستکردووە و دەڵێت: **((دەق(متن)، لە حەقیقەت و خودی خۆیدا کارێکی لێڵ و ناڕوونە و چەندین مانا هەڵدەگرێت، بۆ نمونە سەرنجی ئەم ئایەتە بدەن:**

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٞ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ١٠٢﴾ **(البقرة:١٦٢)**.

**خوالێخۆش بوو (عەللامە طباطبائى) لە ژێر ئەم ئایەتەدا نووسیویەتی کە بۆ ئەم ئایەتە یەك ملیۆن و دوو سەد و شەست هەزار مانا بوونی هەیە، کەواتە ئێمە لە مەقامی تێگەیشتن یان ئیسباتدا لەبەرامبەر فرەماناییداین))!**

شێوازی بەڕێز (دکتۆر سروش) لێرەدا شێوازێکی زانستییانە نییە، چونکە بەڕێزیان لە بابەتێکی (جزئى) حوکمێکی گشتی(کلى)یان دەرکردووە. گریمان کە ئەو ئایەتەی سەرەوە مانای زۆری هەبێت، بەڵام ئایا هەموو ئایەتێکی قورئان ئاوا یەك ملیۆن مانای هەیە و ئیتر ئایەتی ڕاشکاو و ڕوونمان نییە لەقورئاندا؟ ئایا بەڕێز (طباطبائى) لە ژێر هەر ئایەتێکدا هەمان حوکمی دەرکردووە یان تەنها دەربارەی ئەم ئایەتە وای وتووە؟

یەکەم: بەڕێز (طباطبائى) لە ژێر ئەم ئایەتەدا نووسیویەتی: ((لا یکاد یوجد نظیره في آیة من آیات القرآن المجید)) واتە: (( وێنەی ئەم ئایەتە لەهیچ یەکێك لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا نابینرێت))!

دووەم: (عەلامە طباطبائى) بەسەرنجڕاگرتن لە قەرینەکانی ناو ئەم ئایەتە، تەنها یەك مانای لە نێوان ئەو مانایانەدا هەڵبژاردووە. واتە هەرچەندە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەبێ گوێدان بە قەرینەکان و سیاقەکەی مانای زۆر هەڵبگرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی قەرینەکان هەر یەك مانا زیاتری نییە. بەتایبەتی کە بەڕێز (طباطبائى) لە پێشەکی ( تفسیر المیزان)دا نووسیویەتی: ((**و لیس بین الآیات القرآن ( و هي بضع**

**آلاف آية ) آية واحدة ذات إغلاق الكلام و من شرط الفصاحة خلوّ الكلام من الإغلاق و التعقيد))**[1]

واتە: ((**لەنێوان ئایەتکانی قورئانی پیرۆزدا کە زیاتر لە چەند هەزارێکە، تەنانەت یەك ئایەت بوونی نییە کە لەخودی خۆیدا ناڕوونی و لێڵی و پێچ و پەنای تێدا بێت بەشێوەیەك کە زیهن لەتێگەیشتنی ماناکەیدا سەرسام و دەستەدامان ببێت، بۆچی بەم شێوەیە نەبێت لەکاتێکدا کە قورئان ڕەوانبێژترین وتەیە و لە مەرجەکانی خۆیەتی کە قسە دەبێت بێ پێچ و پەناو بێ لێڵی بێت**))!

با واز لەبۆچوونەکەی بەڕێز (دکتۆر سروش) بهێنین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز، ئەوە تێبینی دەکەین کە قورئانی پیرۆز بەڕاشکاوی، دەقەکانی ناو خۆی بە ئاسان و شایانی تێگەیشتن دادەنێت و لە(سورەتی القمر)دا، چوارجار دووبارەی دەکاتەوە:

﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٢٢﴾ ﴾ (القمر: ١٥ و ٢٢ و ٣٢ و ٤٠ )

واتە: (( ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگیرێت، دەی ئایا هیچ پەندوەرگرێك هەیە ؟)).

لەبەرئەوە پێویستە کە (اجتهاد) لەبەرامبەر دەقەوە نەکەین. بەڵێ، لە (پێغەمبەرﷺ)ەوە گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: (( من قال في القرآن برأيه فليتبوأ مقعده من النّار ))[2]. واتە: ((هەرکەسێك دەربارەی قورئان بە بۆچوونی خۆی قسە بکات، با جێگایەك بۆخۆی ئامادەبکات لە ئاگردا)). بەڵام ئەگەر تێگەیشتن لە دەق (بەو جۆرەی کە بەڕێز سروش بانگەشەی بۆ دەکات) ئاسان نەبوو یان بەبێ هێنانی بۆچوونی کەسێك ئاسان نەبوو (کە لەدەرەوەی قورئانەوە بەدەستهێنرابێت)، ئەوا لەم کاتەدا (پێغەمبەرﷺ) تەفسیر بە بۆچوون (تفسیر بالرأي) قەدەغەناکات، چونکە بەبێ پشتبەستن بە بۆچوونی کەسێکی تر لەڕاستیدا گونجاو نییە کەسێك بۆچوونی خۆی سەربەخۆ دەرببڕێت. وە خۆی تەفسیری لە

---

[1] تفسیر المیزان، بەرگی١،لا٧، چاپی تاران.

[2] أخرجه النسائي في (( فضائل القرآن )) ( ١٠٩/ ١١٠ ) ، والترمذي (٢٩٥١) ، وأحمد في (( المسند )) ( ٢٠٦٩ ، ٢٤٢٩ ، ٢٩٧٦ ، ٣٠٢٥ ) ، والطبري في (( تفسيره )) ( ٧٣/ ٧٤/ ٧٥/ ٧٦/ ٧٧ )) ، والطحاوي في (( المشكل )) ( ١/ ١٦٧– ١٦ ، والطبراني في (( الكبير )) ( ج ١١/ رقم ١٢٣٩٢) وابن الأنباري في (( المصاحف )) ، والبيهقى في ((الشعب )) ، والخطيب في (( الفقه والمتفقه )) ( ١/ ٥٧) ، والبغوي في (( شرح السنة )) ( ٢٥٧/١ ، ٢٥ وفي (( تفسيره )) ( ٣٤/١– ٣٥) من طرق عبد الأعلى بن عامر الثعلبي ، عن سعيد بن جبير ، عن ابن عباس مرفوعاً.

بنچینەدا ئایەت بە ئایەتە، تەفسیرکردن بە بۆچوون وەك ئەوە وایە بیروبۆچوونی کەسەکە تەحمیل بکرێتە سەر قورئان، زۆر بەداخەوە وەك ئەوکارەی بەڕێز (د. سروش) لەبارەی قسەکانی (علاّمة طباطبائی)ەوە کردوویەتی! وە ئەم بابەتە پەیوەندی هەیە بەو بیروبۆچوونەی بەڕێز (د. سروش)ەوە کە هەیەتی لەبارەی (وەحی پێغەمبەرﷺ – وحي النبوي–)ەوە کە بە تەجروبەیەکی کەسی(تجربة الشخصية)ی دەزانێت، بەیارمەتی پەروەردگار لە نووسینێکی جیادا بە ڕەخنەی ئەویشدا ڕادەگەین.

مصطفی حسینی طباطبائي

٦ ذي الحجة ١٤١٨ك(١٩٩٧زاینی)

١٥ فروردین/١٣٧٧ هـ. ش.

# وەحی چی یە؟

وەحی لە فەرهەنگی مرۆییدا پایەیەکی بەرز و بەڕێز و سەرنجڕاکێشی هەیە، وە ئەو ڕژێمانەی کە پابەندی وەحی بوون بەدرێژایی مێژوو زۆرکاریگەر بوون. لەگەڵ ئەمەشدا چییەتی (ماهیەتی) وەحی بۆ زۆرێك لەتاکەکانی مرۆڤ ڕوون نییە و بەکارێکی نامۆ و ڕازئامێز دێتە بەرچاویان، چونکە وەحی دیاردەیەکە بەدەر لەهەستی مرۆڤ و هەمووان ناتوانن تاقیبکەنەوە و پێی بگەن، گەرچی بەگشتی وەحی بە ((ڕێڕەوێك بۆ پەیامی خودا)) و ((دەرچەیەك بۆ عالەمی غەیب)) دادەنێن.

## وەحی لە زمانەوانیدا

وشەی (وەحی) بەپێی شێوازی زمانەوانی چاوگە(مصدر)ە و زمانزانانی عەرەب بە(ئاماژەیەکی زۆر خێرا) مانای دەکەن، هەروەك (راغب الأصفهاني) لە کتێبی (مفردات)ەکەیدا نووسیویەتی: ((أصلُ الوَحيِ الإشارةُ السَّرِيعَة))[١]، وە لەقورئانی پیرۆزیشدا بەم مانایە هاتووە لەو شوێنەدا کە دەفەرموێت: ((زەکەریای پێغەمبەر –علیه السلام– کاتێك توانای قسەکردنی بەشێوەیەکی کاتی لەدەستدا، لەڕێی (وەحی)ەوە واتە (ئاماژە) قسەی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیدا دەکرد، قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە دەفەرموێت:

﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ١١﴾ (مريم: ١١).

واتە: (( زەکەریا لە میحرابی پەرستگاکە هاتەدەرەوە بۆلای گەلەکەی و وەحی (ئاماژە)ی بۆ کردن کە بەیانیان و ئێواران پەرستشی خودا بکەن)).

[١] المفردات في غريب القرآن ، راغب الأصفهاني.

## وەحی لە دابونەریتـ(عرف)ـی ئایینیدا:

وەحی جگە لە مانا زمانەوانیەکەی لەعورفی ئایینیدا بریتییە لە گەیشتنی وتەی پەروەردگار بەیەکێك لە هەڵبژێردراوەکانی بەبێئەوەی کە ئەو هەڵبژێردراوە لەم بارەیەوە ویست(اختیار)ی هەبێت. وتە پیرۆزەکانی وەحی بەگشتی چەند قەرینەیەکیان تێدایە کە ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرچاوەی ئەم قسانە مێشك و زیهنی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەدەرەوەی وجودی مرۆڤەوە ئەم وتە وەحییانییەی پێگەیشتووە.

یەکێك لەقەرینەکان بریتییە لەپێشبینییەکان بۆ داهاتوو کە بەبێ جیاکاری(استثناء) هەموویان ڕوودەدەن. بۆنمونە پێغەمبەری ئیسلامﷺ نزیکەی ٦٠٠ ساڵ بەرلەوەی کە (مەغۆلەکان) هێرش بهێنن بۆ نیشتمانی ئیسلامی، هەواڵیدا لەبارەی هێرشەکەیانەوە، ئەویش بەیارمەتی وەحی خودایی و ئەم پێشبینیەش دەتوانیت لەو کتێبانەدا ببینیت کە چەندین ساڵ بەرلە هێرشی مەغۆلەکان نووسراوە[١]. سەرکەوتنی (ڕۆمەکان) بەسەر (فارسەکان)دا کە لەقورئانی پیرۆزدا لە (سورەتی ڕۆم ئایەتی ٢ تا ٦) بەڕوونی هاتووە. نمونەی تر لەبارەی ئەم پێشبینیە وەحییانەوە (ابو حامد غزالی) لە کتێبەکەیدا (احیاء علوم الدین) پێڕستێکی بۆ پێشبینیەکانی پێغەمبەرﷺ داناوە و دەنووسێت:

((پێغەمبەرﷺ زۆر بەئاگابوو سەبارەت بە کارە نەزانراوەکان و وەك ئەوەی کە فەرمووی: (( (عماری کوڕی یاسررضي الله عنه)کۆمەڵێکی ستەمکار دەیکوژن))، وە (عماری کوڕی یاسررضي الله عنه بۆ بەرگریکردن لە عەلیرضي الله عنه لەجەنگی (صفین)دا بەژداری کرد و بەدەستی سوپای (معاویەرضي الله عنه) شەهید بوو) ... وە دیسانەوە هەواڵی کوژرانی (أسود العنسی) (خۆ بەپێغەمبەرکەرە درۆزنەکە)یدا لەشەوی کوژرانیدا لە کاتێکدا کە (أسود) لە (صنعاء)ی (یەمەن) بوو ... وە بە (فاطمة)ی کچی (خوای لێ ڕازیبێت) فەرموو: (ئەو یەکەمین کەسی بنەماڵەکەیەتی کە لەپاش ئەو دەمرێت و پێی دەگات) وە هەر بەو شێوەیەش بوو[٢].

دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو ئەم هەواڵدانانە لەڕێگەی وەحییەوە بە پێغەمبەرﷺ گەیشتووە و بەر لەهاتنی وەحی بۆی پێغەمبەرﷺ لەوانە بێئاگا بوو، هەر وەك لەقورئاندا هاتووە:

﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَـٰذَا ۖ ...﴾ (هود: ٤٩).

---

[١] صحیح بخاری، جزء ٤، ص ٥٢.

[٢] احیا علوم الدین، ج ٢، ص ٣٨٥.

واتە: ((ئەمانە لە هەواڵەکانی غەیبن کە بۆتی وەحی دەکەین، تۆ و هۆزەکەشت بەرلەمە ئەمانەتان نەدەزانی ...)).

## وەحی و دەروونناسی:

هەرچەندە لەزانستی (پاراسایکۆلۆژی)دا سەبارەت بە (ڕۆشنبینی) و (نیازخوێندنەوە) و هاوشێوەی ئەم کارانە باسیان لێوەدەکرێت و ئەسڵەکانیان لەسەر پەسەندیی ئەم بابەتانە جێگیرکردووە، بەڵام لە(دەروونناسی ئەزموونی) و (دەروون شیکاری)دا سەرنج و لێکۆڵینەوە لەم جۆرە بابەت و لێکۆڵینەوانەوە پەسەند ناکەن و یەکەمین شتانێك کە قسەوباس لەبارەیەوە ناکرێت وەحیە و لەم ڕووەوە دەتوانرێت بوترێت کە بەلای (دەرووونناسی)ەوە، بابەتی وەحی کارێکی نەناسراو و نازانستییە. لەم ڕوانگەیەوە دەروونناسێکی ئەزموونی دەتوانێت بپرسێت: پێغەمبەران لە چ ڕێگایەکەوە گەیشتوون بەو زانیارییانە، لەکاتێکدا لەمرۆڤدا جگە لە ڕێگای هەستەکان و بیرکردنەوەوە، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ گەیشتن بە زانیاری و بەدەستهێنانی؟! لەوەڵامدا پێویستە بوترێت: هەر کاتێك دەروونناسان توانییان بابەتی (خەوی ڕاستگۆیانە)(رؤيا الصادقة) شیکاربکەن و لێکیبدەنەوە و سەرچاوەکەی نیشانبدەن ، کە هەزاران جار لەلای تاکەکانی مرۆڤ ڕوویداوە و ئەزموون کراوە (کە دەروون شیکارە بەناوبانگەکانی وەك پرۆفیسۆر یۆنگ و هاوشێوەکانی ئەم بابەتەیان پەسەند کردووە)، ئەوا لەم کاتەدا دەتوانن وەحی پێغەمبەران و ڕێگای بەدەستهێنانی زانیاری پێغەمبەران بناسن، چونکە خەوە ڕاستگۆیانەکان بەشێکی زۆر کەمە لە بەشەکانی پێغەمبەرێتی، هەروەك چۆن پێغەمبەری ئیسلامﷺ فەرموویەتی:

((الرُّؤيا الصالِحَةُ بُشرى مِنَ اللهِ وَ هِيَ مِنْ أَجزاءِ النُّبوَّةِ[١])).

واتە: ((واتە خەوی ڕاستگۆیانە موژدەیەکە لەلایەن پەروەردگارەوە و بەشێکە لە چەند بەشێکی پێغەمبەرایەتی)).

ئەم جۆرە خەونانە دەرچەیەکیان بۆ جیهانی غەیب هەیە و ئەوە نیشان دەدەن کە مرۆڤ لە بارودۆخی تایبەتدا دەتوانێت نزیك ببێتەوە لەو ڕەهەندانەی کە لەسەرەوەی کات و شوێندان و پێشبینی ئەو

---

[١] الدر المنثور، اثر سيوطي، ج ٣، ص ٣١٢.

**ڕووداوانە بکات کە لەجیهانی بەرجەستە و هەستپێکراودا ڕوودەدەن. پێغەمبەران هەرکاتێك کە خودا بیویستایە ئاگاداری دەکردنەوە لەو جیهانە نهێنی ئامێزە و پەیوەندییان پێوەدەکرد و بەبێ ئەوەی کە پێویستیان بە قوتابخانە و مامۆستا ببێت وانەیان لە بەدیهێنەری جیهان وەردەگرت، هەر بەو جۆرەی کە لەقورئانی پیرۆزدا دەربارەی پێغەمبەری ئیسلامﷺ هاتووە:**

﴿وَمَا كُنتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَـٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ... ﴾ (العنكبوت: ٤٨).

**واتە: (( تۆ بەر لەوەی وەحی قورئانیت بۆ بێت، نە دەتتوانی کتێب بخوێنیتەوە و نە بەدەستی خۆشت دەتنووسی ... )).**

**باشە مەگەر لە بنچینەدا بڕیار وایە کە هەموو جۆرە زانیاریی و شارەزاییەك هەردەبێت لەڕێی هەستەکان و تەجروبەی ماددییەوە بەدەست بێت؟ ئەگەر بەم جۆرەیە، جێی خۆیەتی بپرسین کە (پێش ئاگایی) هەندێك لەگیانلەبەران لەکاتی نزیکبوونەوەی ترسناکیدا چۆن ڕوودەدات؟ ڕازی سەرسووڕهێنەری گەشتە دوور و درێژەکانی هەندێك لە ماسییەکان و گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی سەرەکییان چۆن لێکدەدرێتەوە و چارەسەر دەکرێت؟ زانیاری ئەم گیانلەبەرانە لەڕێی کام ئەزموون(تجروبة) یان هەستی دەرەکییەوە بەدەستهاتووە؟ کام هەستە هەنگی فێرکردووە بەبێ بوونی ڕاستەهێڵ و پرگاڵ وەك ئەندازیارێك خانەسازی بکات و هەنگوین بەرهەم بهێنێت؟ بە وتەی (مەولانا):**

| | |
|---|---|
| گیرم این وحی نبی گنجور نیست | هم کم از وحی دل زنبور نیست! |
| او به نور وحی حق عزّ و جل | کرد عالم را پُر شمع و عسل |
| چون که (أوحى الرّب إلى النَّحل) آمده است | خانه وحیش پُر از حلوا شده است |
| اینکه (کَرَّمنا) است بالا می رود | وحیش از زنبور کی کمتر بُود؟ |

**(دەفتەری پێنجەمی مثنوی)**

واتە: ((وامان دانا ئەم وەحییەی پێغەمبەر گەنجینەدار نییە، وە خۆ کەمتریش نییە لە وەحی دڵی هەنگ! ئەو بە ڕووناکی وەحی خودای بەرزوبڵند، جیهانی پڕکرد لە ڕووناکی و هەنگوین، هەنگ لەبەرئەوەی ئەم ئایەتی (أوحى الرّب إلى النَّحل)ـەی بۆ هاتووە، ماڵەکەی پڕ لە شیرینی بووە، ئەمێك کە (**کَرَّمنا**)یە بەرزدەبێتەوە و کەی وەحییەکەی لە هەنگ کەمتر دەبێت؟)).

(مەولانا) ئەو بەیتانەی سەرەوەی لە قورئانەوە ئیقتیباس کردووە کە باس لە (وحي التکویني) یان زانستی غەریزی هەنگ دەکات کە قورئان دەفەرموویّت:

﴿وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ٦٨ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسۡلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلٗاۚ يَخۡرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٦٩﴾ (النحل: ٦٨ – ٦٩).

واتە: (( پەروەردگارت وەحی نارد بۆ هەنگ کە لەچیاکاندا لانە بۆخۆت بسازێنە و لەناو دارودرەختەکان و ئەو شوێنانەشدا کە بۆتی دەسازێنن، پاشان لە هەموو بەروبوومێك بمژە و دواتر ئەو ڕێگایانەی پەروەردگارت بەملکەچی بگرەبەر، لەسکی ئەم هەنگانەوە خواردنەوەیەك دێتەدەر کە ڕەنگی جیاوازی هەیە و شیفا و چارەسەری تێدایە بۆ خەڵکی، بێگومان لەوەدا نیشانەی گەورە هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بیردەکەنەوە)).

## جۆرە جیاوازەکانی وەحی:

باشترین ڕێگا بۆ ئاگادار بوون لەچۆنیەتی وەحی، پرسیارکردن لە کەسێکە کە بانگەوازی ئەوە دەکات وەحی بۆهاتووە و لەلایەکی تریشەوە ڕاستگۆیی ئەو کەسە بە شایەتی چەندین شایەتیدەری جیاواز سەلمێنرابێت. نمونەی باڵای کەسێکی لەم شێوەیە، پێغەمبەری پایە بەرزی ئیسلامەﷺ، کە تەنانەت بەر لەوەی ببێت بەپێغەمبەر لەلای خەڵکی (مەککە) بە (محمد الأمین) ناوبانگی دەرکردبوو و هەمووان بڕوایان بەڕاستگۆیی و سپاردەپارێزی ئەو هەبوو. مێژوونووسان ئاماژەیان بەوەداوە کە لەڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا (حارث بن هشام) لە پێغەمبەرﷺی پرسی: (یا رسولَ الله کَیفَ یأتیكَ الوحيُ؟)، واتە: (ئەی نێردراوی خودا چۆن وەحیت بۆ دێت؟)، پێغەمبەرﷺ لە وەڵامدا فەرمووی:

(أَحياناً يَاْتِيني مِثْلَ صَلْصَلَةِ اللجَرَسِ و هُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيَفصِمُ عَنّي وَ قدْ وَعَيتُ ما قالَ، وَ اَحياناً يَتَمَثَّلُ لِيَ المَلَكُ رَجُلاً فَيُكَلِّمُني فَاَعِي ما يَقُولُ)[1].

واته: ((هەندێکجار وەحی لەڕێگەی دەنگێکەوە کە وەك لەرینەوەی زەنگ وایە پێم دەگات کە قورسترین شێوازی وەحییە و پاشان ئەو بارە لەسەرم نامێنێت و ئەو گفتوگۆیەی کە ڕوویداوە لەهزرمدا دەمێنێتەوە، وە هەندێکجاری تریش فریشتە بەشێوەی پیاوێك خۆی دەنوێنێت و قسەم لەگەڵ دەکات و ئەو قسانەی کە دەیانکات لەبەری دەکەم)).

پێویستە ئەوە بزانرێت ئەو وتە جوان و بەشکۆیانەی کە لە پێغەمبەرﷺـەوە گوێزراوەتەوە دوو شێوازە لە سێ شێوازەکەی وەحی کە لە ئایەتی ٥١ی سوورەتی (شوری)دا باسکراوە[2] و ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە بارودۆخی ڕۆحی پێغەمبەرﷺ کێشکردنێکی (جاذبیة)تێکی تایبەتی هەیە و ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەی لێوە دیارە، وە سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسە کینە لەدڵەکان ئەم بارودۆخە ڕۆحییە بەجۆرێك لە نەخۆشی! دەشوبهێنن، وە هەڵبەتە لە ویژدان و دادپەروەری دوورکەوتوونەتەوە، چونکە کەسی نەخۆش و خەیاڵاوی کە گرفتاری خەوبینین بە شەبەحەکانەوە بووە هەرگیز ناتوانێت وەك محمدﷺ شۆڕشێکی گەورە بێنێتەکایەوە و چەندین قوتابی بلیمەت و ناوازە پێبگەیەنێت و بۆ خەڵکی بتپەرست و نەفام ئاداب و ڕێوڕەسم و فەرهەنگێکی درەوشاوە و نوێ و پێشکەوتوو بهێنێت و، لەگەڵ بەرهەڵستکار و دوژمنە سەرسەختەکانیدا بجەنگێت و فەرماندەیی و پێشەوایەتی چەندین جەنگ بگرێتە ئەستۆ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و خەڵکی ڕزگاربکات و، کۆمەڵگا بەڕێوەببات و سیاسەتێکی دادپەروەرانە و ڕێوشوێنی درەخشان بگرێتەبەر و سەرۆکایەتی دین و دنیای خەڵکی بگرێتە ئەستۆ و لەهەمان کاتیشدا خێزان و بنەماڵەیەکی گەورە بەڕێوەببات و لەگەڵ ئەم هەمووە سەرقاڵییەدا فریای پەرستشەکانی شەو و ڕۆژ بکەوێت و لەکۆتاییشدا بۆ نەوەکانی داهاتوو کتێبێکی وەك قورئان لەپاش خۆی بەجێبهێڵێت، لەکاتێکدا کە نەش چووبێتە خوێندنگاوە و نەیشی خوێندبێت!

هەر لەم ڕووەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسە بەویژدانەکان، ئیدانەی ئەو جۆرە تیۆرە نەفامانە دەکەن، لەوانەش (پرۆفیسۆر توریێ ئاندریێ) لەکتێبەکەیدا بە ناوی (ناسینی کەسایەتی موحەممەد لەڕێی ڕێنماییەکانیەوە و

---

[1] طبقات ابن سعد، ج ١، ص ١٣٢.

[2] ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولاً فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴿٥١﴾﴾.

بیروباوەڕی شوێنکەوتووانیەوە) کە بە زمانی ئەڵمانی لە (ئۆسلۆ)ی پایتەختی (نەرویج) چاپکراوە، دەنووسێت:

**((وەحی موحەممەد لە ڕووی دەروونناسییەوە بە تەواوی پاك و پوخت بووە و، پێویستە ئەوە بزانین کە لە ساختەکاری و هەڵخەڵەتاندن بەدوور بووە، چونکە زۆر بەدژواری دەتوانین ئەوە پەسەند بکەین کە کەسێك بتوانێت بەبێ ئەوەی بەتوندی بکەوێتە ژێرکاریگەری پەیامەکەی خۆیەوە و پڕبێت لە دڵنیایی بەکارەکەی، بگاتە ئەم پلەیە لە بڕوابوون و دڵنیایی بەکارەکەی و بەو جۆرە بزوتنەوەیەکی سەر سووڕهێنەرانە لەناو شوێنکەوتووەکان و دوروبەریدا بەدیبهێنێت)).**

چۆنیەتی و پێکهاتەکانی وەحی موحەممەدی و ئەو زانیاری و زانستە بەرزوبڵند و ڕێك و پڕاوپڕانەی کە لە کیتاب و سوننەتی ئیسلامیدا هاتووە و، لاسایی نەکرانەوەی قورئان و هاوشێوە نەبوونی و، فراوانی یاسا ئیسلامییەکان بە بەرامبەر بەسەردەمی نەفامی عەرەب و نەخوێندەواری پێغەمبەرﷺ، ڕاستەقینەیی وەحی و پەیامەکەی ئەو دەسەلمێنێت.

خرداد ١٣٨٧

مصطفی حسینی طبطبایی

# وەحی قودسی

بەم دواییانە (د.عبدالکریم سروش) گفتتوگۆیەکی لەگەڵ (میشێل هۆبینگ) پەیامنێری ڕادیۆی (هۆڵندا)دا ئەنجامدا کە تیایدا شیکار و لێکدانەوەی بۆ (وەحی ئیسلامی) کردووە. (د.سروش) لەو گفتوگۆیەدا (وەحی نەبەوی) بە ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەزموونی شاعیران و عارفان دادەنێت، ئەو پێغەمبەری بەرزوبەڕێزی ئیسلامﷺ بە (خولقێنەری وەحی) دادەنێت و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانیش بە (وێنەدانەوەی زیهنی پێغەمبەر) دادەنێت و دەڵێت: ((**عارفەکانیش بەگشتی بڕوایان وایە کە تەجروبەکانیان لە ڕەگەزی(جنسی) تەجروبەکانی پێغەمبەرانە**)) و لەمەش توندتر دەڵێت: ((**قورئان بەرهەمێکی مرۆییە و زۆر بە بەهێزی شایانی ئەوەشە کە هەڵەی تێدابێت**))!

زۆربەی خوێنەران لەم وڵاتەی ئێمەدا (د.سروش) بە ئەهلی قەڵەم دەزانن و لەگەڵ بەرهەم و بیروبۆچوونەکانیدا بەرێژەی جیاواز ئاشناییان هەیە و ئاگایان لە گۆڕانکاریە ئەندێشەیی و مەزهەبییەکانی ئەو هەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا. زمان و پێنووسی (د.سروش) ئاڕاستەکەر و کەمەندکێشکەرە و مەنتقەکەیشی شیکاری و هزر ڕاچڵەکێنەرە. مێشکێکی بەهێز و زیهنێکی فراوانی هەیە. لەڕەخنەگرتن لەگوفتاری کەسێکی وەك ئەودا یەکەم شت نابێت ئەدەب تەرك بکرێت و پشتگوێ بخرێت، وە دووەم پێویستە بە مەنتقێکی بەهێز قسەبکەیت و، وەك هاوشێوەی دژەکانی دەمارگیری نەکەیت و غەوغا و دەنگەدەنگ نەنێیتەوە و قسەی زۆر باو و بێ ئاست بەکار نەهێنیت، بە وتەی (سەعدی):

**دلایل قوی باید و معنوی**      **نە رگ های گردن بە حجت قوی!**

واتە: ((بەڵگەکان دەبێت بەهێز و مەعنەوی بن، نەك دەمارەکانی لاملت کرژ و بەهێزبن لەجیاتی بەڵگە)).

بەبۆچوونی من، کێشەی بنچینەیی (د.سروش) لەبارەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلامﷺ لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو دەیەوێت وەحی پێغەمبەرﷺ لەڕێی ئەو ئەندێشە و بیرکردنەوە باو و بڵاوانەی سەدە ناوەڕاستەکانی ئیسلام (بە تایبەتی سەردەمی مەولانا) بناسێنێت و لێکیبداتەوە، هەروەك

چۆن خۆی لەگفتوگۆیەکی ئەم دواییانەیدا دەڵێت: ((**زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانی من ڕەگیان لەناو هزر و ئەندێشەکانی سەدە ناوەڕاستەکانی ئیسلامدا هەیە**))، لە کاتێکدا کە پێویستە پێغەمبەرﷺ لەڕێی سەدەی یەکەمی ئیسلامەوە بناسرێت، واتە دەبێت بزانێت کە لەسەردەمی هاتنی ئیسلام(صدر الاسلام)دا چی ڕوویداوە؟ و لەم بارەیەوە بۆ زیاتر شارەزابوون و ئاشنابوون پەنابرێتە بەر قورئانی پیرۆز و ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ، وە دیوانی شاعیران و عارفەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلام وازلێبهێنرێت. سەردەمی مەولانا و پێشینەکانی و شوێنکەوتەکانی سەردەمێك بووە کە تیایدا فەرهەنگی نائیسلامی هاتەناو ئەندێشەی موسوڵمانانەوە و فەلسەفەی (ئەفلاتونی نوێ) و بیروبۆچوونە (صۆفیەکان) مێشکی (جلال الدین محمد مولوی) و بەرلەویش مێشکی (شمس تبریزی) و (ابن العربی) و (صدرالدین قونوی) و هاوشێوەکانی ئەمانەی پڕکردبوو، وە ڕوون و ئاشکرایە کە بە بیرۆکەی ناپوختی ئەو سەدانە ناتوانرێت ئیسلامی جوان و پاك بناسرێت و بەو شێوەیەش کە شایانی پێغەمبەرە ناتوانرێت بناسرێت. گریمان کە بتوانین لەڕێی حاڵ و بیروبۆچوونی صۆفییەکانی ئەو سەردەمەوە ئیسلام بەدروستی بناسین و بیناسێنین، بەڵام بۆنمونە بە پشتبەستن بەچەند بەیتێك لەشیعرەکانی (مەولانا) چۆن دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە (مەولانا)ش سەبارەت بە(وەحی قورئانی) هەروەك (د.سروش) بیریکردووەتەوە؟!

لەکوێوە دەتوانرێت ئەم گریمانەیە بسەلمێنرێت کە (مەولانا)ش بڕوا و بیروبۆچوونی هەروەك (د.سروش) بووە؟! لەکاتیکدا کە (د.سروش) دەڵێت: ((پێغەمبەر، کاریگەرییەکی میحوەری هەبووە لە بەرهەم هێنانی قورئاندا)). لە کاتێکدا کە (مەولانا) لەڕێی نووسینەکانی ناو (فیهی ما فیهی – فیه ما فیه–)یەوە و هەروەها لەناو هەندێك لەشیعرەکانی (مثنوی)دا، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی هێناوە، بۆنمونە لە(فیه ما فیه)دا دەڵێت:

گرچه قرآن از لب پیغمبر است　　　　هر که گوید حق نگفته کافر است

واتە: ((گەرچی قورئان لە لێوی پێغەمبەرەوە دێتە دەرەوە، بەڵام هەرکەسێك بڵێت کە خودای حەق نەیفەرمووە، ئەوە ئەو ککەسە کافرە)).

دواتر (مەولانا) لەژێر ئەو بەیتەدا مەبەستی خۆی بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

((لەڕێگەکاندا کاروانسەرایان دروستکردووە و لەسەر ئەستێڵەکانیش پیاوی بەردین یان باڵندەی بەردین دانراوە کە لەدەمیانەوە ئاو دەڕژێتە ئەستێڵەکانەوە، هەموو ژیرەکان دەزانن کە ئەو ئاوە لەدەمی ئەو باڵندەیەوە نایەتەدەرەوە و لەشوێنێکی ترەوە دێت)).[1]

ئایا لەبارەی خاوەنی ئەم قسانەوە کە دەڵێی ئایەتی ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝٤﴾ (النجم:٣ – ٤) ڕاڤەدەکات، دەتوانرێت بوترێت بڕوای وابووە کە پێغەمبەری ئیسلامﷺ ((بەدیهێنەری وەحی) بووە؟ هەر بەوجۆرەی کە لەگفتوگۆکەی (د.سروش)دا بەدیدەکەین؟

من لەم نووسینەمدا بەشە گرنگەکەی گفتوگۆکەی[2] (د.سروش)م هێناوە و زۆر بەویژدانەوە ڕەخنەم لێگرتووە و ئومێدەوارم کە قسەکانم لەڕوانگەی ئەندێشەی (د.سروش)ەوە بەڕقاوی نەیەتە پێش چاوی و هەستی ئەو بیریارە بیرفراوانە خەمگین نەکات، وە ئەم ڕەخنەیەش کە دڵسۆزانە ئەنجاممداوە، هیوادارم بەپشتیوانی خوای گەورە کاریگەری هەبێت لە خزمەتکردن بە فەرهەنگی ئاینی ئیسلام.

و اللهُ الموفِّقُ لِلصوابِ و إِليه المآب

---

[1] (فيه ما فيه) لە نووسراوەکانی (جلال الدين محمد بلخی) خاوەنی (مثنوي)، ص٦٢ چاپی تاران.

[2] ئێمە گفتوگۆکەمان بە فارسی دەستکەوت، وە بۆ تەواو دڵنیابوونیش فارسیەکەیشمان لەگەڵ ئەسڵە ئینگلیزییەکەیدا بەراورد کردووەتەوە.(نووسەر)

# وەحی و شیعر

لەسەرەتای گفتوگۆکەدا، پەیامنێری ڕادیۆی هۆڵندا لە (د.سروش)ی پرسیوە:

((چۆن دەتوانرێت شتێکی هاوشێوەی (وەحی) لە دنیای مۆدێرن و پڕ لەنهێنی ئەم سەردەمەدا، بە شتێکی مانادار ببینرێت؟))

(د.سروش) بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە:

((**وەحی ئیلهامە، ئەمە هەمان ئەو تەجروبەیەیە کە شاعیران و عارفان هەیانە، هەرچەندە پێغەمبەران لەئاستێکی باڵاتردا تەجروبەی دەکەن. لەڕۆژگاری مۆدێرندا ئێمە بە ئیستیعارە کردن لەشیعر لە وەحی تێدەگەین، هەروەك چۆن یەکێك لە فەیلەسوفە موسوڵمانەکان وتوویەتی: ((وەحی باڵاترین پلەی شیعرە))**. شیعر ئامرازێکی مەعریفەیە کە ئەوەی لێیەوە بەدەستدێت جیاوازی هەیە لەگەڵ زانست و فەلسەفەدا. شاعیر هەست دەکات کە سەرچاوەیەکی دەرەکی ئیلهامی بۆ دەنێرێت و شتێکی بەدەستهێناوە، وە شاعیرێتی ڕێك وەك وەحی ئامادەیی و بەهرە و تواتایە.

شاعیر دەتوانێت ئاسۆی نوێ بەڕووی خەڵکیدا بکاتەوە، شاعیر دەتوانێت جیهان لە نیگارێك و تابلۆیەکی ترەوە بەخەڵکی نیشانبدات ... )).

✸ ✸ ✸

بەراوردکردنی وەحی بە شیعر بەڕاستی بەراوردکردنێکی زۆر لەیەکتر دوورە، چونکە شیعر ویستێکی ناخیانەی هەیە و لە ئارەزووی کەسەکەوە سەرهەڵدەدات و بەوتەی خودی (د.سروش)، شیعر زادەی (بەهرە)ی مرۆییە، بەڵام وەحی پێغەمبەران لە ڕوانگەی ئاینی و لەلای هەموو سەرگەورەی مەزهەبەکان، لەسەرچاوەیەکی دەرەکییەوە هەڵقوڵاوە و بەرهەمی ئارەزوو و بەهرەی مرۆیی نییە. هەر لەم ڕووەوە شاعیر ڕێگە بەخۆی دەدات کە لەشیعرەکەیدا بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات و بەویست و ئارەزووی

خۆی گۆڕانکاری تێدابکات. نەیارانی پێغەمبەری ئیسلامﷺ داوایان لێدەکرد کە هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان بگۆڕێت و بەڵێنیان پێدەدا کە ئەگەر وایان بۆ بکات ئەوا قورئان پەسەند دەکەن و ملکەچ دەبن بۆی! وەڵامی ئەمانە لەقورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە دراوەتەوە:

﴿ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴿١٥﴾ ﴾ (یونس: ١٥).

واتە: ((بڵێ من مافی ئەوەم نییە کە لەلای خۆمەوە گۆڕانکاری لە قورئاندا بکەم، جگە لەوەی کە بۆم دەنێردرێت بەوەحی پەیڕەوی لە هیچی تر ناکەم، من لە سزای ڕۆژێکی مەزن دەترسم کە ئەگەر سەرپێچی پەروەردگارم بە(گۆڕانکاری لەئایەتەکانی قورئاندا) بکەم)).

شیعر یارمەتی لە هێزی خەیاڵکردن وەردەگرێت و هەرچەندە لەشیعردا (وێنەی خەیاڵ) بەهێزتر بێت، شیعر لەڕەسەنایەتییەوە نزیکتر دەبێتەوە، بۆ نمونە کاتێك کە شاعیر دەڵێت:

بر سر هر موژەام شمعی نشسته از فراق روی دریا را عجب امشب چراغان کردەام!

واتە: ((لەسەر هەر برژانگێکم مۆمێك لە مەراقی دابڕاندا دانیشتووە، ئەم شەو زۆر سەرسووڕهێنەرانە ڕووی دەریا(دەریای فرمێسك)م کردووە بە چراخان)).

لێرەدا شیعر لەلوتکە نزیك دەبێتەوە. بۆچی؟ چونکە وێنەی خەیاڵ بەشێوازێکی زۆربەهێز تیایدا بەدیدەکرێت. ئەگەر بەتەواوەتی خەیاڵ لە شیعر دەربهێنین، ئەوا شیعر هەرەس دەهێنێت و بەلایەنی زۆرەوە ئەوپەڕی دەبێت بەکەلامێکی مەوزوون (ئەگەر کێشی هەبێت)، بەڵام وەحی پێغەمبەرﷺ لە هێزی خەیاڵی خۆیەوە سەرچاوە ناگرێت. وەحی ڕاستییەکانی جیهان دەخاتەڕوو و ڕوونیان دەکاتەوە و هەروەك چۆن لەقورئانی پیرۆزدا بەدیدەکەین، باس لە ناسینی پەروەردگار و نەهێشتنی شیرك و باس لە سیستەمی ئاسمانەکان و زەوی و تەکوینی بوونەوەران و بەخششەکانی پەروەردگار و ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی مرۆڤ و ژیانی دوایی و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێشین و هاوشێوەی ئەم شتانە دەکات، کە هیچیان پێویستیان بە خەیاڵی قوڵ و دوور و درێژ نییە.

سەرەڕای ئەوەش لەشیعردا توخمی زیادەڕەوی(مبالغه) نەخشێکی گەورەی لەئەستۆدایە بەجۆرێك کە وتوویانە: ((أَحسَنُ الأَشعارِ اَكذَبُها)) واتە: ((باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە درۆزنترینە!)) هەروەك ئەم بەیتەی (فیردەوسی) کە دەڵێت:

ز سُم ستوران در آن پهن داشت        زمین شش شد و آسمان گشت هشت!

واتە: ((بەهۆی سمی ئەسپەکانەوە دەرکەکەی پانبوویەوە و شەش زەوی و هەشت ئاسمانی لێوە پەیدابوو)).

یان وەك ئەم بەیتەی (سەعدی) کە دەڵێت:

لولا الدُّمُوعُ و فَیضُهُنَّ لأحرَقَتْ        أرضَ الوداعِ حرارةُ الأكبادِ

واتە: ((ئەگەر فرمێسکەکان و لێشاوەکانیان نەبووایە، ئەوا گەرمای جگەرەکان سەرزەمینی (وداع)ی دەسووتاند))!

وەحی پێغەمبەران و بەتایبەت وەحی قورئانی لەم زیادەڕەویانە کە بە جۆرێك لە درۆی زل دادەنرێت، دوورە و تەنها گرنگی بە ڕاستییەکانی جیهان و کاروباری واقیعی دەدات.

لەبنچینەدا ناتوانرێت شیعر لەهەموو بارودۆخێکدا بەکارێکی تەواو (جدی) دابنرێت و هەر لەم ڕووانگەیەوە زانایانی ئیسلام وتوویانە: ((ئەگەر شاعیرێك لەشیعرەکانیدا دانینا بە مەیخۆری و دڵداریکردنی خۆیدا، ئەوا ناتوانرێت (کوفری شەرعی) بەسەردا بسەپێنرێت. ڕووداوی (فەرەزدەق) شاعیری بەناوبانگی عەرەب لەگەڵ (سلیمان بن عبدالملك)ی (خەلیفەی هاوسەردەمیدا) بەناوبانگە، کە لەبەرئەوەی لەشیعرەکانیدا باسی ئاوێتەبوون و لەباوەشگرتنی دڵبەرانی دەکرد، (سلیمان) پێی وت:

قَدْ وَجَبَ عَلَيْكَ الحَدُّ (حەددی شەرعیت لەسەر واجب بووە!)

(فەرەزدەق) لە وەڵامدا وتی:

فَقَدْ دَرَأَ اللهُ عَنّي الحَدَّ بِقَولِهَ: ﴿وَ أَنَّهُمْ يَقولونَ مالا يَفْعَلون﴾!

واتە: ((پەروەردگار بەم وتەیەی حەددی لەسەر من هەڵگرتووە کە دەفەرمووێت: شاعیران شتانێك دەڵێن خۆیان کاریان پێ ناکەن!)).

بەڵام وتەکانی وەحی بەپێچەوانەی شیعرەوە قسانێکی تەواو جددین هەروەك چۆن لەقورئاندا هاتووە:

﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلٞ فَصۡلٞ ١٣ وَمَا هُوَ بِٱلۡهَزۡلِ ١٤﴾ (الطارق: ١٣-١٤).

واتە: ((ئەم قورئانە وتارەکەی قاتعانە و یەکلاییکەرەوەیە و گاڵتەی تێدا نییە)).

سەرەڕای ئەمانەش، ئەو قسەیەی (د.سروش) کە بەجۆرێك وەحی دەناسێنێت کە لەگەڵ شیعردا یەك ڕەگ و ڕیشەیان هەیە و دەڵێت: ((**شاعری رێك وەك وەحی بەهرەیە**))! بە (ئیجتیهاد لە بەرامبەر دەق)ەوە دادەنرێت، چونکە لەدەقی وەحی قورئانیدا هاتووە:

﴿وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ وَقُرۡءَانٞ مُّبِينٞ ٦٩﴾ (یس: ٦٩).

واتە: ((ئێمە پێغەمبەرمان فێری شیعر نەکردووە و ڕێیشی پێنەدراوە کە فێری ببێت، ئەوەی کە فێرمان کرد جگە لە یادخەرەوە و قورئانێکی ڕوونکەرەوە هیچی تر نەبوو)).

پێغەمبەریش ﷺ چەندین جار فەرموویەتی: ما أنا بشاعر[1]! ((من شاعیر نیم)).

شیعرناسەکانی عەرەب کە هاوسەردەمی پێغەمبەر ﷺ بوون، کاتێك دەچوون بۆلای پێغەمبەر ﷺ و قورئانیان لێوە دەبیست، دانیان بەوەدا دەنا ئەو شتەی کە ئەو دەیخوێنێتەوە جیاوازە لە شیعر هەروەك لە(سيرة إبن هشام)دا هاتووە، کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ بەشێك لە سوورەتی (فصّلت)ی بۆ (عُتبة بن رَبیعة) خوێندەوە، بارودۆخی گۆڕانکاری بەسەرداهات و بە قوڕەیشی وت:

((إنِّي قَدْ سَمِعْتُ قَولاً وَ اللهِ ما سَمِعتُ مِثْلَهُ قَطُّ، وَ اللهِ ما هُوَ بِالشِعرِ وَ لا بِالسِّحرِ و لا بِالكِهانَةِ))![2]

واتە: ((من گوێم لە قسەیەکەوە بوو سوێند بەخودا هەرگیز هاوشێوەی ئەوەم نەبیستووە، سوێند بەخودا نەشیعرە و نەسیحرە و نەقسەی کاهینەکانە))!

---

[1] عیبارەتەکەی (طبري) لە تەفسیرەکەیدا (جامع البيان، ج ٢٢ – ٢٥چاپی میسر، ص٢٧) بەم شێوەیەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) فەرمووی: ((إنّي وَ اللهِ ما أنا بِشاعِرٍ و لا يَنبَغي لي –سوێند بە خودا من شاعیر نیم و ڕێیشم پێنەدراوە–)).

[2] السيرة النبوية لإبن هشام، ج١،ص ٢٩٤ طبعة مصر ١٣٧٥هـ.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە پێغەمبەری ئیسلامﷺ چل ساڵ پێش ئەوەی پەیامی بۆبێت لەناو خەڵکی مەککەدا دەژیا و لەناو کۆمەڵگەیەکدا ژیانی دەبردەسەر کە شاعیران زۆر بەرێزبوون تیایدا و (معلّقات)ی شاعیرەکانی عەرەبیان بەدیواری کەعبەدا هەڵدەواسی، ئەگەر پێغەمبەرﷺ ئارەزووی شیعر وتنی هەبووایە، ئەوا بێگومان لەو بارودۆخە باش و خۆش و گونجاوەدا شیعرەکانی دەهۆنییەوە و دەبوو بەیەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی قورەیش، بەڵام ڕاوییەکانی شیعر و مێژوونووسانیش هیچکامێکیان تەنانەت یەك بەیت شیعریان لە پێغەمبەرﷺەوە نەگێراوەتەوە کە لەسەردەمی نەفامیدا هۆنیبێتیەوە، ئەگەر شتێکی لەم جۆرە ببووایە ئەوا موسوڵمانان شیعری پێغەمبەرەکەیان لەناو خۆیاندا دەوتەوە و شانازیان پێوە دەکرد، ئەگەر شتێکی لەو جۆرە هەبووایە ئەوا ئامڕاز و هۆکاری مانەوەیان زۆر بوو. شیعر کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و، تەنانەت وتارێك یان چەند وشەیەکی کورت لەبارەی دانایی و کاروباری ئاینی یان دنیاییەوە لەپێغەمبەرەوەﷺ نەگوێزراوەتەوە کە هی پێش بوون بەپێغەمبەربوون بێت. لەقورئانی پیرۆزیشدا ئەم کارە سەرسووڕهێنەرە (کە بەڕاستی بە نیشانەیەك لەنیشانەکانی پێغەمبەرێتی دادەنرێت) ئاماژەی پێدراوە، کە دەفەرموێت:

﴿قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ ۖ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾﴾ (یونس: ١٦).

واتە: ((بڵێ: ئەگەر پەروەردگارم بیویستایە ئەم قورئانەم بەسەردا نەدەخوێندنەوە، وە خودا ئاگاداری نەدەکردنەوە لێی، خۆ من تەمەنێکم لەناوتاندا بەسەربردووە و ژیاوم لەگەڵتاندا، ئایا مێشکتان ناخەنە کار؟!)).

نازانم (د.سروش) بەو هەموو زانیاری و شارەزاییەوە لە بەرامبەر ئەم ڕاستەقینانەدا چی دەڵێت و بۆچی بەڕێیەکی تردا دەڕوات؟!

* * *

# وەحی و موکاشەفەی عیرفانی!

لەناو وەڵامدانەوەی (د.سروش) بۆ یەکەم پرسیار، ئەوەمان بەدیکرد کە ئەو سەرەڕای شاعیران ئاماژەشی بە (عاریفان) کرد و لەگفتوگۆکەیدا وتی: ((**عاریفەکانیش بەگشتی بڕوایان وایە کە تەجروبەکانیان لە ڕەگەزی تەجروبەی پێغەمبەرانە**))!

لەبەرئەمە، شوێنی خۆیەتی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکەمان چەند هەنگاوێك بگوازینەوە بۆ ئەم لایەنە و بزانین لەم دۆڵ و شیوەدا چ دەستکەوتێکمان دەست دەکەوێت؟

بە شێوەیەکی کورت و پوخت پێویستە بزانین کە (موکاشەفەی عیرفانی) بارێکی ڕۆحی و دەروونییە کە لەپاش ئەنجامدانی چەندین ڕاهێنانی زۆر و بەردەوام لەلایەن (سالیکی تەریقەتەوە) ڕوودەدات. لەم پلەیەدا سالیك تێدەکۆشێت کە دژایەتی ئارەزووە نەفسییەکانی (مشتهيات النفسانية) بکات و بە تەواوی بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، واتە ڕێگای تێکۆشان(مجاهدة) دەگرێتەبەر. لەپاش بڕینی ئەم ڕێیە، سالیك لە (مراقبة)دا دادەنیشێت و زیهنی لەهەر جۆرە وابەستەبوون و ئەندێشەیەك بەتاڵ دەکاتەوە تا (واردات القلبي) یان زانیارییە ناوەکییەکانی خۆی بەچاوی ڕاستەقینە (عين اليقين) دەبینێت، کە ئەم پلەیەش پلەی (شهود)ە. بەبۆچوونی عاریفەکان سالیکی تەریقەت تەنها لەم ڕێگەیەوە (نەك لە ڕێگای زانستی و بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە) دەتوانێت پەردە لەسەر ڕوخساری ڕاستییەکان لابدات و ڕازە شاراوەکانی گەردوون هەڵبماڵێت. عاریفان دەڵێن: ((الكشفُ طورٌ وراءَ طورِ العقل))! وە لەم ڕوانگەیەوە گاڵتە بە هێزی مێشکی و بەڵگەکانی دەکەن، هەروەك (ابن عربی) لە نامەیەکدا کە بۆ فەیلەسوف و موفەسیری ناوداری ئەشعەری (فخرالدين الرازی) دەنووسێت:

(( ... و مِنَ المَحالِ على الواقِفِ بمرتبةِ العقلِ و الفكرِ أن يَسكُنَ أو يَستَريحَ و لا سِيّما في معرفةِ الله تعالى فمالَكَ يا أخي، تَبقى في هذهِ الوَرطةِ و لا تَدخُلُ طريقَ الرِّياضياتِ و المُكاشفاتِ و المُجاهداتِ و الخَلَوات ...؟)).[1]

---

[1] مەتنی ئەم نامەیە لە کەشکۆڵی شیخ بها ءالدين عاملی (چاپی تاران، ص ٣٥٤) و چەند سەرچاوەیەکی تردا هەیە.

واته: ((له كاره ئەستەمەكان ئەوەیە كە كەسێك لەپلەی ژیرێتی و بیركردنەوەدا دڵ و گیانی ئارام و ئاسوودە ببێت بەتایبەتی لەكاروباری ناسینی پەروەردگاردا، ئەی براكەم بۆچی لەم ڕێگە ترسناكەدا ماویتەتەوە و هەنگاو نانێیت بەرەو ڕیازیات و موكاشەفات و موجاهەدات و خەلوە؟)).

لێرەدا پرسیارێكی گرنگ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: گریمان ئێمە بۆ پاكبوونەوە لەتاوان دەستمان لە ژیربێژی و عەقڵكاری هەڵگرت و پشتمان لە بەڵگەویستەكان(استدلالیون) كرد و ڕێگەكەیانمان بەهەڵە دانا! و ڕوومانكردە (موكاشەفە)، بەڵام ئایا لەپلەی موكاشەفەدا هەڵە ئەنجام نادرێت و پێ لاردانانرێت؟! عاریفان خۆیان دانیان بەوەدا ناوە كە لەپلەی موكاشەفەدا چەندین هەڵە و پێ لاردانان دێتە پێشەوە و لەلایەكی تریشەوە موكاشەفە شتێكی كەسی و تایبەتییە و هەركەسە و پێی وایە كە موشاهەدەكەی ئەو ڕاستە و كەسەكەی تر كەوتووەتە هەڵەوە! وە جیاوازی و دژایەتی دەچێتە ئاستێكی باڵاوە و كێشەكەش چارەسەر نابێت. (عبدالرحمن بن خلدون) مێژوونووسی ناودار و كۆمەڵناسی بەناوبانگی ئیسلامی لە كتێبی (شِفاءُ السائل لتهذيبِ المسائل)دا دەنووسێت:

((إنّ قوماً من المتصوِّفَةِ المتأخِّرينَ عَنَوا بعلومِ المكاشفة و عَكَفُوا عَلى الكلامِ فيها و صَيَّروها من قبيلِ العلومِ الإصطلاحاتِ و سَلَكوا فيها تَعليماً خاصّاً و رَتَّبوا الموجوداتِ على ما انكَشَفَ لهم ترتيباً خاصّاً يَدَّعونَ فيها الوِجدانَ و المشاهَدَةَ و رُبَّما زَعَمَ! بعضُهُم في ذلك غيرَ ما زَعَمَهُ الآخرونَ فَتَعَدَّدَتِ المذاهِبُ و اختَلفَ النِّحَلُ و الأهواءُ و تَبايَنَتِ الطُرُقُ و المسالِكُ ...))![1]

واتە: ((كۆمەڵێك لە دوایینەكانی تەصەوف ڕوویان كردە زانستی كەشف و وتەكانیان تایبەتمەند كرد پێیەوە و ئەم زانستەیان خستە ڕیزی زانستەكانی ترەوە بەدەستەواژە و زاراوەی تایبەتەوە و شێوازێكی تایبەتیان گرتەبەر لەفێربوونیاندا و بوونەوەرانی جیهانیان بەو جۆرەی كە بۆیان كەشف بووبوو، ڕیزبەندییەكی تایبەتییان بۆ كردبوون و لەم بارەیەوە بانگەشەی زانستی ناخ و موشاهەداتی ڕۆحییان دەكرد، وە وردەوردە لەم زەمینەیەدا پێچەوانەی صۆفییەكانی تر دەوەستانەوە، لەئەنجامدا مەزاهیب و كۆمەڵەی جۆراوجۆر پەیدابوون و چەندین مەسالیك و تەریقەت بەتایبەتمەندێتی جاوازەوە سەریانهەڵدا ...))!

كەواتە ڕێگای عاریفانیش (بە بەڵگەی وتەدژیەك و پێچەوانەكانیان) بەدەر لەهەڵە و پارێزراو لە كەم و كوڕی نییە و تەنانەت لەسەرەكیترین بابەتی (الهيات)دا لەنێوانیاندا كێشمەكێشی سەخت بوونی هەیە بەو

[1] شفاء السائل لتهذيب المسائل،ص ٥٧، طبعة اسطانبول ١٩٥٧ م.

جۆرەی کە (علاءالدولة سمناني) عاریفی بەناوبانگی سەدەکانی حەوتەم و هەشتەم لە بابەتی (وحدت الوجود)دا بە توندی بەرامبەر (ابن عربی) ڕادەوستێت و بە هەڵیت و پەڵیت گۆیی! تاوانباری دەکات و لەوەڵامی (عبدالرزاق الکاشاني)دا کە لایەنگری سەرسەختی (ابن عربی)بوو، دەنووسێت:

(( ... ئازیزی من کاتی خۆیشی حاشییەم لەسەر کتێبی (فتوحات)[1] دەنووسی و گەیشتم بەم تەسبیحاتە کە دەڵێت: (سُبحانَ مَنْ أظهَر الأشياءَ و هوَ عَينُها) و نووسیم: (إنّ الله لا يستحيي عَنِ الحقِ، ايُّها الشيخُ لو سَمِعتَ مِن اَحدٍ أنَّهُ يَقولُ: فَضْلَةُ الشيخِ عينُ وجودِ الشيخِ لا تُسامِحُهُ إليه بَل تَّغْضِبُ عليه فَكَيفَ يَسوغُ بعاقِلٍ أن يَنْسِبَ إلى الله هذا الهذيان؟! ...)).[2]

واتە: ((کاتێك بینیم (ابن عربی) نووسیویەتی: (پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە شتەکانی ئاشکرا کردووە و، خۆیشی هەروەك –ڕەگەزی– ئەو شتانەیە)! لە حاشیەی کتێبەکەیدا نووسیم: خودا شەرم لە قسەی حەق ناکات، ئەی شێخ ئەگەر لە کەسێك ببیستیت کە بڵێت: پیسایییەکەی شێخ هەروەك وجودی شێخە، ئەوا ئەو کەسە نابەخشیت، بەڵکو بەرامبەری توڕە دەبیت، دەی چۆن بۆ خاوەن ژیرییەك ڕەوایە کە ئەم هەڵیت و پەڵیتانە بداتەپاڵ پەروەردگار؟!)).

جیاوازی هەندێك لە عاریفەکان لەگەڵ ئەوشتەدا کە (ابن عربی) لە(فص موسوي)دا لە کتێبی (فصوص الحِکَم)دا وتوویەتی کە: ((فیرعەون بە پاك و بێگەردی لە دنیادا ڕۆشت (فَقَبَضَهُ طاهِراً مُطَهَّراً[3]) )) یان ئەوەی کە لە(فص شعیبی)دا هێناویەتی کە دەڵێت: ((دڵی ئەو کەسەی عاریفە بە خودا لەڕەحمەتی خودا فراوانترە(قلب العارفِ باللهِ من رحمة اللهِ و هو أوسَعُ منها)[4]، ئەم جیاوازیی و پێچەوانەیی بوونە بەئەندازەیەکە کە عاریفی بەناوبانگ (نورالدین عبدالرحمن اسفراینی) کتێبی (فصوص)ی دڕاند![5] وە ئەو بەرگری و پاڵپشتی و پیاهەڵدانانەی کە هەندێك عاریفی وەك (سهل تستری و ابوالحسن نوری و حسین بن منصور حلاّج) لە (ابلیس)یان کرد[6]! وە هەموویان بانگەشەی (کەشفی شهود)یان دەکرد! وە دژایەتی

---

[1] مەبەست لە کتێبی (الفتوحات المكية)ی (ابن العربی)ە.

[2] بۆ بینینی ئەم نامەیە سەیری کتێبی (العروة لأهل الخلوة و الجلوة) نووسینی: علا ءالدولەی سمنانی،ص٤٢.

[3] فصوص الحكم با شرح قیصری،ص ٤٥١، چاپ سنگی تهران.

[4] فصوص الحكم با شرح قیصری،ص ٢٧٠، چاپ سنگی تهران.

[5] العروة لأهل الخلوة و الجلوة، ص٤٣ (نامەء علا ءالدوله به عبدالرزاق كاشانی).

[6] (تذكرة الأولياء) اثر (عطار نیشاپوری) با تصحیح (نیكلسن)، ١:٣٥٨ و ٢:١٤ و ١٥ نگاه كنید.

سەختی (جنید بغدادی) لەگەڵ (حلّاج)[1] و هاوشێوەکانی ئەمانەدا، هەموویان ئەوە نیشان دەدەن کە (موکاشەفاتی عاریفان) هەڵەپەزێرە و دژیەکە و جێگەی بڕوا پێکردن و پشت پێبەستن نییە و ناتوانرێت وەحی ئیلاهی لەگەڵ کەشفی صۆفیدا بە هاوڕەگ و ڕیشە دابنرێت.

سەرەڕای ئەوەش بەپێی وتەی عاریفەکان ئەگەر ئەهلی (کەشف و شهود) لە (خەڵوەت) بێنە دەرەوە و ڕووبکەنە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و تێکەڵ بەخەڵك ببن، ئەوا کاریگەری خەڵوەت نشینی بەشێوەیەکی وردەوردە لەسەریان نامێنێت و موکاشەفاتەکانیان دەوەستێت. لەکاتێکدا کە وەحی قورئانی ماوەی بیست و سێ ساڵ بەسەر دڵ و گیانی پێغەمبەرﷺدا دادەباری و لەگەڵیشیدا ئەو سەروەرە لەگەڵ هاتنی ئەو پەیامەدا بۆی شەو و ڕۆژ بەکاروباری خەڵکییەوە سەرقاڵبوو و لەگەڵ نەیارەکانیدا بەرەنگار دەبوویەوە و کاروباری خێزانی و بنەماڵەیی و هاوسەرەکانیشی جێبەجێ دەکرد و ڕادەپەڕاند، وە بارودۆخی ئەو لەگەڵ (صۆفییە خەڵوەت نشینەکان)دا لە زەمین هەتا ئاسمان جیاوازی هەبوو، لەبەرئەوە ناتوانرێت وەحی ئیلاهی بە موکاشەفاتی عیرفانی قیاس بکرێت.

بەڵێ، نهێنی جیاوازی ئەم دووانە لێرەدایە کە موکاشەفە بە تەجروبەیەکی مرۆیی دادەنرێت کە تیایدا مرۆڤێك بەشوێن خودادا دەڕوات تا حەقائیقی ئیلاهی کەشف و دەرك بکات، دەی مرۆڤیش بەردەوام ئامادەیە بۆئەوەی تووشی هەڵە و لێتێکچوون ببێت، وەك وتوویانە: ((الإنسان محلُّ السَّهوِ و النِّسيان))، بەڵام لەوەحی پەروەردگاریدا چاودێری خوداوەند بۆ مرۆڤایەتی دێت و دەرگای ناسینی خۆی بەڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە و ڕەزامەندی و سۆزی خۆی بۆ نیشان دەدات و (بينَهُما بونٌ و حجابٌ ضخيم)، بەڵێ:

میان ماه من تا ماه گردون　　　تفاوت از زمین تا آسمان است!

واتە: ((لەنێوان مانگی من تا مانگی گەردوون، جیاوازیەکە لە زەمینەوە تا ئاسمانە)).

لەم ڕووانگەیەوە خاوەن زانیاری و زانستەکان وتوویانە تا (کەشف) بەپێی کتێبی خودا هەڵنەسەنگێنرێت و بەکتێبی خودا پشتگیری لێ نەکرێت، ئەوا هیچ بایەخێکی نییە. (حارث المحاسبي)

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ (کشف المحجوب)ی (هجویری)، چاپی تاران،ص ١٩٠، کە دەربارەی (حلّاج) دەنووسێت: ((پەیوەندی کردەوە بە (جونەید)ەوە، بەڵام (جونەید) قبوڵی نەکرد))!

عاریفی بەناوبانگ نووسیویەتی: ((كلُّ أمرٍ لاحَ لَكَ ضَوْءُهُ بِمِنْهاجِ الحَقِّ، فاعرِضْهُ عَلَى الكتابِ و السُّنَّة)).[1]

واته: ((هەر كاروبارێك لەتەریقەتی حەقدا كە ڕووناكی خۆیی بۆ ئاشكرا كردیت، ئەوا بە كتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی هەڵیسەنگێنە)).

مەگەر ئەمە بەڵگەی (عیصمەتی وەحی) نییە؟ ئەمە مانای ئەوەیە كە وەحی لە سەرچاوەیەكی باڵاتر لە تەجروبەی مرۆیی ئاو دەخواتەوە. لەم بارەیەوە لەلاپەڕەكانی داهاتوودا ان شاء الله زیاتر دەدوێین.

✸ ✸ ✸

## وەحی و كاریگەری پێغەمبەر (ﷺ) تیایدا!

پەیامنێرە هۆڵندییەكە لەپاش یەكەمین پرسیار، پرسیارێكی تری هێنایە ناوەوە و پرسی:

((بە بۆچوونی تۆبێت، دەبێت قورئان بە بەرهەمی سەردەمی خۆی بزانین. ئایا ئەم وتەیە ئەمەش ناگەیەنێت كە خودی كەسایەتی پێغەمبەر كاریگەرییەكی كارا و تەنانەت دیاریكەری هەبووە لە بەرهەمهێنانی ئەم مەتنەدا؟)).

(د.سروش) بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكەی دایەوە:

**((بە پشتبەستن بە ڕیوایەتەكان، پێغەمبەر تەنها هۆكار بووە. ئەو ئەوپەیامەی كە لە ڕێگەی (جوبرەئیل)ەوە بۆی دەهاتە خوارەوە، دەیگواستەوە، بەڵام بە بۆچوونی من، پێغەمبەر كاریگەریەكی میحوەری هەبووە لە بەرهەم هێنانی قورئاندا ... )).**

✸ ✸ ✸

[1] رسالة المستر شدين، اثر ابو عبدالله حارث المحاسبي، چاپ دوم،ص ٨٢.

هەر لەسەرەتای قسەکانی پەیامنێرەکەوە تێدەگەین کە ئەو دەیزانی کە (د.سروش) قورئان بە بەرهەمێکی سەردەمی ڕابردوو دادەنێت و بە پشتبەستن بەمەش، پرسیارەکەی خۆی دەربارەی کاریگەری پێغەمبەر لە بەرهەمهێنان و پەیدابوونی قورئان خستەڕوو. (د.سروش)یش لەسەر ئەم بنچینەیە بەرەو پێشەوە چوو و پشتگیری ئەوە دەکات کە پێغەمبەر کاریگەری لەپەیدابووونی قورئاندا هەیە. لەبەرئەوە ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی دوو بابەت دەبینەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت سەردەمیبوونی قورئان (زەمانیبوونی قورئان) لە دیدگای (د.سروش)ەوە هەڵبسەنگێنین و، دووەمیشیان ئەوەیە کە کاریگەری پێغەمبەرﷺ لە بەرامبەر وەحییەوە باس بکەین و ڕەخنە لە قسەکان بگرین.

هەرکەس کتێبی (بسط تجربەء نبوی)ەکەی (د.سروش) بە جوانی و سەرنجەوە خوێندبێتەوە، تێدەگات کە ئەو قورئانی مەجید بە بەرهەمێکی سەردەمی ڕابردوو دادەنێت و خوێنەواران ئاگایان لێیە کە ئەم کاڵایە لە بازاڕی کتێبەکانی (د.سروش)دا چ پێگەیەکی بەرچاوی هەیە!

(د.سروش) لەو کتێبەدا، ئاماژە بە چەند ڕووداوێك دەدات کە لەسەردەمی پێغەمبەردا ڕوویداوە و لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو دەنووسێت:

((**کەسێك دەهات و پرسیارێکی لە پێغەمبەر دەکرد، کەسێك تۆمەتێکی بۆ خێزانی پێغەمبەر هەڵدەبەست، کەسێك ئاگری جەنگی هەڵدەگیرساند، یەهودییەکان کارێکیان دەکرد، نەصرانییەکان کارێکی تر، تۆمەتی شێتیان بۆ پێغەمبەر هەڵدەبەست، سەبارەت بە هاوسەرگیری پێغەمبەر لەگەڵ هاوسەرەکەی زەیددا قسەوقسەلۆکیان دروست دەکرد و ... ئەمانە لە قورئان و لە وتەکانی پێغەمبەردا ڕەنگیان دەدایەوە و ئەگەر پێغەمبەر تەمەنێکی زیاتری بکردایە و ڕووداوی زیاتری بەسەردا بهاتایە، ئەوا بەم شێوەیە ڕووداو و گفتوگۆ و بەرەنگاربوونەوەکانیشی زیاتر دەبوو، وە ئەمەیە مانای ئەوەی کە قورئان دەکرا زۆر زیاتر لەمەبێت کە ئێستا هەیە**))[١] !

لێرەدا خاڵێکی بچوك و گرنگ پشتگوێ خراوە. دەزانین کە لە سەردەمی پێغەمبەرﷺدا ڕووداوی تریش جگە لەوەی کە (د.سروش) ئاماژەی پێکردووە ڕوویاندابوو، بەڵام هەموو ئەوانە لەقورئاندا باسیان نەهاتووە! بۆچی؟ چونکە قورئانی مەجید مەبەست و ئامانجی تایبەتی هەیە کە ئەو ڕووداوانەی بۆ

---

[١] کتێبی (بسط تجربەء نبوی)، ص ٢٠.

ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستانە بە گونجاو نەبینیوە و ڕووداوانێکی هەڵبژاردووە کە گونجاوی زیاتری لەگەڵ پەیامە قورئانییەکاندا تێدابێت. سەرەڕای ئەوەش، قورئانی پیرۆز ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە وەك (کتێبێکی مێژوویی) باسی نەکردوون و نەچووەتە ناو جوزئیاتی ڕووداوەکانەوە وەك ناوی کەسەکان و هۆزەکان و دیاریکردنی ساڵەکان و ڕۆژی ڕووداوەکان و ..هتد. بە دەستەواژەیەکی تر: قورئانی مەجید ڕووداوەکانی سەردەم (تجرید) دەکات و بەگشتی شێوەیەکی گشتگیر بەڕووداوەکان دەبەخشێت تا پەیامە یەکتایی و بنچینەییەکانی خۆی لەڕێی ئەو ڕووداوانەوە بخاتەڕوو. لەم ڕوانگەیەشەوە، بۆنمونە لەئایەتەکانی قورئاندا لەبارەی (بڕواداران و کافران و دووڕووەکان و یەهودییەکان و نەصرانییەکان و ..هتد) زۆر باسکراوە، بەبێ ئەوەی ناوی کەسێك لەوانە بهێنێت و تەنها بەباسی نیشانە و سیفەتەکانیان وازیهێناوە تا لە هەر سەردەم و هەر شوێنێکدا شایەنی جێبەجێ کردن بێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە ئەم سیفات و نیشانانەیان تێدایە، وە ئەگەر لە تەوای قورئاندا تەنها یەکجار باس لە (ابی لهب) کراوە بۆ ئەوەیە کە ئەو مامی پێغەمبەرﷺە و قورئان بە ئاماژەکردن بە (نازناوەکەی) ئەوە نیشان دەدات کە نرخ و بایەخی ئیمان و یەکتاپەرستی لە هەر خزمایەتییەك (هەرچەندە خزمی نزیکی پێغەمبەریش بێت) بالاٌترە و مامی پێغەمبەریشﷺ وەك کوڕەکەی نووحعليه السلام بەهۆی کوفر و شیرك و سەرپێچی کردنیەوە لە خۆشبەختی دواڕۆژ بێبەش دەبێت، ئەگەرنا بۆچی قورئان باسی (ابی سفیان)ی نەکردووە و ناوی نابات کە پێشەوایەتی چەندین جەنگی کردووە دژ بە پێغەمبەرﷺ؟ بۆچی لەقورئاندا ناوی (ابو جهل) نەبراوە؟ بۆچی لەسوورەتی (نور)دا ناوی (عائشة) خوای لێ ڕازیبێت کە هاوسەری پێغەمبەرەﷺ نەهاتووە؟ بۆچی قورئان بۆ کێشەی (إفك العائشة) شێوەیەکی گشتی پێ بەخشیوە و فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ (النور: ٢٣).

واتە: ((ئەو کەسانەی کە تۆمەتی زیناکردن دەدەنە پاڵ ژنانی ئیماندار و داوێنپاك و بێ ئاگا ...)).

بۆچی لەهەمان ئەو سوورەتەدا کە بەهۆی تۆمەت هەڵبەستن بۆ هاوسەری پێغەمبەرﷺ دابەزیوە، ئەحکامی گشتی تری وەك کوفری زیناکاران و حەرامی چوونەماڵان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن و، واجبی داوێنپاکی بۆ پیاوان و ژنان و هاوشێوەی ئەمانە باس دەکرێت و دەخرێتەڕوو؟ بۆچی قورئان هاوسەرگیری پێغەمبەرﷺ دەبەستێتەوە بەهەموو موسوڵمانانەوە و دەفەرمووێت:

﴿لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ ...﴾ (الأحزاب: ٣٧).

واتە: ((تا بڕواداران تووشی ئیحراجی نەبن لەکاتی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ژنی بەکوڕ کراوەکانیاندا ...)).

کە ئەمانە ئەوە نیشان دەدەن کە قورئانی پیرۆز بەڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە سنووردار ناکرێت و تەنها لەگەڵ کەسانی هاوسەردەمی دابەزینیدا گفتوگۆناکات و پەیامەکەی گشتی و جیهانگیرە، هەروەك دەفەرموویت:

﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٨٧﴾ (ص: ٨٧).

واتە: ((ئەم قورئانە هیچ شتێکی تر نییە جەگە لە هۆشیارکەرەوەیەك بۆ جیهانیان)).

﴿قُلۡ أَيُّ شَيۡءٍ أَكۡبَرُ شَهَٰدَةٗۖ قُلِ ٱللَّهُۖ شَهِيدُۢ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ﴾ (الأنعام: ١٩).

واتە: ((بڵێ: شایەتیدانی کێ وەك شایەتی خودا گەورەترین شایەتیە؟ بڵێ: ئەوا خودا لە نێوان من و ئێوەدا شایەتە و ئەم قورئانەش بۆ من وەحی کراوە تا لە ترسناکییەك ئاگادارتان بکەمەوە و هەرکەسێکیش کە پێی دەگات)).

کەواتە قورئانی پیرۆز بەرهەمی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئەو کاتەی کە ئاین دەگاتە کەماڵی خۆی و پەیامە پێویستیە قورئانییەکان باسکران و خرانەڕوو، ئەوا ڕووداوە تازەکان هیچ زیاد ناکەن بۆ کەماڵی قورئان، چونکە مەبەستی قورئان لەئاماژەکردن بە ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەرﷺ بابەتێتی(موضوعية) نەبووە، بەڵکو هەموو ڕووداوەکان (طريقيّة)یان هەبوو. زانایانی ئیسلام وتوویانە کە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان، وتەکانی پەروەردگار تایبەتمەند ناکەن (الموردُ لا يُخَصِّصُ الوارِد)، چونکە زاراوە قورئانییەکان بەزۆری گشتیگیر و گشتین (العبرةُ بعموم اللفظِ لا بِخصوصِ السبَب).

ئێستا دەبێت لەسەر ئەو باسە بڕۆین کە (د.سروش) پێی وایە کە: ((**پێغەمبەرﷺ کاریگەری میحوەری لەپەیدابوونی قورئاندا هەبووە**))!

ئەو لە ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچووونەیدا بەم شێوەیە دەنووسێت:

**((ئیستیعارەی شیعر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە یارمەتیمان دەدات. پێغەمبەر ڕێك وەك شاعیرێك هەست دەكات كە هێزێكی دەرەكی دەستی بەسەر ئەودا گرتووە، بەڵام لەڕاستیدا یان تەنانەت باڵاتر لەوەش: لەهەمان كاتدا كەسایەتی پێغەمبەر هەموو شتێكە، بەدیهێنەر و بەرهەمهێنەر. باسكردنی ئەوەی كە ئایا ئەم ئیلهامە لە ناخەوەیە یان لە دەرەوەیە؟ لەڕاستیدا لێرەدا هیچ بابەتێتی(موضوعیة)یەك نییە، چونكە لەئاستی(سطح)ی وەحیدا جیاوازی و جیاكەرەوە لەنێوان ناخ و دەرەوەدا نییە. ئەم ئیلهامە لەخود(نفس)ی پێغەمبەرەوە دێت و خودی هەر تاكێكیش ئیلاهییانەیە، بەڵام پێغەمبەر لەگەڵ خەڵكانی تردا جیاوازی هەیە لەو ڕووەوە كە ئەو لە ئیلاهی بوونی ئەم خود(نفس)ە بەئاگابوو. ئەو ئەم بارە بەهێزەی بە كردار گەیاندووە. خود(نفس)ی ئەو لەگەڵ خودادا بووە بەیەك. لێرەدا بە هەڵە لە قسەكەی من تێنەگەن ئەم یەكێتیی(اتحاد)ە مەعنەوییە لەگەڵ خودادا، بەمانای بە خودا بوونی پێغەمبەر نییە. ئەمە یەكێتییەكە كە سنووردارە بە قەد و قامەتی خودی پێغەمبەر. ئەم یەكێتیە بەئەندازەی مرۆییە نەك بەئەندازەی خودا. (جلال الدین مولوی –مەولانای ڕۆمی–) شاعیر و عاریف، ئەم پێچەوانەییەی بە ئەبیاتێك ڕوون كردووەتەوە كە مەبەستەكەی بەم شێوەیەیە: یەكێتی پێغەمبەر لەگەڵ خوادا وەك ئەوە وایە دەریا بكەیتە ناو گۆزەوە!)).**

✸ ✸ ✸

یەكەم: پێش ئەمەش وتمان كە قیاسكردنی وەحی بە شیعر قیاسێكی دوور لە تەحقیق و ڕاستییە. شاعیر ئەگەر ڕێك وەك پێغەمبەر هەستی بكردایە كە هێزی دەرەكی لەبەردەستیدایە –وەك (د.سروش) دەڵێت!– ئەوا ڕێی بەخۆی نەدەدا تا لەشیعرەكەیدا دەستێوەردان و هەڵسوكەوت بكات، چونكە دەیزانی كە:

این همه آوازەها از شه بُوَد گرچه از حلقوم عبدالله بُوَد

واتە: ((ئەم هەموو ئاواز و دەنگانە لە پاشاوەیە، گەرچی لە گەرووی بەندەكەیەوە بوو)).

سەرەڕای ئەوەش، پێغەمبەرﷺ لەهەندێك كاتدا بۆماوەیەكی زۆر چاوەڕێی دەكرد تا وەحی بۆ بێت و وەك شاعیرێتی نەبوو هەر كە داوای شیعرێكی لێ بكەن، دەستبەجێ ئامادەی بكات! یان ساتێك لەبیركردنەوەدا دابنیشێت و سەجع و قافیەیەك دروست بكات: فَأَينَ تَذْهَبُون؟!

سحر با معجزه پهلو نزند دل خوش دار      سامری كیست كه دم از ید بیضا بزند؟!

واتە: (دڵت خۆش بێت كە سیحر لەگەڵ موعجیزەدا هاونشینی ناكات، سامیری كێیە كە باس لە یەدی بەیزا بكات؟!).

ئەم قیاسە بێبەڵگانە فریای كەسێكی ژیری وەك (د.عبدالكریم سروش) ناكەوێت و من سەرم سووڕدەمێنێت كە بۆچی باری ئەمان لێرەدا لاربووەتەوە و داكەوتووە؟! بەڕاستی شاعیرێتی لەكوێ و پێغەمبەرێتی لەكوێ؟ كتێبەكانی ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ هێناویانە كە پێغەمبەرﷺ بەپشتیوانی پەروەردگار، بەرلەوەیشی كە ببێت بەپێغەمبەر بە دوو شت بێزاربووە، یەكێكیان بتپەرستی و ئەویتریشیان شیعر هۆنینەوە بووە! هەروەك چۆن لە خودی ئەو گەورەو بەڕێزەوەﷺ دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی:

((لَمّا نَشَأْتُ بُغِضَتْ إليَّ الأوثانِ و بُغِضَ إليَّ الشِّعْرُ))[1].

واتە: ((كاتێك بەرەو گەورەبوون دەچووم، بتەكان لەبەر چاوم ناپەسند بوون و هەروەها ڕقیشم لە شیعر دەبوویەوە)).

ئەمە كاری خودا بوو تا پێغەمبەرﷺ نەچێتە ناو دۆڵ و شیوی شیعرەوە و لەپاش دابەزینی قورئانی پیرۆز كەس نەتوانێت بڵێت: محمد هەمان شاعیرەكەی دوێنێیە كە ئەمڕۆ دەستی داوەتە پێغەمبەرێتی و شیعری تازەتر دەهۆنێتەوە! تەنانەت لەپاش بوون بە پێغەمبەریش هەندێكجار پێغەمبەرﷺ كاتێك كە شیعری یەكێك لە شاعیرەكانی لەسەر زمان دەوت، بە تێكشكاوی و بێ كێش(نامەوزون) دەیخوێندەوە! بۆنمونە ڕۆژێك شیعرێكی (طَرفة بن العبد)ی لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە و دەیفەرموو:

[1] السیرة الحلبیة، ج١،ص٢٠٥، طبعة مصر.

سَتُبْدِي لَكَ الأَيّامُ ما كُنْتَ جاهِلاً وَ يَأْتِيكَ بِالأَخْبارِ مَنْ لَمْ تُزَوَّدِ

**واتە: ((ڕۆژگار بەزوویی شتانێکت بۆ ئاشکرا دەکات کە لێیان بێئاگا بووی، وە کەسانێك هەواڵت بۆ دەهێنن کە هیچ توێشوویەك لەبەرامبەریانەوە بەدەست ناهێنیت)).**

**پێغەمبەرﷺ میسرِاعی دووەمی بەم شێوەیە خوێندەوە ((وَ يَأْتيكَ مَنْ لَمْ تُزَوَّدِ بِالأَخْبارِ))، (ئەبوبەکر –خوای لێ ڕازی بێت–) لەوێدا ئامادەبوو و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەسڵی شیعرەکە بەم جۆرە نییە! ئەویش فەرمووی:** ((إِنّي لَسْتُ بِشاعِرٍ و لا يَنْبَغي لي[1])).

**ئایا ئەم شتانە خستنەپاڵ پێغەمبەرﷺ جەفاکاری نییە سەبارەت بە مافی ئەو پایەبەرز و بڵندە کە وەحییە قودسییەکەی بە هاوڕەگوڕیشەی شیعری شاعیران دابنێین؟! لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دەقی قورئاندا دەیخوێنینەوە:**

﴿وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ ۚ قَلِيلاً مَّا تُؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾ (الحاقّة: ٤١).

**دووەم: ئەم بیرۆکە هەڵبەستنانە کە: پێغەمبەرﷺ بەدیهێنەر و بەرهەمهێنەری وەحی بووە و ئیلهامەکانی لە نەفسی ئەوەوە دەهاتن! یان نەفسی پێغەمبەر لەگەڵ خودادا بوو بوو بە یەك! ئەمانە کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە، پێچەوانەشن لەگەڵ قسە و وتەکانی خودی پێغەمبەرداﷺ! و هەرکەس بەویژدانەوە بەقورئاندا بڕوانێت دەیان ئایەتی ڕوون بەپێچەوانەی قسەکانی (د.سروش) لەقورئاندا دەبینێت، وەك ئەمەی کە دەفەرموێت: بڵێ: من جگە لە وەحی کە بۆم دێت پەیڕەوی لە هیچ شتێکی تر ناکەم** ((إِن أَتَّبِعُ إِلاّ ما يُوحى إِلَيَّ))، **پێغەمبەر بەئارەزووی خۆی قسەناکات** ((وَ ما يَنْطِقُ عَنِ الهَوى))، **پێغەمبەر جگە لە گەیاندنی پەیامەکە هیچی لەئەستۆدا نییە** ((وَ ما عَلى الرَّسولِ إِلاّ البَلاغ))، **بڵێ: من مرۆڤێکی هەروەك ئێوەم و بۆ من وەحی دێت** ((قُلْ إِنَّما أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحى إِلَيَّ)) **وە چەندین ئایەتی زۆری تر کە نەبەدیهێنەرێتی وەحیان لێوەدیارە لەلایەن پێغەمبەرەوە و نەئیلهاماتێکیان لێوە دەردەکەوێت کە لەنەفسی پێغەمبەرەوە سەری هەڵدابێت، وە نەبانگەشەی یەکێتی تێدایە لەگەڵ خودای پاك و بێگەردا! ئەمە ئەگەر جەنابی (د.سروش) ڕووکار(ظواهر)ی ئەم ئایەتە ڕوونانە(بیّنات)انەی بەلاوە پەسەندە** (فَنِعْمَ وَ بِها)، **وە ئەگەر بەو جۆرە بیەوێت ڕێگەی تەئویلی ئەم موحکەماتانە بگرێتەبەر، ئەوا**

---

[1] تفسير ابن كثير دمشقي، ج٣، ص٥٧٩.

جێی خۆیەتی (مەولانا) وتەنی بەو جەنابە بڵێین: (خویش را تأویل کن نی ذکر را! —خۆت تەئویل بکە نەك زیکر(قورئان)—)، وە لەکاتێکدا ئەگەر پێداگرانە پشت بە تەئویل ببەستبێت، ئەوا هەرچی جەنابی (د.سروش) دەیڵێت، ئەوا دەتوانرێت ئەوەی ئەویش بسپێردرێت بە (دەزگای تەئویلسازی)! و بگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی کۆتایی و بۆچونی باتنی (د.سروش) هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە وتمان و نە هیچی تر!

کێشەی (د.سروش) و هاوشێوەکانی هەمان ئەو شتەیە کە لەسەرەتای ئەم نامەیەدا باسکرا، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت بابەتی (نبوّة) بە ڕوانینێکی صۆفیانەوە لێکبدەنەوە، نەك لەو سەرچاوانەوە لێکیبدەنەوە کە پێغەمبەرانی خودا (علیهم السلام) نیشانیان داوە!

بەڵێ، ئەوە صۆفییەکانی (وحدة الوجود)ی بوون (و هەن) بانگەشەیان دەکرد و دەکەن، کە بە ڕۆچوون لەخودادا و فانی بوون تیایدا! دەگەن بە ئیلهاماتی زۆربەرز و لەم ڕووەشەوە قسەی مەشایخەکانی خۆیان وەك قسەی ئیلاهی دادەنا، هەروەك (مەولانا) دەڵێت:

کان دعای شیخ نی چون هر دعا است ‏ ‏ ‏ ‏ فانی است و گفتِ او، گفتِ خداست

(نجم الدین الکبری) لە (رسالة الهائم الخائف من لومة اللائم)دا دەنووسێت:

و مَنْ یَسمَعِ الأخبارَ مِنْ غیرِ واسطِ ‏ ‏ ‏ ‏ حرامٌ علیهِ سَمْعُها بِوَسائِطِ!

واتە: ((ئەو کەسەی کە هەواڵ بەبێ واسطە (لە خوداوە) دەبیستێت، حەرامە بۆی کە لە ڕێی واسطە وە گوێیان لێ بگرێت)).

ئەوە صۆفییەکان بوون کە دەمیان دایە (یەکێتی لەگەڵ خودا)دا و لەوبارەوە قسەیان دەکرد و (حەللاج) ئاسایی (أنا الحق)یان دەوت و بەوتەی (مەولانا):

با مریدان آن فقیر محتشم ‏ ‏ ‏ ‏ بایزید آمد که یزدان نك منم!
گفت مستانه عیان آن ذوفنون ‏ ‏ ‏ ‏ لا إله إلاّ أنا ها فاعبدون!

بەڵام لۆجیکی پێغەمبەران (علیهم السلام) لەگەڵ ئەم بانگەشانەدا لەزەوی تا ئاسمان جیاوازی هەیە، پێغەمبەران لەبەندایەتی خودا و هێنانی پەیامی خودا بەولاوە پێیەکیان زیاتر دانەناوە و هیچکاتێك ئەم قسانەیان نەکردووە: (لَيْسَ فِي جُبَّتِي إلاّ الله!) یان ((نیست اندر جبّه‌ام الاّ خدا * چند جویی در زمین و در سما!))، هەروەها پێغەمبەران هەرگیز شتی وەك ئەمەشیان نەهۆنیوەتەوە:

| | |
|---|---|
| کیستم من سالك واصل شده | مر مرا ذات خدا حاصل شده |

لەم ڕووەوە، وەحی پێغەمبەران لەگەڵ ئیلهامی صۆفیانەدا جیاوازی هەیە و بەو جۆرەیە کە (مەولانا) لەکتێبی (فیه ما فیه)دا ڕوونی کردووەتەوە: ((وەك ئەو پەیکەرە بەردییانەی کە ئاو لە دەمیانەوە دەرژێتە ناو ئەستێڵەکانەوە، بەڵام ئەو ئاوە سەرچاوەکەی لەشوێنێکی ترەوەیە و پەیکەرەکە سەرچاوەی ئاوەکە نییە!)).

ئەم نمونەیەی سەرەوە جیاوازی (وەحی نەفسی) لەگەڵ (وەحی پێغەمبەران)دا بەباشی ڕوون دەکاتەوە.

یەکێك لەو نیشانانەی کە (وەحی پێغەمبەران) لە کاری نەفسانی و تەجروبە مرۆییەکان جیادەکاتەوە (پێشبینییەکانی پێغەمبەرانە) کە لەگەڵ (پێشبینی عاریفەکان!)دا جیاوازی زۆری هەیە. بۆ نمونە: (جلال الدین محمد مولوی –مەولانا–) کە بە وتەی (د.سروش): ((عنقای قاف معرفت)) و ((عزیز عرش نشین)) و ((رشك آفتاب))[1] بووە، لەبەرئەوەی لە سەردەمی (خیلافەتی عەباسییەکان)دا دەژیا، بەو جۆرە کەشفی کردبوو کە (خیلافەتی ئال عەباس) تا قامی قیامەت بە پایەداری دەمێنێتەوە! لەم ڕووەشەوە لەدەفتەری یەکەمی (مثنوی)دا دەڵێت: ((هەرچەندە عەبباس (مامی پێغەمبەر ﷺ) لەغەزای بەدردا بۆ شکستهێنان بە پێغەمبەر و دژایەتی کردنی ئاینەکەی بەژداری کردبوو، بەڵام قەدەر وابوو کە ئەو ببێت بە یەکێك لە پشتیوانانی ئیسلام و نەوەکانیشی تا قیامەت هەڵگری خیلافەت بن))!

| | |
|---|---|
| آمده عبّاس حرب از بهر کین | بهر قمع احمد و استیز دین |
| گشته دین را تا قیامت پشت و رو | در خلافت او و فرزندان او[2] |

[1] ئەم دەستەواژانە (د.سروش) لە (تقریض بر شرح جامع مثنوی معنوی)ەکەی (کریم زمانی)دا نووسیویەتی.

[2] دفتر اول مثنوی (به اهتمام نیکلسن)، ص ١٢٨، چاپ انتشارات امیر کبیر، لف و نشر مرتّب، بیت اخیر.

بەڵام جەنابی (مەولانا) لەژیانی خۆیدا پەیی بەهەڵەیی ئەم موکاشەفەیەی برد و بینی کە خیلافەتی (مستعصم)ی عەباسی بەربا بوو و دەوڵەتی (ئال عەباس) بەدەستی (تورکە مەنگۆلییەکان) پەرتەوازە بوو! چونکە تێکشکان و هەرەسهێنانی دەوڵتی عەباسی لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچیدا بوو و کۆچی دوایی (مەولانا)ش لەساڵی ٦٧٢ کۆچیدا بوو.

ئەمەش موکاشەفە ناشرینەکەی (مەولانا)یە و بە پێشبینییەکانی خاتەمی پێغەمبەرانی خودا (محمد المصطفی)ﷺ بەراوردی بکەن، کە هەواڵی هێرش هێنانی (تورکە مەنگۆلییەکان)ی بۆ نیشتمانی موسوڵمانان دابوو نزیکەی ٦٥٠ ساڵ بەرلەوەی هێرش بهێنن! وە ئەو هەواڵەش (شێخی بوخاری) لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا لە کتێبە (صەحیح)ەکەیدا هێناویەتی و لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا لەژێر ناونیشانی (بابُ قتالِ الترك)دا دەتوانن بیبینن[1](سەرنجبدەن کە بوخاری ئەم پێشبینییەی پێغەمبەری خوایﷺی نزیکەی ٤٠٠ ساڵ بەر لەهێرشی مەنگۆلییەکان تۆمارکردووە).

صۆفییەکانیش ئەو پێشبینییە سەرسوورهێنەرەیان پەسەندکردووە هەروەك صۆفی بەناوبانگی سەدەی حەوتەم (نجم الدین الرازی) کە خۆی لەسەردەمی هێرشی (مەنگۆلییەکان)دا دەژیا، لەکتێبی (مرصاد العباد)دا دەنووسێت:

((لەشکری ڕسوای تەتەری کافر (خذلهم الله و دمّرهم) لە ساڵی ٦١٧ی کۆچی گەیشتنە (ئیستیلا) و تیایدا فیتنە و کوشتار و فەساد و کاولکاری و سووتاندنیان ئەنجامدا، لەهیچ سەردەمێکدا پێشتر لەوڵاتانی کوفر و ئیسلامیشدا کەسێك ئاماژەی پێنەداوە و لەهیچ مێژوویەکدا نەهاتووە جگە ئەوە نەبێت کە پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە فیتنەکانی ڕۆژی دوایی هەواڵی داوە کە دەفەرمووێت: ((لا تَقومُ الساعةُ حتى تُقاتلوا التُّركَ و هُم صِغارُ الأَعيُنِ، حُمْرُ الوُجوهِ، ذُلَفُ الأُنوفِ كأَنَّ وجوهَهُم المَجانُّ المُطْرَقةُ)).

واتە: (( قیامەت هەڵناسێت تا ئەوەی ئێوە لەگەڵ تورکەکاندا نەجەنگن، گەلێکن کە چاوەکانیان بچوکە و ڕوخساریان سوورە و لوتیان پانە)).

لەپاش ئەوە فەرموویەتی: ((و يَكْثُرُ الهَرْجُ، قيلَ: يا رَسولَ الله و ما الهَرْجُ؟ قال: القَتلُ القَتلُ))!

واتە: ((کوشتار زۆر دەبێت)).

[1] صحيح بخاري، ج٤، ص ٥١٧، طبعة مصر.

بە ڕاستی ئەم ڕووداوانەی ئێستا ئەوەیە کە بە نووری نبوەت پێغەمبەرﷺ پێش شەش سەد و چەند ساڵێك بینیویەتی، کوشتار لەمە زیاتر دەبێت چۆن بێت؟ کە هەر لە (تورکستان)ەوە تا (شام) و (ڕۆم) چەندین شار و ویلایەتیان کوشتوبڕ کرد و کاولکرد تا ئەوەی کە لە شارێکی وەك (ڕی)دا کە شوێنی لەدایك بوون و ژیانی ئەم بەندە لاوازەیە سەرژمێری کراوە کە زیاتر لە حەوسەد هەزار کەسیان کوشتووە))[1].

بەڵێ، ئەمە نیشانەیەکە لە (وەحی خودایی) و وەحی قودسی کە بە پێچەوانەی ئیلهامی نەفسییەوە هەڵە تیایدا جێی نابێتەوە. کەواتە ئەوەی کە جەنابی (د.سروش) بانگەشەی بۆ دەکات کە ((**هەموو نەفسە مرۆییەکان خودایین و تاکە جیاوازی پێغەمبەر لەگەڵ کەسانی تردا ئەوەیە کە ئاگای لە ئیلاهی بوونی نەفسیەتی**))! ئەم تیۆرییە نابێتە پاساوێك بۆ پێشبینییە سەرسووڕهێنەرەکانی پێغەمبەران، چونکە ئاگاداربوون لەوەی کە نەفسی ئێمە لە خودایە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە بگەینە مەقامی پێشبینی و (عیصمەت لە وەحیدا و) قسەکانمان وەك قسەکانی پێغەمبەرﷺ (حجیّت) پەیدا بکات هەروەك چۆن (مەولانا) هەستی بەو ئاگاییەش کردبوو، بەڵام ئاگای لە سبەینێی (عەباسییەکان) نەبوو و لەپێشبینییەکەیدا کەوتە هەڵەوە!

إِنَّ فِي ذلِكَ لَعِبْرَةً لِأُوْلِي الأَبْصار!

[1] مرصاد العباد، ص ٨ و ٩، چاپ تهران.

# وەحی لەقاڵبی وشەدا

بەڕێز (د.سروش) لەوەڵامی دووەمین پرسیاری پەیامنێرە هۆڵەندییەکەدا بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**((بەڵام پێغەمبەر بەشێوەیەکی تر بەدیهێنەری وەحییە. ئەوەی کە ئەو لە خودای وەردەگرێت (مضمون)ی وەحی یە، بەڵام ئەم (مضمون)ە ناتوانرێت بە هەمان شکڵەوە بخرێتەڕوو بۆ خەڵکی، چونکە باڵاتر لە فەهمی ئەوانە و تەنانەت لەئەودیو وشەوەیە. ئەم وەحییە بێ وێنەیە و ئەرکی کەسێتی پێغەمبەر ئەمەیە کە وێنە ببەخشێت بەم (مضمون)ە بێ وێنەیە تا بیخاتە بەردەستی هەمووانەوە. دیسانەوە پێغەمبەریش هەروەك شاعیرێك، ئەم ئیلهامانەش بە زمانێك کە خۆی دەیزانێت و بە ئوسلوبێك کە خۆی پێی دەناسرێتەوە و بەو تەعبیرات و زانیارییانەی کە خۆی لە بەردەستیدایە دەیگەیەنێت...))**.

✸ ✸ ✸

ئەم قسانەی (د.سروش) پێچەوانە و دژن، چونکە پێچەوانەی مەتنی وەحی و قسەی پێغەمبەرن ﷺ! وە لەڕووی زاراوەی تەفسیریەوە بە (بِما لا یَرضی صاحِبُهُ) دادەنرێت. لەقورئانی پیرۆزدا بەشێوەیەکی جەختکردنەوەیی هاتووە کە وەحی قورئان بە زمانی پاراوی عەرەبی دابەزیوە، هەروەك دەفەرمووێت:

﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ۝١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ۝١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ۝١٩٥﴾

(الشعراء : ١٩٣–١٩٥)

واتە: ((ڕوح لئەمین(جوبرەئیل) قورئانی بۆ سەر دڵی تۆ هێناوەتە خوارەوە تا لەوانەبیت کە خەڵکی لە بوونی ترسناکی ئاگادار دەکەنەوە، وە بەزمانی عەرەبی ڕوون و پاراو بۆی هێناویت)).

﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٞ مُّصَدِّقٞ لِّسَانًا عَرَبِيّٗا﴾ (الأحقاف: ١٢).

واتە: ((وە ئەمە کتێبێکە کە دان بەکتێبەکانی پێش خۆیدا دەنێت لەکاتێکدا کە بەزمانی عەرەبی هاتووە)).

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢﴾ (يوسف: ٢).

واتە: ((ئێمە ئەو وەحییەمان بەشێوەی قورئانێکی عەرەبی بۆ ناردنە خوارەوە ... )).

دیارە کە (عەرەبیەت) لە لەفزدا نەك لەمانادا، واتە لەمەفهوم و مانادا سیفاتی عەرەبی هیچ جێی تێدا نابێتەوە و تەنها لە ڕووی لەفزییەوە بە عەرەبی دادەنرێت. کەواتە پێغەمبەرﷺ قورئانی بە قاڵب و زاراوەی عەرەبی وەرگرتووە بەتایبەت کە لەخودی قورئانی پیرۆزدا قورئان بە (کلام الله) و (کلمات الله) ناو براوە و ئاماژەی پێکراوە، وە ئەم ئاماژانەش سەرەڕای ماناکانیان، ئاماژەش بە مەقامی ئەلفاز دەکەن، وەك دەفەرموێت:

﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ...﴾ (التوبة: ٦).

واتە: ((وە ئەگەر یەکێك لە هاوەڵپەیداکەرەکان بۆ خودا داوای پەنای لێکردیت، ئەوا پەنای بدە تا گوێی لە وتەکانی خودا ببێت ...)).

﴿وَٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ...﴾ (الكهف: ٢٧).

واتە: ((ئەوە بخوێنەرەوە کە لەکتێبی پەروەردگارتدا بۆت وەحی کراوە کە قسەکانی ئەو گۆڕانکاری بەسەردا نایەت ...)).

لەبنچینەدا هەر لەیەکەمین ڕۆژەوە کە فەرمان بەسەر پێغەمبەرﷺدا درا: (إقرأ—بخوێنە—) لەناو لەفزەکاندا هاتەناوەوە و بەکاربرا، چونکە خوێندن کارێکە کە پەیوەندی بەوشەوە هەیە و تەنها لەفز نییە، بەتایبەت کە خوێندنەوەکە بەناوی خودا بێت، قورئان دەفەرمووێت:

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ (العلق:١).

واتە: ((بەناوی پەروەردگارتەوە کە بەدیهێنا، (کتێبی وەحی) بخوێنە)).

ئەم ئاماژە ڕوونانە هەموویان ئەوە نیشان دەدەن کە تیۆری (وەحی بەبێ لەفز) سەبارەت بە قورئانی پیرۆز، هیچ پشکێکی لەڕاستی و حەقیقەت تێدا نییە، بەڵام ئەوەی کە جەنابی (د.سروش) دەڵێت: ((**پێغەمبەر قورئانی گۆڕی بە ئوسلوبێك کە خۆی پێی دەناسرێتەوە**))! بەداخەوە لەبێئاگاییەوە

سەریهەڵداوە، چونکە ئوسلوبی (بەدیع)ی قورئان، بەرلەوەی پێغەمبەرﷺ ببێت بە پێغەمبەر بوونی نەبوو و هیچ کەس هاوشێوەی ئەوەی نەبیستبوو و پێغەمبەرﷺ لەسەر ئەو ئوسلوبە ڕاهێنانی نەکردبوو و بەهیچ شێوەیەك بەو ئوسلوبە نەدەناسرایەوە. فَما لَكُم كَيْفَ تَحْكُمون؟!

✹ ✹ ✹

لە ژێر ئەو قسانەیدا (د.سروش) دەڵێت:

**((کەسایەتییەکەشی کاریگەرییەکی گرنگی لە شکڵ پێدان بەم مەتنەدا هەیە. مێژووی ژیانی خودی خۆ و باوکی و دایکی و منداڵی خۆی و تەنانەت بارە ڕۆحییەکانی تیایدا کاریگەرییان هەیە ...)).**

چ سەرسووڕهێنەرە! کە لەقورئانی پیرۆزدا، هیچ باسێك لەبارەی باوکی پێغەمبەرەوەﷺ نەهاتووە و نەباسی دایکی کراوە و نە لەیادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی ئەو شتێك بەدیدەکرێت. بەڵێ لەقورئانی پیرۆزدا، چەند بارودۆخێکی پێغەمبەرﷺ لە دەورانی پاش بوون بە پێغەمبەر باسکراوە تا ببنە سەرمەشق بۆ کەسانی تر، وەك دەفەرموویت:

﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ ...﴾ (الأحزاب: ٢١).

وە چەندین جار ئەوە باسکراوە کە پێغەمبەرﷺ لەپاش بوون بە پێغەمبەر، فێری زانست و شتانێك بووە کە لەژیانی پێشتریدا نەیزانیوە، وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:

﴿ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ وَكَانَ فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ عَظِيمٗا ﴿١١٣﴾﴾ (النساء: ١١٣).

واتە: ((خودا قورئان و دانایی بۆ ناردیتە خوارەوە و فێری شتانێکی کردیت کە بەر لەوەحی نەتدەزانین، وە بەخششەکانی خودا بەسەر تۆوە زۆرمەزنن)).

بە پشتبەستن بەمانە کەسایەتی پێغەمبەرﷺ هیچ کاریگەرییەکی لەشکڵ پێدان بە قورئاندا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە قورئان لە شکڵدان بەکەسایەتی پێغەمبەرﷺدا کاریگەری هەبووە.

دیسانەوە (د.سروش) دەڵێت:

((**ئەگەر قورئان بخوێنیتەوە ئەوا هەست دەکەیت کە پێغەمبەر هەندێك کات شاد و دڵخۆشە و زۆر ڕەوانبێژە لەکاتێکدا کە هەندێك کاتی تر زۆر دڵتەنگە و لەخستنەڕووی وتەکانیدا زۆر سادە و ئاساییە. تەواوی ئەمانە کاریگەری خۆیان لەقورئاندا بەجێهێڵاوە، ئەمە ئەو لایەنە (تەواو مرۆییەی وەحی)ە** ...))

✹ ✹ ✹

دۆست و دوژمن ڕاوانبێژی و ڕوونبێژی قورئانیان پەسەندکردووە. قورئان تەحەددای هەموو بەرهەڵستکارەکانی دەکات کە کتێبێك یان تەنانەت یەك سوورەت هاوشێوەی بهێنن، ئەم بانگەوازەشی چواردە سەدەیە بێ وەڵام ماوەتەوە و ئەوەی سەلماندووە کە ئوسلوبی قورئانی لاسایی نەکراوەیە، بەڵام خاڵێك هەیە لێرەدا کە گونجاوە باس بکرێت ئەویش ئەوەیە: (لِكُلِّ مقامٍ مَقالُ)! واتە: ((لە هەر پلەیەکدا، پێویستە بەجۆرێك قسە بکەیت کە گونجاوبێت لەگەڵیدا)). قورئان هەندێکجار باس لە بەدیهێنانی گەردوون یان مرۆڤ دەکات و هەندێکجار ڕوونکردنەوەی دانایی ئامێز و ڕەوشتیانە دەهێنێت و هەندێکجار وەڵامی بەرهەڵستکاران و دژایەتیکارانی دەداتەوە و هەندێکجاریش باس لە ئەحکام و یاسا شەرعییەکان دەکات و هەندێکجار موژدە بە بەهەشت و خۆشییەکانی دەدات و هەندێکجاریش بەدۆزەخ و سەختییەکانی دەترسێنێت و ...هتد. زۆرڕوونە کە لەتەواوی ئەم بارانەدا نابێت (لەحنی کەلام) و (غینائی بەیان) یەکسان بن و ئەمانە خۆیان بە نیشانەکانی ڕەوانبێژی دادەنرێن نەك کاریگەری بارودۆخی پێغەمبەر لەسەر وەحی!

# پێغەمبەرێتی و تەفسیراتی نادروست!!

کاتێك کە (د.سروش) دووەمین وەڵامی خۆی بەم شێوەیە کۆتایی پێهێنا: ((**ئەمە ئەو لایەنە (تەواو مرۆییەی وحی)ە ...**))! پەیامنێرە هۆڵەندییەکە وەك بڵێی چاوەڕوانی قسەیەکی لەم شێوەیە نەبوو کە لەلایەن بانگەوازکەرێکی موسوڵمانەوە ببیستێت، هەنگاوێکی خێرا دەنێت و دەپرسێت: ((**کەواتە قورئان لایەنی مرۆیی هەیە، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت قورئان هەڵەی تێدابێت؟!**)).

(د.سروش) بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەی ئەوی دایەوە:

((**لە دیدگای پێشینەکانەوە هەڵە لەوەحیدا نییە، بەڵام ئەمڕۆکە موفەسیرانی زۆر و زیاد هەن کە بۆچوونیان وایە کە وەحی لەبابەتە تەواو ئاینییەکانی وەك سیفاتی خودا و ژیانی پاش مەرگ و قەواعیدی عیباداتدا هەڵەی تێدا نییە، هەر ئەوانە ئەوە پەسەند دەکەن کە: دەکرێت وەحی لە بابەتەکانی پەیوەست بەم جیهانە و کۆمەڵگەی مرۆییەوە هەڵەبکات. ئەوەی کە قورئان لەبارەی ڕووداوە مێژوویی و ئاینەکانی تر و بابەتە زانستییە زەمینییەکانەوە دەیڵێت، بە تەواوی ناتوانێت ڕاست بێت. ئەم موفەسیرانە بەگشتی ئەوە باس دەکەن کە ئەم جۆرە هەڵانە لەقورئاندا زیان بە پێغەمبەرێتی پێغەمبەر ناگەیەنێت، چونکە پێغەمبەر بۆ شێواز و ئاستی زانیاری خەڵکی سەردەمی خۆی هاتووە و بە زمانی سەردەمی خۆی لەگەڵ ئەواندا قسەی کردووە ...**))!

❋ ❋ ❋

ئەوەی (د.سروش) کە لە زمانی موفەسیرانی نوێ و ئەم ڕۆژگارەوە وەحی باس کردووە، لەڕاستیدا وەحی و نبووەت پوچەڵ دەکاتەوە نەك تەفسیرکردنیان! چونکە مەبەستەکەی ئەوەیە: ئەگەر بڕیار بێت پێغەمبەران(علیهم السلام) لەو شتانەدا کە پەیوەندییان بە جیهانی هەستپێکراو(عالم المحسوس) و ژیانی

بەرکەوتە(حياة الملموس)ەوە هەیە تووشی هەڵە بن، ئەی چۆن دەتوانرێت باوەڕ بە پەیامی وەحی ئەوان بکرێت کە پەیوەندی بە جیهانی نەبینراو و ژیانی نەناسراوەوە هەیە؟

ئایا ئەم تەفسیرە هەر لەبنچینەوە ڕەخنە لە پێغەمبەرێتی ناگرێت و دژی ناوەستێتەوە؟

ئایا ئەوە هیچ مانایەکی هەیە کە ئێمە بانگەشە بکەین کە قورئان لەباسی ڕووداوی مێژوویی و کاروباری زەمینیدا گرفتاری هەڵە بووە، بەڵام هەرچی لەبارەی بابەتە میتافیزیکی و ئاسمانییەکانەوە وتوویەتی هەمووی ڕاستە و دوورە لەهەڵە؟ کەی موفەسیران ئەم نهێنیە گەورەیەیان دۆزییەوە؟! وە بە چ بەڵگەیەك ئەم بانگەشە دژ و پێچەوانەیەیان کردووە؟ لەکاتێکدا ئەگەر ئەوان بڵێن: بەڵگە عەقڵی و فەلسەفییەکان پشتگیری وتەکانی قورئان دەکەن لەبابەتی غەیبیاتدا! لەم کاتەدا دەبێت پێیان بڵێین: کەواتە عەقڵ و فەلسەفە بە حوججەت دادەنرێن و ئیتر هیچ پێویستییەك بە نبووەت و وەحی نییە، ئەویش نبووەتێك کە پڕە لەهەڵە و لە ژێرەوەی زانستی عەقڵی مرۆییەوەیە!

ئایا بەم تەفسیرە گاڵتەئامێزە دەتوانرێت بەرگری لە قورئانی پیرۆز بکرێت؟! بەڵام ئەم بەرگرییەی (د.سروش) کە دەڵێت: ((**پێغەمبەران بە شێوازی ئاستی زانیاری خەڵکی سەردەمی خۆیان هاتوون**)) واتە لەگەڵ نەزانی و وەهمەکانی ئەواندا ئاوێتە بوون! ئەمە ڕێك ئەوەیە کە دەڵێن (عوزر لە قەباحەت خراپتر)! چونکە ئەگەر نبووەت ڕاستی تێدایە و قسەکانی پێغەمبەر پەیامی خودایە (کە پەیامی خودایە)، ئەوا لەم کاتەدا پێغەمبەران بۆ ڕێنمونی و هیدایەتدانی خەڵکی و دوورخستنەوەیان لە نەفامی و تاریکی نێردراون، نەك بۆ شاردنەوەی لادان و نەزانییەکانی خەڵکی!

گریمان لەهەندێك لەکاروبارەکاندا خەڵکی توانایی تێگەیشتن لە ڕاستییەکانیان نەبوو، لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا پێویست بوو کە پێغەمبەران بێدەنگبن و هیچ قسەیەك نەکەن، نەك ئەوەی کە بێن و لادان و نەزانییەکانی خەڵکی بشارنەوە و پەردەپۆشی بکەن! بۆنمونە ئەگەر لەڕابردوودا گۆی زەوییان بە جێگیر و وەستاو دەزانی و جووڵەی زەوی لەلای زۆرێك لە خەڵکی مایەی تێگەیشتن نەبوو، پێویست نەبوو کە پێغەمبەران لەم بارەیەوە وتەی پێچەوانە بڵێن و لەسەری پێداگربن، دەبوو هەر بەئاسایی زەوییان بە جێگیر دابنایە، هەر ئەم ئەندازەیەش بەس بوو کە لەم بارەیەوە بێدەنگی بە ڕەوا بزانن و هیچ قسە و باسێك سەبارەت بە جێگیری یان جووڵاوی زەوی نەکەن یان بەلایەنی کەمەوە بڵێن کە زەوی ب بۆچوونی خەڵکی جێگیرە! چونکە لەم کاتەدایە هەر کە مرۆڤ لەڕێی زانستەوە پەردەی لەسەر ڕازەکانی زەوی لادا، هەڵەی پێغەمبەرانی بۆ دەردەکەوێت و بڕوای بە قسەکانیان نامێنێت، دەی ئەمە شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

(د.سروش) لەپاش باسکردنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، بۆچوونی خۆیشی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

**((من بۆچوونێکی ترم هەیە، من بڕوا ناکەم کە پێغەمبەر بە زمانی سەردەمی خۆی قسەی کردبێت، لەکاتێکدا خۆی زانست و مەعریفەیەکی تری هەبووە. پێغەمبەر ئەوشتەی کە دەیگوت بەڕاستی باوەڕی پێی هەبووە. ئەم قورئانە زمانی خودی ئەو و زانستی ئەو بووە و بڕواناکەم کە زانستی ئەو لە زانستی خەڵکی هاوسەردەمی خۆی لەبارەی زەوی و گەردوون و بۆماوەیی مرۆڤەکانەوە زیاتر بووبێت. ئەو زانستەی کە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا لەبەردەستماندایە، ئەو نەی بووە. وە ئەمەش هیچ زیانێك بەخودی نبووەتی ئەو ناگەیەنێت، چونکە ئەو پێغەمبەر بووە نەك زانا یان مێژوونووس))!**

✸ ✸ ✸

ئەگەر ئەم بۆچوونەی (د.سروش) کە لێرەدا هاتووە لەگەڵ وتەکەی پێشوویدا کە وتی: ((**نەفسی پێغەمبەر لەگەڵ خودادا بووە بە یەك**))! پێکەوە کۆبکەینەوە ئەوا بەو ئەنجامە دەگەین کە بە بۆچوونی (د.سروش)، پێغەمبەرﷺ تەنانەت بەو (نەفسە خوداییەی خۆیەوە!) زانستێکی زیاتری لە هاوسەردەمەکانی خۆی نەبووە وە –معاذ الله– بڕوای بە هەمان ئەو مەوهوماتانە هەبووە کە عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی بڕوایان پێی هەبووە، دەی ئەگەر وایە ئیتر پەیوەندی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ خوادا چ کەماڵێکی بۆ ئەو هێنابوو؟ وە ئایا پەروەردگاری پاك و بێگەرد لەبەدیهێنراوەکانی خۆی بێئاگایە؟

﴿أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ۝١٤﴾ (الملك: ١٤).

واتە: ((ئایا ئەو کەسەی کە بەدیهێنەرە (بارودۆخی دروستکراوەکانی خۆی) نازانێت؟ لە کاتێکدا کە نەرم و نیان و شارەزایە)).

من وای دەبینم کە جەنابی(د.سروش) لەم قۆناغەدا پێغەمبەری خوایﷺ خستووەتە شوێنی یەکێك لە (صۆفییە تەواو صۆفییەکان) کە لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی خوداییانەیان کردووە، لە زەوی و لە

سەردەمیش بێئاگا بوون! بەڵێ، ڕەگ و ڕیشەی ئەم بیرکردنەوەیە لەهەمان ئەو بیرۆکە نادروستانەدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، وە ئێمە لەلاپەڕەکانی پێشوودا بە ئەندازەی پێویست لەباسی جیاوازی نێوان پێغەمبەر و عاریفان (صۆفییەکان)دا قسەمان کرد.

لێرەدا ئەوە بە پێویست دەزانم کە ئەم خاڵە باس بکەم کە ئامانجی پێغەمبەران(علیهم السلام) ڕوونکردنەوەی ڕازەکانی سروشت (بەو شێوەیەی کە لە زانستە سەرەکیەکان یان ئەزموونییەکاندا هاتووە) نەبووە، بەڵام ئەوان شتێکیان نەوتووە کە لەگەڵ ڕێساکانی ئەو زانستانەدا ناسازگاری و پێچەوانەیی هەبێت. ئەگەر کەسێك قورئانی پیرۆز بەوردی وەخوێنێ، دەبێت ئەوە بزانێت کە هیچ شتێك لەبارەی زانستی (بۆماوەیی)ەوە نابینێت، بەڵام شتێك کە بە پێچەوانەی ئەم زانستە و زانستەکانی تریش دابنرێت لەقورئاندا نییە، بەڵکو هەندێکجار چەند ئاماژەیەك سەبارەت بە زانستە سروشتییەکان لەقورئاندا بەدیدەکرێت کە بووەتە جێی سەرسووڕمان و سەرنجڕاکێشانی زانا بەویژدانەکانی ئەم ڕۆژگارە، بۆنمونە سەرنجی ئەم نووسینەی دکتۆر (جێراڵد سی. گۆرینجر) مامۆستای (کۆرپەلەناسی) لە بەشی (بایۆلۆجی) زانکۆی پزیشکی (جۆرج تاون) بدەن کە بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە (پێگەیشتنی کۆرپەلە) بەم شێوەیە دەنووسێت:

“In a relatively few ayahs (Quranic verses) is contained a rather comprehensive description of human development from the time of commingling of the gametes through organogenesis. No such distinct and complete record of human development, such as classification, terminology, and description, existed previously. In most, if not all, instances, this description antedates by many centuries the recording of the various stages of human embryonic and fetal development recorded in the traditional scientific literature”.

واتە: ((لە چەند ئایەتێکی قورئاندا باسێکی تەواوی پێکهاتنی بوونی مرۆیی لە قۆناغی یەکگرتنی تۆخمە ڕەگەزییەکان تا دروستبوونی تەواوی مرۆڤ کراوە. هیچ جوانی و ڕێکوپێکی و وردێتی و تەواوەتییەك سەبارەت بە دروستبوونی تۆوی مرۆیی بەو ڕیزبەندییە و زاراوە و ڕوونکردنەوانە پێشتر بوونی نەبووە. ئەو ڕوونکردنەوانە چەندین سەدە پێش ئەو دۆزینەوە سەلمێنراوە زانستیانەی کە باس لە پێکهاتنی کۆرپەلە دەکەن، باسکراون. قورئان نەك تەنها پێکهاتنی پێکهاتەی دەرەکی، بەڵکو قۆناغ و گۆڕانکارییە

ناوەکییەکانی کۆرپەلەیشی هەر لە دروستبوونەوە تا گەورە بوون بەو شێوازەی کە زانستی ئەم سەردەمە دەیزانێت ڕوونی کردووەتەوە)).

هەروەها دکتۆر (مارشاڵ جۆنسۆن) مامۆستای (ئاناتۆمی و بایۆلۆجی) لە زانکۆی (تۆماس جیفێرسۆن) لەپاش خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەنووسێت:

“As a scientist, I can only deal with things which I can specifically see. I can understand embryology and developmental biology. I can understand the words that are translated to me from the Quran. As I gave example before, if I were to transpose myself into that era, knowing what I knew today and describing things, I see no evidence for the fact to refute the concept that this individual, Muhammad, had to be developing this information from some place. So I see nothing here in conflict with the concept that divine intervention was involved in what he was able to write”.

واتە: ((وەك زانایەکی زانستە ئەزموونییەکان، من سەر و کارم تەنها لەگەڵ شتانێکدایە کە دەتوانم بۆ خۆم بیانبینم، دەتوانم لە کۆرپەلەناسی و گەشەسەندنی بایۆلۆجی تێبگەم، وە دەشتوانم ئەو وشە قورئانیانە تێبگەم کە بۆم وەرگێڕدراوە. هەروەك چۆن لە پێشەوە نمونەم هێنایەوە، ئەگەر بڕیار وابێت من خۆم بەم زانیاری و زانستانەوە کە ئێستا دەیانزانم بخەمە ئەو سەردەم و ڕۆژگارەوە، ئەوا دیسانەوە نەمدەتوانی ئەم جۆرەبابەتە بەو جۆرەی کە لەقورئاندا هاتووە ڕوونی بکەمەوە. من هیچ بەڵگە و هۆکارێك نابینم بۆ ئەوەی کە بکەومە دژایەتی کردنی ئەم ڕاستیانەوە، وە ئەم کەسە (موحەممەد) دەبێت ئەم زانیارییانەی لەشوێنێکەوە بەدەستهێنابێت. لەبەرئەوە من شتێك نابینم کە پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە دەستی پەروەردگار لەو شتەدا هەیە کە ئەو نووسیویەتی)).

بەڵێ، ئەوە کورت بینی و کەم زانینە کە ئێمە زانیاری و زانستی پێغەمبەری بەرز و بەڕێزی ئیسلامﷺ بخەینە ئاستی چەند صۆفییەکی خانەقایی و گۆشەنشین و بە قسەی خەمۆکاوییانە کۆمەڵگا لە فێرکارییە باڵاکانی ئەو پێغەمبەرەﷺ بێبەش بکەین.

✹ ✹ ✹

# هەر لە ڕابردووەوە هەڵەی تێدابوو!

پەیامنێرە هۆڵندییەکە چوارەمین پرسیاری خۆی بەم شێوەیە لە (د.سروش) کرد:

((**تۆ ئاماژە دەکەیت بە فەیلەسوفەکان و عاریفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆنمونە (مەولانا)، ئایا بیروبۆچوونەکانی تۆ تا چ ئەندازەیەك ڕەگ و ڕیشەی لە ڕابردووی ئیسلامدا هەیە؟**)).

جەنابی (د.سروش) ئەم پرسیارەی بەم شێوەیە وەڵام دایەوە:

((**زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانی من ڕەگ و ڕیشەیان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامدا هەیە. ئەم وتەیەش کە نبووەت بابەتێکی زۆرگشتییە و لای چینە جیاوازەکانی مرۆڤەکان بەدی دەکرێت، هەم لە ئیسلامی شیعی و هەم لەلای عاریفەکانیش بوونی هەیە. موتەکەللیمی گەورەی شیعە (شێخ موفید) ئیمامە شیعەکان بە پێغەمبەر نازانێت، بەڵام تەواوی ئەو تایبەتمەندێتییانەی کە پێغەمبەران هەیانە دەیداتە پاڵیان. هەروەها عاریفانیش بە گشتی بڕوایان وایە کە ئەزموونی(تەجروبە)ی ئەوانیش لە ڕەگەزی (جنس)ی ئەزموونی(تەجروبە)ی پێغەمبەرانە، وە ئەو بڕوایەش کە قورئان بەرهەمێکی مرۆییە و زۆر بە دڵنیاییشەوە هەڵە لەخۆدەگرێت و لە بیروباوەڕی (موعتوزیلە)شدا بەڵگە لەسەر مەخلوق بوونی قورئان بە شێوەیەکی (تلویحي) هاتووە ...**))!

✸ ✸ ✸

بە داخەوە (د.سروش) لەسەر ئەوە پێداگرە کە وای پیشانبدات کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی کەسانی تری هاوشێوەی ئەو هەبوون کە قورئانیان بە بەرهەمێکی مرۆیی داناوە! وە ئەمە قسەیەکە کە قسەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: ((دُونَهُ خَرْطُ القَتاد –سەلماندنی ئەوە لە لێکردنەوەی دڕکەکانی درەختی (قەتاد) دژوارترە–!)) باشە چۆن (شێخ موفید) ڕێ بەخۆی دەدات تا بەپێچەوانەی قسەی پێشەوای بڕواداران

عەلیﷺ قسەبکات و تەواوی تایبەتمەندێتیەکانی پێغەمبەر بە ڕەوا ببینێت بۆ ئیمامەکان(خوا لێیان ڕازیبێت)؟ لەکاتێکدا ئیمام عەلیﷺ لەکۆچی دوایی پێغەمبەری بەڕێزداﷺ وتوویەتی:

((بِأَبي أَنْتَ و أُمّي، لَقَد انقَطَعَ بِمَوْتِ غَيْرِكَ مِنَ النُّبُوَّةِ و الإِنْباءِ و أَخْبارِ السّماء!))[1].

واتە: ((باوك و دایكم بە قوربانت بن، بە مەرگی تۆ نبووەت و پەیام هاتن و هەواڵی ئاسمانی پچڕا، كە بە مەرگی هیچ یەكێك لە پێغەمبەرانی تر نەپچڕا)).

(شێخ موفید) لە گرنگترین کتێبی خۆیدا (أوائل المقالات في المذاهب و المختارات)دا دەنووسێت:

((مَنْ يَزْعَمْ أَنَّ أَحَداً بَعْدَ نَبِيّنا صلى الله عليه و سلم مَنْ يوحى إليه، فَقَدْ أَخْطَأَ و كَفَرَ و حُصولُ العلمِ بِذلِكَ من دينِ النَّبِيِّ صلى الله عليه و سلم))[2].

واتە: ((هەر کەس پێی وابێت کە لەپاش پێغەمبەرﷺ بۆ کەسێکی تر وەحی دێت، بێ گومان بە زانست و زانینەوە کەوتووەتە ناو هەڵە و کوفرەوە لەئاینی پێغەمبەرداﷺ)).

بەڵام هەڵەی (د.سروش) لە بابەتی (خەلقی قورئان)دا تەواو سەرسووڕهێنەرە! چونکە ئەو بەشێکی تەمەنی لە فێربوون و شارەزایی زانستی کەلام و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیدا بەسەربردووە بەشێوازێکی قاعیدەیی دەزانێت کە (حدوث) یان (قِدَم)ی کەلامی خودا هیچ خودێتییەکی(ذاتیة)ێکی لەگەڵ مرۆیی بوونی قورئانی پیرۆزدا نییە! وە (موعتەزیلەکان) بڕوایان وابوو کە:

ئەو پەیامە ئیلاهییە کە درا بە فریشتەی وەحی و لەڕێی ئەویشەوە دابەزییە سەر دڵی پێغەمبەرﷺ بێ پێشینە بووە، واتە (حادث) بووە و هیچ کامێکیان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە کە ئەو وەحییە وەك ئەبیاتی شاعیران بێت و لە بەهرە و ئارەزووی کەسی پێغەمبەرەوە سەری دەرکرد بێت! ئەمە قسەی (جاحظ و قاضي عبدالجبار و اسكافي و زمخشري و ابن أبي الحديد و کەسانی تری گەورەی موعتەزیلەیە)، کام یەکێکیان دەمیان داوە لەم قسە هەڵیت و پەڵیتانە و تەنانەت کامیان ئاماژەی پێ کردووە؟!

باشە بۆچی دەبێت بۆ دانیشاندنی ئەم تیۆرییە گوماناوی و سستە لەسەر کورسی، دەست ببرێت بۆ عوزرێکی سستتر؟ ئایا ئەم کارە شیاوە بۆ کەسێکی وەك (د.عبدالكريم سروش)؟!

---

[1] نهج البلاغة، خطبة ١٢٩.

[2] أوائل المقالات، ص ٣٩، چاپ قم.

له ژێر ئەم بابەتەدا جەنابی دکتۆر دەنووسێت:

**((زانایانی سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی ئەم بۆچوونانەیان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەدەخستە ڕوو و وایان بەباش دەزانی کە ئەم بۆچوونانە لە ناو وتار و وتەی پەرش و بڵاو و پێچ لێدراودا بخەنەڕوو. ئەوان نەیان دەویست کە ئەو خەڵکەی توانایی هەرسکردنی ئەم وتانەیان نییە تووشی تەشویش و گرفتاری ببن، بۆ نمونە (مەولانا) لەشوێنێکدا دەڵێت: قورئان وێنەدانەوەکانی زیهنی پێغەمبەرە. ئەوەی کە لەوتەکەی (مەولانا)وە وەردەگیرێت ئەمەیە کە کەسایەتی پێغەمبەر و گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی ئەو و کاتە باش و خراپەکانی ئەو هەموویان لەقورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە)).**

لەڕاستیدا، ئەم مانایە کە (د.سروش) دەیداتە پاڵ (مەولانا)، هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ وەحی ئیلاهیدا نییە، چونکە خودای قورئان چەند نمونەیەکی لە وەسف و بارودۆخەکانی پێغەمبەرەکەی لەکتێبە ئاسمانییەکەیدا یادکردووە تا بەحوکمی ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ ...﴾ (الأحزاب:٢١) پێغەمبەری بەڕێز و خۆشەویستﷺ ببێتە سەرمەشق بۆ کەسانی تر و لەئایەتەکانی سەرزەنشتیشدا وەك: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ﴾ (التوبة: ٤٣) واتە: ((خودا لێت خۆش ببێت، بۆچی مۆڵەتت پێدان؟)) لوتکەی ڕەوشت فێری پێغەمبەرەکەی بکات هەروەك فەرموویەتی: ((أَدَّبَني رَبّي فَأَحْسَنَ تَأْديبي))[١] واتە: ((پەروەردگارم ڕەوشتی داداوم و باشترین ڕەوشت دادانە)) وە هەروەهاش تا لەناو ئەو ئایەتانەدا ڕاستگۆیی و سپاردەپارێزی و لەسەر حەق بوونی پێغەمبەرﷺ بسەلمێنێت.

هەرچەند ئێمە لە دەستەواژەکەی (مەولانا): (**وێنەدانەوەکانی زیهن**) مەفهومێکی تر تێدەگەین، چونکە وێنەدانەوە، تەجەللا هەندێکجار بۆ جیهانی دەرەکییە و ئەو وێنانەی کە کەوتووەتەسەری لەخودی ئاوێنەکەوە نین، بەڵام ئەگەر لە (متشابهات) تێپەڕین و بچینە سەر (محكمات)، ئەوا بۆچوونی بەهێز و پتەوی (مەولانا) لە بارەی قورئانی پیرۆزەوە لەم بەیتانەی خوارەوەدا بەدەست دەهێنین:

**تا قیامت می زند قرآن ندا    ای گروهی جهل را گشته فدا**

[١] الجامع الصغير لأحاديث النذير، تأليف سيوطي، ج١، ص١٤، طبعة مصر.

| | |
|---|---|
| که مرا افسانه می پنداشتید | تخم طعن و کافری می کاشتید |
| خود بدیدید ای خسان طعنه زن | که شما بودید افسانهء زَمن[1] |
| من کلام حقم و قائم به ذات | قوت جانِ جان و یا قوت زکات |
| نور خورشیدم فتاده بر شما | لیك از خورشید ناگشته جدا |
| نك منم ینبوع آن آب حیات | تا رهانم عاشقان را از ممات[2] |

واته: ((تاقیامەت قورئان بانگەدا کە ئەی ئەو گرۆیەی خۆتان فیدای نەفامی کردووە و منتان بە ئەفسانە دەزانی و تۆوی کافری و تانەتان دەچان، دەی خۆتان ببینن کە هەر خۆتان بوونەتە ئەفسانەی زەمەن. من وتەی حەقم و قائم بەزاتم و ... تاد)).

نازانم کە (د.سروش) لەبەرامبەر ئەم بەیتە بێ پەردانەوە، چۆن بیر دەکاتەوە؟! وە چۆن دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هۆنەرەوەی ئەم شیعرانە پێغەمبەری حەقی بە (ئافرێنەری قورئان) داناوە؟ هەرکەس ئاشنایی هەبێت بە بیرکردنەوە و هزری موسوڵمانان، دەزانێت کە (مەولانا) لەم بەیتانەدا لەسەر قسەی گشتی (ئەشعەرییەکان) ڕۆشتووە و قورئانی بە کەلامی حەق و قائم بەزاتی پێغەمبەر زانیوە و بۆچوونی ئەهلی ئیعتیزال بە زەروری پەسەند ناکات، بەڵام ئایا (د.سروش) موکاشەفەکەی (مەولانا) پەسەند دەکات؟!

مەبەستم وابوو کە تەنها گفتوگۆکەی (د.سروش) لەم کتێبەدا بە کۆتا بگەیەنم، بەڵام نەم ویست بەیتەکانی (مثنوی) پشتگوێ بخەم و قسەکانم بکێشمە شیوێکی ترەوە بە تایبەتی کە (جلال الدین محمّد) وەك مورشید و پیر و موڕادی (د.سروش) دەبینم. سەرەڕای ئەوەش، بنچینە و بنەڕەتی وتەکانی دکتۆرم لەبەشەکانی پێشوودا هێناوە و گومانم وایە بە سەرنجدان لەوەی کە باسکرا، خوێنەری بەڕێز وەڵامی ئەو شتەش تێبگات کە نەوتراوە و باس نەکراوە، وَ الحَمْدُ لِلهِ علی هِدایةِ القُرآنِ فِي کُلِّ زمانِ.

مصطفی حسيني طباطبایی
اسفند ١٣٨٦

[1] ئەم بەیتە لە چاپەکەی (نیکلسن)دا بە شێوەیەکی تر هاتووە.

[2] دەفتەری سێیەمی (مثنوي)، نیکلسن، ص٥٩٥.

# به شوێن وەحی قودسییەوە

سەبارەت بەو چاوپێکەوتنەی پەیامنێرە هۆڵندییەکە لەگەڵ (د.سروش)دا، چەند کەسێك لە شارەزایان و زانایان بۆ بەرگریکردن لە (وەحی موحەممەدی)، بۆچوونەکەی (د.سروش)یان دایە بەر ڕەخنە و سەرئەنجام ئەویان وریاکردەوە تا بیروبۆچووونەکەی لەبارەی (وەحی نەبەوی)یەوە ڕۆشنتر بخاتەڕوو. (د.سروش) لە ڕوونکردنەوە و بەرگریکردن لە وتەکانی پێشووی خۆی، لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی ئێرانی (کارگزاران) چاوپێکەوتنێکی نوێی ڕێکخست بوو و لەڕاستیدا وەڵامێك و پەیامێکی نوێی بۆ ڕەخنەگرەکانی نارد. لەم ڕووانگەیەوە شوێنی خۆیەتی کە خاوەنی ئەم پێنووسەش بکەوێتە سەر وتەکانی کۆتایی ئەو و لەڕووی ویژدانەوە ڕەخنەی خۆی بگرێت.

مصطفی حسینی طباطبایی
١٣٨٧ هـ.ش

# وەحی نەبەوی و تەجروبەی ئیتیحادی!

پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی (کارگزاران) بۆ گەیشتن بە بۆچوونی کۆتایی (د.سروش) لەبارەی (وەحی نەبەوی)یەوە لێی پرسی:

((**لە هەندێك لە ڕۆژنامەکان و سایتە ئینتەرنێتییەکاندا هاتووە کە (د.سروش) بە تەواوی دابەزینی قورئان لەلایەن خوداوە ئینکاری دەکات و وەحی بە کەلامی مرۆییانەی (موحەممەد) دادەنێت، ئایا بەم شێوەیەیە؟**)).

(د.سروش) وەڵامی داوەتەوە:

((**پێدەچێت گاڵتەیان کردبێت یان خوانەکردە مەبەستی سیاسی و کەسییان هەبووبێت!**)).

پەیامنێرەکە پرسیویەتی: **ئێستا بیروبۆچوون و ڕوونکردنەوەی ئێوە چییە؟**

(د.سروش) بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە:

((**ان شاء الله گومانی باش و بێئاگاییان لە ماناکان هەبووە، ئەگەرنا کەسێك کە ئاشنا بێت بە ویلایەتی (کلیة الإلهیة) و نزیکی ئەولیاکانی خودا لەخوداوە، وە ئاگای لە (تەجروبەی ئیتیحادی) ئەوان هەیە و، ئاوا بەشێوەی نکۆڵی لێکردن قسە ناکەن. ئەولیاکانی خودا بە شێوەیەك لەخوداوە نزیکن و لەودا فانین کە کەلامیان هەمان(عین)ی کەلامی خودایە و ئەمر و نەهییان و خۆشەویستی(حب) و ڕق(بغض)یان ڕێك هەمان(عین)ی ئەمر و نەهی و خۆشەویستی و ڕقی ئیلاهیە. پێغەمبەری خۆشەویستی ئیسلام مرۆڤ بوو و خۆیشی دانی بە مرۆڤ بوونی خۆیدا ناوە (قُل سُبحانَ رَبّي هَلْ كُنْتُ إلاّ بشراً رَسولاً)، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم مرۆڤە بەشێوەیەك ڕەنگ و وەصفی ئیلاهی گرتبوو و واسیتەکان–تەنانەت جیبریلیش– بەجۆرێك لە نێوان ئەو و خوادا نەمابوون کە هەرچی دەگوت هەم کەلامی مرۆییانەی ئەو بوو و هەم کەلامی وەحییانەی خودا بوو، وە ئەم دووانە لەیەکتری جیا نەدەبوونەوە.**

**همچو سنگی کو شود کل لعل ناب　　　　پُر شود او از صفات آفتاب**

**إن شاء الله هیوام وایە کە بە وردبوونەوە لەم نمونە عیرفانییە، گرێی کێشەکە بکرێتەوە و سەری قسەکانمان ڕوون ببنەوە)).**

✹ ✹ ✹

ئەم هزرە، بناغەی بۆچوونی (د.سروش) لەبارەی (وەحی) و (نبووەت)ەوە نیشان دەدات، وە هەڵبەتە شتێکی نوێ و قسەیەکی تازە ناخاتە ناو نمایشەکەوە، چونکە صۆفییەکانیش هەر لەزووەوە بانگەشەی (ئیتیحاد لەگەڵ خودا)یان هێناوەتە ناوەوە، وە بەردەوام قسەیان لە بارەی (فنا في الله) و (بقا بالله)یان کردووە، وەك (مەولانا) لە بارەی شێخی خانەقاکەیەوە دەڵێت:

کان دعای شیخ نی چون هر دعا ست          فانی است و گفت او گفت خداست!

بەڵام بنچینەی وەحی و نبووەتی پێغەمبەران(علیهم السلام) لەم وتانە جیایە بەتایبەتی وەحی پێغەمبەری ئازیزی ئیسلامﷺ بەم جۆرە ڕوونکردنەوانە ڕوون ناکرێتەوە، بە چەند بەڵگەیەك:

یەکەم: ئەوەی کە ئەگەر پێغەمبەری بەڕێزﷺ هەرچی دەکرد و دەگوت، فیعل و کەلامی خودا بوو، ئەی بۆچی لەقورئانی پیرۆزدا لەبارەی هەندێك کردار و وتەی پێغەمبەرەکەیەوە ڕەخنەی گرتووە؟! وەك ئەوەی کە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِى مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ①﴾ (التحریم: ١)

واتە: ((ئەی پێغەمبەر بۆچی شتێك کە خودا بۆی حەڵاڵ کردوویت لەسەر خۆتی حەرام دەکەیت، تۆ ڕەزامەندی خێزانەکانت دەوێ لەکاتێکدا کە خودا لێخۆشبووی میهرەبانە؟!)).

﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَتَعْلَمَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ㊸﴾ (التوبة:٤٣)

واتە: ((خودا لێت خۆشببێت بۆچی مۆڵەتی گەڕانەوەت دا بەدواکەوتووەکانی شەڕ پێش ئەوەی کە ڕاستگۆکانت بۆ ئاشکرا ببێت و درۆزنەککانیش بناسیت؟)).

دووەم: ئەوەش کە مێژووی ئیسلامی شایەتی بۆ دەدات کە هەندێکجار هاوەڵانی پێغەمبەر لە پێغەمبەرﷺیان دەپرسی کە ئایا فلان بۆچوون لەلایەن خوداوەیە یان بۆچوونی خودی خۆتە؟ وە جاری واهەبوو کە پێغەمبەری ڕاستگۆی سپاردەپارێزﷺ دەیفەرموو کە ئەمە بۆچوونی منە! وەك ئەوەی لەجەنگی (بەدر)دا فەرمانیدا کە سوپای موسوڵمانان لەشوێنێکدا جێگیر بکەن، ئەوەبوو (حُباب بن منذر) پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر ئەم شوێنە خودا دیاری کردووە، ئەوا ئێمە ماف بۆچوون دەربڕین و سەرپێچیمان نییە، وە یان بۆچوون و پلانی جەنگی تۆیە کە پێت گونجاوە لەم شوێنەدابین؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((بَلْ هُوَ رَأيُ و الحربُ و مكيدةٌ)) واتە: ((بەڵکو ئەمە بۆچوون و نەخشەی جەنگییە))، (حُباب) وتی: من شوێنێکی باشتر و گونجاوتر لەم شوێنە دەزانم. ئەوە بوو کە پێغەمبەری خۆشەویستﷺ بۆچوونەکەی پەسەندکرد و هاوڕابوو لەگەڵیدا و چوونە ئەو شوێنەوە کە (حُباب) دیاری کردبوو.[١]

باشە ئەگەر هەموو فەرمان و بڕیارەکانی پێغەمبەری خۆشەویستﷺ ئەمرێکی ئیلاهییانە بوو، چۆن پێغەمبەری خودا دەیتوانی هەندێك لە کاروبارەکان بداتە پاڵ خۆی و لە کاروباری خودایان جیابکاتەوە؟!

سێیەم: وە ئەگەر (فنا فی الله)ش ڕوو بدات، ئەوە نابێتە هۆی نبووەت و ریسالەت، ئەگەرنا ئەو عاریف و ئەولیایانەی کە (د.سروش) باسیان دەکات هەموویان دەبێت پێغەمبەرانی خودا و خاوەن شەریعەت بن! بەڵێ، نبووەت پەیوەندی بە (اصطفی)ی پەروەردگار و پاشانیش بە (القاء كلام إلهي) و (مأمورية)ی خوداوە هەیە، هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا دەیخوێنینەوە کە خودای پەروەردگار بە (موساعليه السلام)ی فەرموو:

﴿قَالَ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنِّى ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَـٰلَـٰتِى وَبِكَلَـٰمِى فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾﴾ (الأعراف: ١٤٤).

[١] (سيرة ابن هشام، ج١، ص٦٢٠، طبعة مصر ١٣٧٥ هـ.) وە هەروەها (مغازي واقدي، ج١، ص٥٣، طبعة اوروبا) وە چەندین سەرچاوەی تر.

واتە: ((ئەی موسا من تۆم بە پەیامەکانم و بە وتەکانم لەناو خەڵکیدا هەڵبژارد، دەی تۆش لە سوپاسگوزاران بە)).

## وەحی ئیلاهی و نێوەندارێتی روح القدس

پەیامنێری ڕۆژنامەی (کارگزاران) دیسانەوە دەپرسێت:

((**کەواتەی ئەی دابەزینی جوبرەئیل و هێنانی وەحی دەبێت بەچی؟**)).

(د.سروش) وەڵامی داوەتەوە:

((**لە بۆچوونی عاریفەکاندا، جوبرەئیل لە موحەممەدﷺ نزیکتر نییە لەخوداوە، بەڵکو ئەوە جوبرەئیلە کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرە. مەگەر لەچیرۆکی (میعراج)دا نەهاتووە کە جوبرەئیل لەکاتی هاوڕێیەتی کردنی پێغەمبەرﷺدا بەجێدەمێنێت و بەهۆی سووتانی پەڕ و باڵیەوە تووشی هەراسانی دەبێت؟ مانای ئەم چیرۆکە چییە؟ مەگەر پێشەوای شۆڕش نەیدەگوت هەر پێغەمبەر بوو کە جوبرەئیلی دادەبەزاندە خوارەوە–نازل دەکرد–؟ ئایا مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە خودا جوبرەئیلی نەناردووەتە خوارەوە؟ یان ماناکەی بە وتەی (مەولانا) ئەمەیە:**

**من نخواهم لطف حق از واسطه — که هلاك خلق شد این رابطه**

**من نخواهم دایه، مادر خوش تر است — موسی ام من، دایه عمن مادر است**

واتە: (من میهرەبانی خودام لەڕێگەی واسیتەوە ناوێت، کە بووە هۆی خەسارەتمەندی خەڵکی ئەم پەیوەندییە، من دایەنم ناوێت دایك خۆشە، من موسام و دایەنی من دایکمە)).

✹ ✹ ✹

لەم ڕوونکردنەوانەدا سەرنجدان لە چەند خاڵێك پشتگوێ خراوە:

یەکەم: نەجوبرەئیل شوێنکەوتەی پێغەمبەر بوو و نەپێغەمبەریش شوێنکەوتەی جوبرەئیل! جوبرەئیل بەفەرمانی خودا دەنێردرا، هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی جوبرەئیل (و فریشتەکانی ترەوە) هاتووە:

﴿وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمۡرِ رَبِّكَۖ﴾ (مريم: ٦٤).

واتە: ((بە فەرمانی پەروەردگارت نەبێت دانابەزین))!

بەڵام پێغەمبەریشﷺ شوێنکەوتەی جوبرەئیل نەبووە، بەڵکو شوێنکەوتەی پەیام و وەحی ئیلاهی بوو کە جوبرەئیل لەلای خوداوە دەیهێنا (واتە: پێغەمبەرﷺ شوێنکەوتەی پەیامەکە بوو نەوەك پەیامهێنەکان) بە بەڵگەی ئەوەی کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ مِن رَّبِّيۚ﴾ (الأعراف: ٢٠٣).

واتە: ((بڵێ: من تەنها شوێنکەوتەی وەحیم کە لەلایەن پەروەردگارمەوە بۆم دێت)).

دووەم: لەپێشتری پێغەمبەرﷺ لەچاو جوبرەئیلدا و زیاتر نزیك بوونی پێغەمبەرﷺ لەخوداوە، نابێتە هۆی ئەوەی کە جوبرەئیل پەیام بۆ موحەممەدﷺ نەهێنێت، چونکە لەهیچ فەرهەنگ و عورفێکدا نەهاتووە کە (پەیام گەیەنەکان) لەو کەسە باشتربن کە پەیامەکەی پێدەگەیەنن! ئەگەر نا دەبوو (هودهود)ی نامەبەر لە سولەیمان پێغەمبەرﷺ باشتر و لەپێشتر بێت!

سێیەم: چیرۆکی بەجێمانی جوبرەئیل لەعروجی پێغەمبەرﷺدا لە پلەیەك و مەقامێکی تایبەتیدا بووە کە لەوێوە بە (میعراجی پێغەمبەر) دادەنرێت، وەك خودی (مەولانا) لەدەفتەری چوارەمی (مثنوی)دا دەڵێت:

چون گذشت احمد ز سدره مرصدش — و ز مقام جبرئیل و از خدش

گفت او را هین بپر اندر پی ام — گفت رو، رو که حریف تو نی ام!

واتە: ((کە ئەحمەد لە سیدرەتولمونتەها تێپەڕی، جوبرەئیل پێی وت تائێرە زیاتر ناتوانم بێم و تۆ بڕۆ و من هاوشانی تۆ نیم)).

وە زانراوە کە ناتوانرێت تایبەت(خاص) لە شوێنی گشت(عام)دا دابنرێت چونکە ((هەر شتێك لە شوێنی خۆی جوانە)).

چوارەم: ئیجتیهاد لە بەرامبەر نەصەوە هەڵەیە. مەتنی وەحی نەبەوی واتە قورئانی پیرۆز، بەئاشکرا دەیخاتەڕوو کە (جوبرەئیل) یان (روح القدس) یان (روح الأمین)، هێنەری وەحی بووە بۆ موحەممەدﷺ و بەیارمەتی خودا بووە، وەك دەفەرموێت:

﴿قُلۡ مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّجِبۡرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلۡبِكَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾(البقرة: ٩٧).

واتە: ((بڵێ: هەرکەسێك کە دوژمنی جوبرەئیلە(ئەوە دوژمنی خودایشە)، دەی ئەو قورئانی بەفەرمانی خودا بۆ سەر دڵی تۆ دابەزاندووە)).

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٩٢ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤﴾ (الشعراء: ١٩٢ – ١٩٤).

واتە: ((بەڕاستی قورئان لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە دابەزیوە، کە روحو لئەمین بۆ سەردڵی تۆی هێناوەتە خوارەوە تا ئاگاداریان بکەیتەوە لەو ترسناکییەی کە یەخەیان دەگرێت)).

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ﴾ (النحل: ١٠٢).

واتە: ((بڵێ: کە روحو لقودس قورئانی لەلای پەروەردگارتەوە بەحەق هێناوەتە خوارەوە)).

سەرەڕای قورئانی پیرۆزیش، مێژوونووسان ئاماژەیان بەوەداوە کە لەڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا (حارث بن هشام) لە پێغەمبەرﷺی پرسی: (یا رسولَ الله کَیفَ یأتیكَ الوحيُ؟)، واتە: (ئەی نێردراوی خودا چۆن وەحیت بۆ دێت؟)، پێغەمبەرﷺ لەوەڵامدا فەرمووی:

(أَحياناً يَاْتِيني مِثْلَ صَلْصَلَةِ اللجَرَسِ و هُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيَفصِمُ عَنّي وَ قدْ وَعَيتُ ما قالَ، وَ اَحياناً يَتَمَثَّلُ لِيَ المَلَكُ رَجُلاً فَيُكَلِّمُني فَاَعِي ما يَقُولُ)[1].

واتە: ((هەندێکجار وەحی لەڕێگەی دەنگێکەوە کە وەك لەرینەوەی زەنگ وایە، پێم دەگات کە قورسترین شێوازی وەحییە و پاشان ئەو بارە لەسەرم نامێنێت و ئەو گفتوگۆیەی کە ڕوویداوە لەهزرمدا دەمێنێتەوە، وە هەندێکجاری تریش فریشتە بەشێوەی پیاوێك خۆی دەنوێنێت و قسەم لەگەڵ دەکات و ئەو قسانەی کە دەیانکات لەبەری دەکەم)).

بە پشتبەستن بەمانە، ئینکاریکردنی دابەزینی فریشتە بۆلای پێغەمبەرﷺ ئیجتیهادێکە بەپێچەوانەی نەصی قورئان و حەدیسی نەبەوییەوە، کە ئیعتیبار و ئیعتیمادی پێناکرێت. هەڵبەتە جەنابی (د.سروش) لە ڕووکاردا(ظاهراً) وجودی جوبرەئیل نەفی ناکات، بەڵام بە(تأویل)دا دەبیات و فریشتەی وەحی (نەك بە هێزێکی سەربەخۆ)، بەڵکو بەیەکێك لەهێزە ڕۆحییەکانی پێغەمبەرﷺ دادەنێت و ئەم بۆچوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نایەوێت لەتەفسیری وەحی نەبەویدا، جگە لەهێزی مرۆیی هیچ شتێکی تر بخاتە پاڵ وەحی و نایەوێت ڕووبکاتە حەقیقەتە مەلەکوتییەکانی جیهان. ئەو فریشتەیەی وەحی کە ناوی (جوبرەئیل)ە لەڕوانگەی (سروش)ەوە، هێزێکە کە لەپاڵ ڕۆحی مرۆییدا هەیە! بەڵام ئەو فریشتانەی کە پێغەمبەرانی خودا(علیهم السلام) وەسفیان کردوون باڵاتر و فراوانترن لەم بیرتەسکییانە و بوونی سەربەخۆیان هەیە تا ئەوەی کە دەتوانن لەشێوەی مرۆڤیشدا خۆیان بنوێنن، هەر بەو شێوەیەی لەچیرۆکی (گەلی لوط)دا لە(قورئانی پیرۆز) و (تەورات)دا هاتووە کە فریشتەکان لەسەر ڕووخساری لاوانی جوان خۆیان نواند و چەند کەسێك لە خراپەکارانی هۆزەکە چاویان تێبڕین، بەڵام بەخێرایی هەموویان نابینا بوون و گرفتاری سزای سەختی پەروەردگار بوون:

﴿وَلَقَدْ رَٰوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِۦ فَطَمَسْنَآ أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا۟ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٣٧﴾﴾ (القمر: ٣٧).

واتە: ((ئەوانە داواکاری دڵی خۆیان لە میوانانی (لوط) دەویست، پاشان چاوەکانیانمان نابیناکرد و ئاوا سزاکان و ئاگادارکردنەوەکانمان لە ترسناکی بچێژن))!

[1] طبقات ابن سعد، ج ١، ص ١٣٢.

بەڕاستی زۆر سەرم لە جەنابی (د.سروش) سووڕ دەمێنێت کە بەبوونی خوێندنەوەی قورئانی کەچی لەم بەڵگە و ئایەتە ڕوونانە دووری گرتووە و ڕووی کردووەتە بیروبۆچوونی باتنیەکان و قەلەندەرانی تەئویلکەر.

دکتۆر لەکۆتایی گفتوگۆکەدا ڕووی کردووەتە بابەتێکی سەرسووڕهێنەر و نامۆی تر و قورئانی پیرۆز و پێغەمبەری بەڕێزیﷺی بە میوەی (ئاڵوبراڵوو) و درەختەکەی چواندووە و قیاسی کردوون!! کە بە بۆچوونی من وەك قیاسی بەبەغا و بەقاڵەکەی (مثنوی) وایە، وە لەکۆتاییشدا بە چەند بەیتێك لەمەدحی پێغەمبەرﷺدا کۆتایی بە گفتوگۆکە هێناوە.

## خدایا عاقبت محمود گردان

# بعثتی نەبەوی و کاریگەرییەکانی

ئەم نووسینە:

گفتوگۆیەکە کە لەگەڵ مامۆستا (طباطبایی)دا ئەنجام دراوە و پاشان بەپێنووسی مامۆستا کراوەتەوە بەم نووسینە.

**پ: مانای بعثت  و ناردنی پێغەمبەری ئیسلام چییە و دابەزینی وەحی لە لایەن خوداوە بەپێی چ فەلسەفەیەك بووە؟**

بعثت، ئیسمێکە لە مصدری (بَعْثْ)ەوە و (بعث)یش لە زمانەوانیدا بەواتای (ڕاچڵەکاندن و هەژاندن و ڕەوانەکردن) دێت. کابرایەکی عەرەب کاتێك وشترەکەی لەشوێنێکدا هەڵدەساندەوە دەیانگوت: ((بَعَثَ النّاقة)) واتە: ((وشترە مێیەکەی ڕاچڵەکاند))، بەڵام (بَعَثَ) لە ڕووی زاراوەی ئاینییەوە و بەکاربردنە قورئانییەکانەوە، لەدوو ڕووەوە زیاتر لەڕووەکانی تر بەکارهێنراوە، یەکێیان زیندووکردنەوەی مردووەکان، هەروەك فەرموویەتی:

﴿ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تُبۡعَثُونَ ١٦﴾ (المؤمنون: ١٦).

واتە: ((پاشان ئێوە لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا زیندوو دەبنەوە)).

وە ئەویتریان ڕاپەڕاندن و ڕەوانەکردنی پێغەمبەرانە، هەروەك دەفەرمووێت:

﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ (البقرة: ٢١٣).

واتە: ((وە خودا پێغەمبەرانی موژدەدەر و هۆشداردەر—ئاگادارکەرەوە لە خراپە—ی ڕەوانەکردووە)).

ئەم دوو بابەتە لەگەڵ جیابوونیان لەگەڵ یەکتردا لەهەمانکاتیشدا لێکچوون و گونجاوییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، واتە دەرکەوتنی پێغەمبەران هەر وەك هاتنی ڕەستاخێز، لەدنیادا هەژاندن و بزووتنەوە و ژیانێکی نوێ دروست دەکات و بەبانگەوازی ئەوان ئەو نەفسانەی کە شایان و ئامادەن خودا ژیانیان پێدەبەخشێتەوە، وەك ئایەتی:

﴿أَوَمَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ ...﴾ (الأنعام: ١٢٢).

واتە: ((ئایا ئەو کەسەی کە مردبوو و پاشان زیندوومان کردەوە ...)).

کە ئەم ئایەتە ئاماژە بەهەمان ئەم مانایە دەکات و، (مەولانا)ش لە (مثنوی)یەکەیدا باسی ئەمەی کردووە، لەو شوێنەدا کە دەڵێت:

هین که اسرافیل وقت اند انبیا      مرده را ایشان حیاتست و نما
جانهای مرده اندر گور تن      بر جهَند ز آوازشان اندر کَفَن

گوید این آوا، ز آواها جداست            زنده کردن کار آواز خداست

هەڵبەتە بەرلەوەی بەشوێن (بعثت)ی (انبیاء)دا قیامەتێك لەجیهانی دەرەکیدا بەرپاببێت، ئەم ڕستاخێزە خودابیە لەدەروون و ناخی پێغەمبەراندا پەیدادەبێت و ئەوان دەگۆڕێت و وەریاندەچەرخێنێت، هەروەك ئەگەر کەسێك بە ویژدان و دادپەروەرییەوە مێژووی ژیانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامﷺ بخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ژیانی بکات بەر لە(بعثت) و پاش لە(بعثت)، ئەم وەرچەرخانە گەورەیە و ڕەستاخێزە ڕۆحییە لەبوونی خۆشەویستدا بەڕوونی دەبینێت و لێی تێدەگات. بەتایبەتی ئەگەر ئەفسانەسازی و خورافەهۆنینەوە بەکارنەهێنرێت و لەجیاتی گێڕانەوەی هەڵبەستراو (رواة المجعول) و هەواڵی نادیار (اخبار المجهول)، قورئانی پیرۆز بخوێنرێتەوە ئەوا جیاوازی نێوان ژیانی پێغەمبەری ئیسلامﷺ لە کۆتاییەکانی سەردەمی نەفامی و لەپاش ڕیسالەتدا بەئەندازەیەك دەبینێت کە لە زەوی تا ئاسمان دەبێت، لەگەڵ ئەم بابەتەدا شاعیرێکی زیرەك هاودەم و هاونەوا دەبێت و دەڵێت:

یتیمی که ابجد نخوانده درست            کتب خانهء هفت ملّت بشست!

واتە ئەو کەسە بە ڕوونی تێدەگات کە بە حوکمی ئایەتی:

﴿مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَٰنُ﴾ (الشورى: ٥٢).

واتە: ((کوا تۆ ئاگاییت لە کتێب و لە ئیمان هەبوو؟)).

وە دەفەرمووێت:

﴿وَمَا كُنتَ تَتۡلُواْ مِن قَبۡلِهِۦ مِن كِتَٰبٖ﴾ (العنكبوت: ٤٨).

واتە: ((کوا تۆ بەرلەوە دەتخوێندەوە؟)).

وە دەفەرمووێت:

﴿وَمَا كُنتَ تَرۡجُوٓاْ أَن يُلۡقَىٰٓ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبُ﴾ (القصص: ٨٦).

واتە: ((کوا تۆ ئومێدی ئەوەت هەبوو کە کتێبت بۆ بنێردرێت؟)).

وه له پاش (بعثت) لەسەر تەختی ﴿وَعَلَّمَكَ مَا لَمۡ تَكُن تَعۡلَمُۚ ﴾ (النساء: ١١٣). واتە: (( خودا شتانێكی فێركردیت كە بەر لەوە نەتدەزانی)) دانیشت و بوو بەمامۆستای كتێب و دانایی و بوو بەپێشەوا و دادوەر و فەرماندە و مامۆستای خەڵكی، وەك (حافظ) له شوێنێكدا دەڵێت: ((مسئله آموز صد مدرّس شد)) واتە: ((بوو به وانەبێژی سەد مامۆستا))، بەڵكو بوو چاكسازیكەری كتێبەكانی پێشوو و ڕێنمونیكەری پەیڕەوانی ئاینەكانی ڕابردوو.

ئەم جیاوازییە قوڵە بەباشی ئەوە نیشاندەدات كە بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێك له ڕۆژهەڵاتناسانی ڕق و كینە لەدڵ، ئەوەی كە موحەممەدی هەڵبژێردراوﷺ بۆی دەهات و پێی دەگەشت خەیاڵاتی وەهماوی نەبوو، بەڵكو وەحییەكی مەشهود و ئەمرێكی مەعلوم بوو:

﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ۝٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ۝٤﴾ (النجم: ٣ – ٤).

واتە: ((لەویست و ئارەزووی خۆیەوە قسە ناكات، ئەوەی دەیڵێت وەحییەكی نێردراوە)).

نكند بر هوی سخن آغاز — نیست جز وحی آنچه گوید باز

بەڵام فەلسەفەی وەحی و هۆكاری دابەزینەكەی، لەم بارەیەوە دەبێت بەگشتی ئەوە بزانرێت كە بۆ كۆمەڵگەی مرۆیی دوو (كمال) پێشبینی كراوە، یەكێكیان ئەو كەماڵەیە كە له پەیدابوونی سیستەمی بینراو (نظام الظارهر) و ماددی ژیاندا بەدەست دێت و، دووەمیشیان كەماڵێكە كە لەبەرجەستەكردنی سیستەمی ڕۆحی و ئەخلاقییەوە بەدەست دێت. هەر وەك شمشێرێك كە یەكەمجار دەبێت دەستگر و تیغە و كێلانی هەبێت و پاشانیش پێویستە كە تیژ و بڕەڕ و درەوشاوە و بریسكەدار بێت. مرۆڤ ڕۆژ و شەو بەشوێن (كەماڵی یەكەم)دا ڕادەكات و هەتا ئێستاكەش بەتەواوەتی بە مەبەست نەگەیشتووە، بەڵام هاتنی پێغەمبەران و دابەزینی وەحی تەنها بۆ ئەوە نییە كە یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ دروستكردنی هەیكەلی دەرەكی و جەستەی ماددی كۆمەڵگە، بەڵكو زیاتر لەو ڕووەوەیە ڕۆحی ئیمانی و ژیانی ڕۆحانی لەكۆمەڵگەدا بێنێتە كایەوە تا لەم ڕێگەیەوە یارمەتی بەرپاكردنی دادپەروەری ڕاستەقینە لەكۆمەڵگادا بدەن، وەك قورئان دەفەرمووێت:

﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ ﴾ (الحدید: ٢٥).

واتە: ((بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان بە بەڵگەی ڕوونەوە ناردووە و کتێب و میزانمان بۆ دابەزاندوون تا خەڵکی بە دادپەروەرییەوە وابەستە بکەن)).

ژیانی ڕۆحانی کە بە (مقوّم)ی دادگەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەڕەنگدانەوەی ئیمان بە خوداوە پەیدادەبێت و پێغەمبەران هاتوون تا خەڵکی فێری بەندایەتی خودا بکەن و بەهاندان بە جێبەجێکردنی دادپەروەری ئامادەیان بکەن بۆ ژیانی نەمری پاش لە مەرگ. پێغەمبەران هاتوون تا (دنیا پەرستی) کە (دایکی هەموو بتەکانە) لەدڵی مرۆڤەکاندا بشکێنن و لەشوێنیاندا تایبەتمەندێتی (خودا پەرستی و دادویستی) دابنێن. پێغەمبەران هاتوون بە مرۆڤەکان بڵێن:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ۝٥﴾

(فاطر:٥)

واتە: ((ئەی خەڵکینە! بەڕاستی بەڵێنی خودا حەقە، دەی با ئەم ژیانی دنیایە فریوتان نەدات و لەکاروبارتاندا بەرامبەر بە خودا لەخۆ بایيتان نەکات)).

ئەمەیە فەلسەفەی دابەزینی وەحی و هاتنی پێغەمبەرانی حەق و ڕێی گەیشتن بە ژیانی باڵای ڕۆحانی و بەرپاکردنی لوتکەی دادپەروەری! هەڵبەتە هەموو پێغەمبەرانی خودا (مظهر و محور و قطب)ی ئەم ژیانە مەعنەوییە بوون و بە سەرمەشقی مرۆڤ دادەنرێن لەم ڕێگەیەدا، بەڵام پێغەمبەری گەورەی ئیسلامﷺ بە حوکمی:

((بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مَكارِمَ الأَخْلاقِ)) واتە: ((ڕاپەڕێنراوم تا ڕەوشتە بەرز و باڵاکان تەواو بکەم))، وە بە خاتەمی پێغەمبەران و تەواوکەری ڕێگای پێغەمبەرانی پێشین دادەنرێت و بە وتەی (شبستری):

| | |
|---|---|
| در این ره انبیا چون ساربانند | دلیل و رهنمای کاروانند |
| وز ایشان سَیّدِ ما گشته سالار | همو اوّل همو آخِر در این کار |

پ: (بعثت)ی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامﷺ سەرەتای دەستپێکی چ گۆڕانکاریی و جموجوڵێك بوو لەجیهاندا و بەرجەستەترین دەستکەوتەکانی دەرکەوتنی چی بوو؟

یەکەم: پێغەمبەری بەڕێزی ئیسلامﷺ گەورەترین بانگەوازکار و بانگدەری یەکتاپەرستی(توحید)ە. ئاینە یەکتاپەرستییەکانی پێش ئەو هەموویان دوچاری شیرك بووبوون. (بتپەرستی، گۆڕپەرستی، شەیتان پەرستی، جنۆکەپەرستی، ئاگرپەرستی، بوداپەرستی، عەزراپەرستی، و عیساپەرستی و ... هتد) مرۆڤیایەتییان بەگشتی لە یەکتاپەرستی پاك دوورخستبوویەوە. کاهینەکان و ئەحبارەکان و ڕاهیبی مەزهەبەکان خەڵکییان بۆ گوێڕایەڵی پوخت و خزمەتکردن و بەندایەتیکردنی خۆیان بانگدەکرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سەرچاوەی خۆشی و بەدبەختی و بەدەستهێنانی بەهەشت و بەدووربوون لە دۆزەخ لەدەستی ئەواندایە. موحەممەدﷺ بوو کە بانگی: ((لا إلهَ إلاّ الله))ی لەدنیادا ڕاگەیاند و بەسەر مزگەوتەکانەوە بەسەر مرۆڤدا هاواری کرد: ((لا إلهَ إلاّ الله)) هەر پەرستراوێکی تر جگە لە خودا باتڵە! ئەو بوو کە وتی:

﴿ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: ((خودا بپەرستن و لە تاغوت دووربکەونەوە)).

روی از خدا به هرچه کنی، شرکِ خالص است توحید محض، کز همه رو در خدا کنیم

ئەوبوو کە (بعثت)ی لەناکاوی ئاگری لەبێستانی ئەندێشە شیرکاوییەکاندا هەڵگیرساند و وانەی یەکتاپەرستی فێری (عەرەبەکان و فارسەکان و تورکەکان و میسرییەکان و ... هتد) کرد و لەمە باڵاتر ئیتر چ خزمەتێك؟ وە لە فەرهەنگی یەکتاپەرستی و دیارتر چ فەرهەنگێك؟

دووەم: ئاینی موحەممەدییﷺ کەلێنی نێوان (عەقڵ) و (ئیمان)ی پڕکردەوە. قورئانی پیرۆز پڕە لە بانگەوازکردن بۆ (تعقّل و تفکّر و تذکّر و تدبّر). ڕووی قسەی ئیسلام لەزانایانە، قورئان دەفەرموێت:

﴿وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ﴾ (سبأ: ٦).

واتە: ((زانایان دەزانن کە ئەوەی لەلایەن خوداوە بۆت نێردراوەتەخوارەوە حەقە)).

قورئان  دەفەرمووێت:

﴿وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ (العنكبوت: ٤٣).

واتە: ((ئەم نمونانە بۆ خەڵكی دەهێنینەوە، بەڵام جگە لە زانایان كەس لە حەقیقەتیان دەرك ناكات)).

قورئان دەڵێت:

﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ﴾ (الزمر: ١٧ — ١٨).

واتە: ((موژدە بدە بەو بەندانەم كە گوێ لە هەموو وتەیەك دەگرن، پاشان پەیڕەوی لە باشترین وتەیان دەكەن)).

قورئان هێڵی پوچەڵكردنەوەی هێنا بەسەر دەمارگیری فیكریدا و بەسیفەتی نەفامی ((حَمِيَّة الجاهلِيَّة))ی دانا. قورئان فەرمانیدا كە هەمووان سەرنج لە سیستەمی ئاسمانەكان و زەوی بدەن و بیری لێبكەنەوە و فەرمووی: ﴿قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ﴾ (یونس: ١٠١). پێغەمبەری گەورەی ئیسلامﷺ بە موسوڵمانانی فەرموو لەبێشكەوە تا گۆڕ بەشوێن زانستەوە بن و، هاتنی ئەو سەرەتای زانستخوازی و بیرۆكەی ئازادی بوو بۆ مرۆڤایەتی. قورئانی پیرۆز هەر لەسەرەتای هاتنی وەحییەوە بە فێربوونی مرۆڤ لەڕێی پێنووسەوە دەستی پێكرد و بە گەورەترین بەخششی پەروەردگاری دانا لەپاش بەدیهێنان ﴿ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾﴾ (العلق: ٤ — ٥). بەشوێن هەمان ئەم فێركارییەدا بوو كە كاروانی زانست لەجیهانی ئیسلامیدا كەوتەڕێ، موسوڵمانان دەستیان كرد بە وەرگێڕان و لێكدانەوە و تەكمیلكردنی مەتنە یۆنانییەكان. دەیانی وەك (ابو ریحان و ابن هیثم و رازی و ابن سینا و طوسي و ابن رشد و ابن خلدون و ... هتد) دەركەوتن. موسوڵمانانی ئیسپانیا زانستی ئەزموونییان بردە ئەوروپا و كەسانی وەك (سیلڤێستریێی دووەم) — كە دواتر بوو بە پاپا— لەلای موسوڵمانان زانستی خوێند. ئێستاكە هەموو ئەهلی تەحقیق بەتایبەت زانایانی (مێژووی زانست) دانیان بەوەدا ناوە كە لەسەرهەڵدانی (ڕێنیسانس)دا لەڕۆژئاوا، ئیسلام یەكێك بووە لە هۆكارە كاریگەرەكان. ئایا باڵاتر لەم دیاری و خەڵاتە كە موحەممەدﷺ لە تاریكترین ڕۆژگار و سەرزەمینەوە بۆ مرۆڤایەتی هێنا، دیاری و خەڵاتێكی تر شك دەبەن؟

سێیەم: ئیسلام خۆی بە ئاینێکی پشتگیریکەری دادگەری کۆمەڵایەتی ناساندووە و دادپەروەری پێگایەکی سەنگینی لەپەیوەندییەکانی خەڵکیدا هەیە لەگەڵ یەکتردا. لە (ئیمامی عەلی رضي الله عنه)یان پرسی: ((دادپەروەری باشترە یان بەخشندەیی؟!)) ئیمام فەرمووی: ((العَدلُ يَضَعُ الأُمورَ مَواضِعَها، وَ الجُودُ يُخرِجُها مِن جِهَتِها، وَ العَدلُ سائسٌ، وَ الجُودُ عارِضٌ خاصٌّ، فَالعَدلُ أَشرَفُهُما و أَفضَلُهُما))[1].

واتە: ((دادپەروەری کارەکان لەشوێنی خۆیدا دادەنێت و بەخشندەییش کارەکان لەشوێنی خۆیان دەباتە دەرەوە، دادپەروەری سیاسەتییە و لەبەرژەوەندی هەموواندایە و بەخشندەیی کارێکە لەسوودی تایبەتەکاندایە، کەواتە دادپەروەری ڕێکوپێکتر و باشترە)).

ئیسلام هەم لە(رأي) و (نظر) و هەم لە(مقام)ی کاردا، دادپەروەری زۆر بە پایەبەرز و بەڕێز داناوە و لەسەر بنچینەی ئەوە یاسای داناوە، قورئان دەفەرمووێت:

﴿كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ﴾ (النسا ء ١٣٥).

واتە: ((بەرپاکەرانی دادپەروەری بن)).

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ﴾ (المائدة: ٨).

واتە: ((دوژمنایەتی لەگەڵ کەسانێکدا واتان لێنەکات کە دادپەروەری بەرپانەکەین)).

ئەگەر (سوقرات) لە بارەی دادپەروەرییەوە لەگەڵ دۆستانیدا دادەنیشت و باس و گفتوگۆی دەکرد، ئەوا پێغەمبەری ئیسلام صلى الله عليه وسلم دادپەروەری لەناو هاوەڵەکانیدا بەرجەستە دەکرد بەجۆرێك تەنانەت ئامادەبوو کە قامچی لە شانەکانی بدەن، چونکە ئەو قامچییەی کە بەدەستییەوە بوو، بەبێئەوەی ئاگای لێبێت بەهێواشی بەر شانی پیاوێك کەوتبوو! عەلی رضي الله عنه ئاسنی تواوە(حَديدَةُ المُحماة)ی لەدەستی برادەرێکی نزیککردەوە، وە ئەویش لە حەقی خۆیدا داوای زیاتر لەوەی لێکرد کە مافی خۆی بوو! بەڵێ ئیسلام حەقیقەتی دادپەروەری (نەك شیعاریەکەی) بەجیهان نیشاندا و زۆرێك لەپەیڕەوانی خۆی بە دادپەروەریەوە پەیوەستکرد و کارەکەی گەیاندە ئاستێك بە وتەی پرۆفیسۆر (تۆماس ئارنۆڵد)ی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئینگلیزی:

[1] نهج البلاغة، كلمات قصار،٤٣٧.

((ئەو کاتەی سوپای موسوڵمانان گەشتە شیوی ئەردەن، (ابو عُبَیدة) خێوەتەکەی خۆی جێگیرکرد، دانیشتووە مەسیحییەکانی ناوچەکە نامەیەکیان بەم شێوەیە بۆ موسوڵمانان نارد: ((ئەی موسوڵمانان، ئێمە ئێوەمان لەڕۆمەکان پێباشترە، هەرچەندە ئەوان لە خۆمانن! چونکە ئێوە ئێمەتان لەئاین و ئیمانی خۆماندا ئازاد کردووە و زۆر بەسۆز و میهرەبانییەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکەن و لەکاروبارتاندا خۆتان دەپارێزن لە ستەم لێکردنمان و حوکومەتی ئێوە لەلای ئێمە لەحوکومەتی ڕۆمەکان باشترە، چونکە ئەوان دەست بەسەر سەروەت وسامانەکانماندا دەگرن وماڵەکانمان داگیردەکەن)).

خەڵکی (ئەمسا) دەروازەکانی شارەکەی خۆیان بە ڕووی سوپای (هیراکلیۆس –هرقل–)دا بەست و بە موسوڵمانانیان ڕاگەیاند کە حوکومەتی ئیسلامی و دادپەروەری ئیسلامییان لە بێدادی و زۆر و ستەمی ڕۆمییەکان پێ باشترە))[1].

ئەمانە چەند نمونەیەك بوون لە دەستکەوتەکانی (بعثت) و دیاری موحەممەدﷺ کە پێشکەشی جیهان کرا و ئێمەی موسوڵمانانیش زیاتر لە هەموو گەل و نەتەوەکانی تر، دەبێت پێزان و سوپاسگوزاری ئەو دەستکەوتانەبین و ئەم سوپاسگوزارییەشمان دەبێت لەڕەچاوکردنی یەکتاپەرستی خاوێن و ڕێزگرتنی زانست و پارێزگاریکردن لەئازادی و دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە شیرك و نەفامیی و داپڵۆسین و ستەمێکدا ڕەنگبداتەوە. کۆتایی قسەکانم بەم شا بەیتەکەی (سعدی شیرازی) دەهێنم کە دەڵێت:

محالست سعدی که راه صفا توان رفت جُز در پی مصطفی

واتە: ((ئەستەمە کە سەعدی بتوانێت بە ڕێگای خۆشی و بەختەوەریدا بڕوات جگە لە ڕێگەکەی پێغەمبەرﷺ)).

✹ ✹ ✹

مصطفی حسینی طباطبایی

پێنج شەممە ٦ آذر ١٣٧٦ خ.ك.

٢٦ رجب ١٤١٨ك.

٢٧ نۆڤەمبەر ١٩٩٧ ز.

[1] تاریخ گسترش اسلام، ص ٤٢، از انتشارات دانشگاه تهران.

# موحەممەد(ﷺ)،

# پێغەمبەری ڕەحمەت و دادپەروەری

(ئەم نووسینە کورتە لەسەر داوای یەکێك لە هاوڕێکانم بۆ ناساندنی پێغەمبەری بەڕێزی ئیسلامﷺ بۆ خەڵکی ڕۆژئاوام نووسی تا وەربگێڕدرێت بۆ زمانی ئینگلیزی و پاشان پێم باش بوو کە بیخەمە بەردەستی خوێنەوارانی فارسی زمان. بەهیوای ئەوەی بەتایبەت لاوان لەناسینی پێغەمبەری ڕاستگۆی ئیسلامداﷺ لەم کورتەیە بەهرە وەربگرن)

١٣٧٩خ.

مصطفی حسینی طباطبایی

لەناو ئەوکەسانەدا کە لەبەرپاکردنی شۆڕشە زۆرمەزنەکانی مێژوودا کاریگەربوون، یەکێکیان موحەممەدﷺ پێغەمبەری ئیسلامە. عەرەب پێش لە دەرکەوتنی موحەممەدﷺ هەرگیز حکومەتێکی یەکگرتوو و بەهێزی بەخۆیەوە نەدیبوو و مانای (دەوڵەت) لەلای عەرەبی پەرش و بڵاو تازە و نوێ بوو، کە هەر دەستەیەکیان گوێڕایەڵی گەورەی هۆزەکەی خۆی دەکرد.

ئاینی عەرەب ئاینێکی تەواو بتپەرستی بوو. ئەو پەرستگا کۆن و بەناوبانگەی کە بە ناوی (کەعبە) لەشاری مەککەدا بوو، جێگای تەواف و پاڕانەوەی هۆزە عەرەبەکان بوو و پڕبوو لە ژمارەیەکی زۆر بتی جۆراوجۆر. جارناجار ژنانێك بۆ سەردانی کردنی ئەم پەرستگایە دەهاتن و بە ڕووت و قوتی بەدەوریدا دەسووڕانەوە و شیعریان دەخوێندەوە!! گەورە پیاوانی عەرەب کەسانێکی پێداگر و گەندەڵ بوون و سیستەمی سووخواردن و کۆیلایەتیان لەناو عەرەبەکاندا پیادەدەکرد و کەنیزەکەکانی خۆیان بۆ زیاد کردنی سەروەت و سامان بەزۆر ناچار بەداوێن پیسی دەکرد! ژنانیش لەبەرئەوەی توانای جەنگ کردنیان نەبوو و لەم ڕووەوە نەیان دەتوانی بەرگری لە هۆزەکە بکەن، بەگشتی لە پشکی بۆماوە(إرث) بێبەش بوون و هەندێکجاریش خۆیان وەك بۆماوەیەك(میراث) لەپیاوێکەوە دەگوازرانەوە بۆ پیاوێکی تر. دڵڕەقی بەجۆرێك عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی لەخۆگرتبوو کە کچانیان بە سەرشۆڕی و مایەی ئابڕوچوونی باوك دەزانی و جارناجار کچۆڵە بێتاوانەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرد! لەدوورگەی عەرەبیدا کۆمەڵێك جوولەکە دوور لە مەککە دەژیان و لە دەوروبەری (نەجران)یش مەسیحی دەژیان، بەڵام هیچ کامێکیان نەیان توانی بوو عەرەبەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن و کاریگەرییەکی گرنگ لەبیروبۆچوونی ئاینی و ڕەوشتی ئەواندا دروستبکەن، بەڵکو خۆیشیان لەناو وەهم و خورافاتدا ڕۆچووبوون!

لەبارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، موحەممەدﷺ بەرامبەر بە ساڵی ٥٧٠ زاینی لە شاری (مەککە) چاوی بەجیهان هەڵهێنا، باوکی (عبدالله) کە سەرقاڵی کاری کڕین و فرۆشتن بوو، دوومانگ پێش لە لەدایکبوونی کوڕە تاقانەکەی لە ژیان کۆچی کرد. وە دایکیشی (ئامینە) نزیکەی دوو ساڵ پاش لە لەدایکی بوونی ئەو کۆچی دوایی کرد. موحەممەدﷺ سەردەمی منداڵی بە تاڵی هەتیوی بەسەربرد و ڕۆژەکانی بە شوانی لەبیابانی عەرەبستاندا بەسەردەبرد و هیچ کاتێك نەچوویە مەکتەب و خوێندنگەوە و فێری خوێندنەوە و نووسین نەبوو. ئەو کەمتر لە (مەککە) دەچوویە دەرەوە، لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا لەگەڵ بێوەژنێکدا بەناوی (خەدیجە) کە ٤٠ ساڵ بوو، ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا و تا ئەو کاتەی ئەو زیندوو بوو هاوسەرێکی تری نەهێنا و لەو ڕووەوە کە (خەدیجە) ژنێکی ساماندار بوو، موحەممەدﷺ کەمێك لە زەحمەتی بژێوی ئاسوودەبوو. موحەممەدﷺ بەر لەسەردەمی پێغەمبەرایەتی لەڕووی ڕەوشتییەوە جێی سەرنجی

خەڵکی (مەککە) بوو و بەهۆی ڕاستگۆیی و سپاردە پارێزییەکەیەوە بە (محمد الأمين) ناوبانگی دەرکردبوو.

لەنزیکی ٤٠ ساڵیدا خەونە ڕاستگۆیانەکان بۆ موحەممەدﷺ هاتن و لەساڵی چلەمی تەمەنیدا شەوێك لە کێوێکی نزیك مەککە بۆ یەکەمینجار فریشەی پەروەردگاری بینی! و ئەوی بینی کە لەئاسۆی بەرزی ئاسمانەوە دێتە خوارەوە. فریشتەی پەروەردگار، بە موحەممەدێك کە نەکتێبی خوێندبوو و نەفێرکاری بینی بوو، فەرمانی خوێندنی (کتێبی خودا)ی پێدا! یەکەمین ئایەتانێك کە لەوشەوەدا بۆ موحەممەدﷺ هاتنەخوارەوە، ئەم ئایەتانە بوون:

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥﴾ (العلق: ١ — ٥).

واتە: ((بخوێنە بەناوی پەروەردگارت کە بەدیهێناوە! مرۆڤی لەخوێنێکی هەڵواسراو[١] بەدیهێنا. بخوێنە! و پەروەردگارت لە هەمووان بەڕێزترە. ئەو زاتەی کە بە پێنووس فێردەکات! مرۆڤی فێری ئەو شتەکرد کە نەیدەزانی)).

لەپاش ئەمە، بەدرێژایی بیست و سێ ساڵ شەو و ڕۆژ و لەگەشت و لەماڵەوەدا، فریشتەی پەروەردگار بۆلای موحەممەدﷺ دەهاتە خوارەوە و ئەوی ڕاپەڕاند بەخوێندنەوەی کتێبێك کە ئەویش بەکتێبی پیرۆزی موسوڵمانان دادەنرێت و پێی دەوترێت (قورئان). موحەممەدﷺ کە خۆی نەیدەتوانی بنووسێت، ئەو وتانەی بە یارانی ڕێنووس دەکرد و لەسەر ئێسك و پێستی ئاژەڵ و توێکڵی درەختەکان دەیان نووسین و پاشان لەڕووی ئەو نووسراوانەوە چەندینی تر لەبەردەگیرانەوە.

فێرکارییەکانی قورئان هەر لەسەرەتای بانگەوازدا، لەسەر بنچینەی یەکتاپەرستی پوخت بنیادنرابوو. جیهان لەدیدگای قورئانەوە سیستەمێکی یەکگرتوو و هەماهەنگی نیشاندەدا کە بە نوێنەری ویستێکی فەرمانڕەوا و بەتوانا دادەنرا. لەبەرئەمە لەدیدگای قورئانەوە شوێنێك بۆ خودایان و ویستە پەرش و بڵاو و سەربەخۆکان لەسیستەمی گێتیدا بوونی نەبوو[٢]. لەمەنتیقی قورئاندا ئافەرینش بەرەو ئایندەیەك کە

---

[١] (علق) کۆی (علقة)یە بە مانای (هەڵواسراو) دێت کە بە دیواری منداڵدانەوە خۆی دەلکێنێت.

[٢] ﴿لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ﴾ (الأنبياء: ٢٢)

(ڕەستاخێزی گەورە)یە بەڕێ دەکەوێت[1] و لەم ناوەندەدا مرۆڤ زیاتر لە هەموو بوونەوەرانی سەر زەوی و ئاسمان، بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە و یان بەدەربڕینی قورئان: باری سپاردەی پەروەردگار، مرۆڤ بە کۆڵ هەڵی دەگرێت[2]!

بە بۆچوونی قورئان، هاتنی ئاینەکان بۆ ڕێنمونیکردنی مرۆڤە بەرەو حیکمەتی گشتی بەدیهێنان و پاککردنەوەی دەروون لە پیسیە ڕەوشتییەکان[3] و بەرپاکردنی دادگەری کۆمەڵایەتیە[4]، بەڵام پەیڕەوانی ئاینەکانی تر بەردەوام لەفێرکارییە یەکەمییەکان دوورکەوتوونەتەوە و ڕێگای جیاوازی و لێکجیاییان گرتبوویەبەر،[5] وە موحەممەدﷺ کۆتا پێغەمبەرێك بوو[6] کە بۆ چاکسازی ئاینەکان و لابردنی جیاوازییەکانیان[7] و هەروەها بۆ تەواو پڕکردنەوەی ڕەوشتە بەرزەکان[8] نێردرابوو. موحەممەدﷺ زۆر بەتوندی دژایەتی بتپەرستی کرد و ئەم کارەی بەنیشانەی هەرەسهێنانی مرۆڤ دانا. سیانەیی(تثلیث) لەدیدگای قورئانەوە بوچ و باتڵ بوو[9] و هیچ پێغەمبەرێك جگە بۆلای خودای یەکتا بۆ هیچی تر بانگەوازیان نەکردووە[10]. قورئان زۆر بەتوندی بەرەنگاری ئەو ڕاهیب و زانا مەزهەبییانە بوویەوە کە خەڵکییان بە مرۆڤ

---

[1] ﴿وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ﴾ (الحج: ٧).

[2] ﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ﴾ (الأحزاب: ٧٢).

[3] ﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ﴾ (البقرة: ١٢٩).

[4] ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ﴾ (الحديد: ٢٥).

[5] ﴿فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ۝٥٣﴾ (المؤمنون: ٥٣).

[6] ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ (الأحزاب: ٤٠).

[7] ﴿تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٦٣ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ۝٦٤﴾ (النحل: ٦٣ – ٦٤).

[8] بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ حُسْنَ الأخلاق. (الموطأ، جزء ٢، ص ٢٢١).

[9] ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ (المائدة: ٧٣).

[10] ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ۝٢٥﴾ (الأنبياء: ٢٥).

پەرستییەوە پەیوەست کردبوو[1] و سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیان بەناڕەوا دەخوارد[2]. ڕقلێبوونەوەی دەمارگیرانە لەدیدگای قورئانەوە بەتەواوەتی نادروست بوو و هەموو تاکەکانی مرۆڤ، لەژن و پیاوێکەوە پەیدابوون و هاوڕیشەبوون و هیچ کەس لەوی تر باشتر نەبوو لەلای خودا جگە لەڕووی لەخواترسییەوە نەبێت[3].

موحەممەدﷺ فەرمانیدەدا کە ((فێربوونی زانست لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویستە))[4]، بۆچوونی قورئان لەبارەی سەروەت و سامانەوە ئەمەبوو کە: نابێت سەروەت و سامان تەنها لەدەستی دەوڵەمەنداندا کۆ ببێتەوە[5]، بەڵکو دەبێت بەناو هەموو چینەکاندا هاتووچۆ و دەستاودەست بکات و دابەش ببێت. قورئان بۆ ژنانیش وەك پیاوان ماف دانا[6] و ڕێگریکرد لە ستەم و توندوتیژی بەرامبەریان. یەکێك لە مەرجەکانی قورئان بۆ دەربازبوون لە سەختییەکان و چوونە بەهەشت، ئازادکردنی کۆیلەکان بوو[7].

وە قورئان گەورەترین پەرجوو(معجره)ی موحەممەدﷺ بوو، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو خوێندەواری نەبوو، کتێبێکی هێنا کە بابەتەکانی پەیوەست بە ئیلاهیات و سروشت و ژیان و یاساکانی ماف و ڕێساکانی ڕەوشت و بیروباوەڕی نەتەوەکان و چیرۆکی پێغەمبەران و ڕووداوەکانی پاش لە مەرگ و پێشبینی ڕاست و چەندین بابەتی تری لەخۆگرتبوو و هەموو ئەمانەش بەشێوازێك بوو کە نە بەشیعر و نە بەپەخشان نووسرابوو! وە لەڕووی جوانی و سەرنجڕاکێشی وتەکانی و پڕشنگداری واتاکان و پاکی فێرکارییەکانی و بەدەربوون لە دژیەکی، بەرهەڵستکاران و دژایەتیکارانی بانگکرد تا بە یارمەتی یەکتر

---

١ ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣١).

٢ ﴿۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡأَحۡبَارِ وَٱلرُّهۡبَانِ لَيَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ﴾ (التوبة: ٣٤).

٣ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ﴾ (الحجرات: ١٣).

٤ "لبُ العلمِ فَريضَةٌ عَلى كُلِّ مُسلِمٍ. (الجامعُ الصغير، جزء ٢، ص ٥٤).

٥ ﴿كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ﴾ (الحشر: ٧).

٦ ﴿ وَلَهُنَّ مِثۡلُ ٱلَّذِي عَلَيۡهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ﴾ (البقرة: ٢٢٨).

٧ ﴿فَلَا ٱقۡتَحَمَ ٱلۡعَقَبَةَ ﴿١١﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡعَقَبَةُ ﴿١٢﴾ فَكُّ رَقَبَةٍ ﴿١٣﴾﴾ (البلد: ١١–١٣).

تەنانەت بەشێك یان سورەتێك وەك ئەو بهێنن و نەشیان دەتوانی! و بەوتەی قورئان: بەهیچ شێوەیەك هیچ کەسێك ناتوانێت وەك ئەوە بهێنێت[1] !

لەمەککەدا کۆمەڵێك باوەڕیان بە موحەممەدﷺ هێنا کە هەندێکیان لە خزمان و کەسە نزیکەکانی ئەو بوون، بەڵام لەویّ کە مەککەیە و بە شاری پیرۆزی بتپەرستەکان دادەنرا و ساڵانە هۆزە عەرەبەکان بۆ سەردانیکردنی بتەکانی خۆیان بەرەو مەککە دەهاتن و لەم ڕووەوە گەورە پیاوانی مەککە سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەترسناکیدا بینیەوە بەهۆی ئەو دژایەتییە سەختەی کە موحەممەدﷺ بەرامبەر بە بتپەرستی دەیکرد و هەروەها ئەو دەمارگیرییەی کە بۆ باوانیان هەیان بوو، بوو بە ڕێگر لەبەردەمیاندا کە خەڵکی مەککە هەمووان بانگەوازەکەی موحەممەدﷺ پەسەند بکەن، بەڵکو بەرامبەر بە ئەو و هاوەڵەکانی ڕێگەی دژایەتی و خراپەکارییان گرتەبەر. موحەممەدﷺ لەم قۆناغەدا زۆربەسەختی بەرگری و خۆڕاگری کرد و هاوەڵەکانی بۆ خۆڕاگری هاندەدا. موحەممەدﷺ لەهەمان کاتدا ئەو هۆزانەی بۆلای ئیسلام کە ئاینی پەروەردگار بوو بانگهێشت دەکرد، کە ساڵانە دەهاتن بۆ سەردانی کەعبە. سەرئەنجام لەپاش ١٣ ساڵ ڕەنج و مەینەت، موحەممەدﷺ بڕیاریدا لە مەککە کۆچ بکات و وردەوردە هاوەڵەکانی و لەکۆتایشدا خۆی لەشەوێکی سەختدا کە گیانی لەمەترسیدا بوو بەرەو شارێکی تر کە ناوی (یەسریب) بوو کۆچیان کرد. دانیشتوانی شارە نوێیەکە کە پێشتر زۆربەیان لەڕێگە خودی موحەممەدﷺەوە باوەڕیان بەخودای تاك و تەنها هێنابوو و ئیسلامیان هەڵبژاردبوو و، پێشوازییەکی گەرم و گوڕیان لە موحەممەدﷺ و هاوەڵەکانی کرد کە پێیان دەوترا کۆچکردووان(مهاجرین). موحەممدﷺ لە یەسریب کە دواتر ناویان نا شاری پێغەمبەر (مدینة النّبيّ) مزگەوتێکی بنیادنا کە بوو بەناوەندی فێرکاری و جێگای پێشەوایەتی کردنی و لەنێوان کۆچکردووانی مەککە و بڕوادارانی مەدینەدا کە پێیان دەوترا پشتیوانان(أنصار)، پەیماننامەی (برایەتی) بەست و کۆمەڵگای بڕوادارانی پێکهێنا و لەبەرئەوەی لەم شارە نوێیەیاندا کۆمەڵێك لە جوولەکەکان دەژیان، بۆ ئەم شارە یاسایەکی دانا کە پارێزەری مافی هەموو خەڵکی شارەکە بێت و لەگەڵ جوولەکەکاندا بەڵێننامەی بەست کە هاوکارییەکتر بکەن و یەکگرتووبن و دژایەتی یەکتری نەکەن و خیانەت لەیەکتر نەکەن. هەنگاوینا بەرەو بانگهێشتکردنی

---

[1] ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا﴾ (البقرة: ٢٣ – ٢٤).

هۆزەکانی تری عەرەب. زۆری نەخایاند کە بتپەرستانی مەککە لە زیادبوونی لایەنگرەکانی کەوتنە مەترسییەوە و بە سووپایەکەوە کە سێ هێندەی سوپاکەی موحەممەدﷺ بوو، ڕووبەڕوو بوونەوە. لەم شەڕەدا کە ناوی نەبەردی بەدرە (غزوة بدر)ە، چەند پەرجوویەك (موعجیزەیەك) لەموحەممەدﷺەوە دەرکەوتن و ئەو مشتە خۆڵ و لمەی کە ئەو بەرەو ڕووی دوژمنەکانی هەڵیدا، لێزمەبارانێکی زۆر و بەخوڕی دروستکرد و بەدەربڕینی قورئان سوپایەکی نەبینراوی خودایی بۆ یارمەتی باوەڕداران نێردران[1] و بتپەرستان بەسەختی تێکشکێنران و دەستبەسەر کران. موحەممەدﷺ لەگەڵ دیلەکاندا بەدڕەفتاری نەکرد و ڕێگریکرد لە بڕین و شێواندنی جەستەی کوژراوەکان کە خووی عەرەب بوو. لەمە بەدواوە ناوبەناو شەڕ و پێکدادان لە نێوان موحەممەدﷺ و بتپەرستانی مەککە و هاوپەیمانەکانیاندا ڕوویدەدا کە بەناوبانگترینی ئەم جەنگانەش نەبەردی ئوحود(غزوة أُحُد) و نەبەردی حیزبەکان یان (خەندەق) بوو و لەزۆربەی جەنگەکاندا موحەممەدﷺ سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. لەکۆتاییدا پەیمانی ئاگربەست لەنێوان مەککەییەکان و موحەممەدﷺدا بەسترا و لەبەرئەوەی بتپەرستەکانی مەککە ڕەچاوی بەندەکانی پەیماننامەکەیان نەکرد و پەیماننامەکەیان شکاند، موحەممەدﷺ هێرشی کردە سەر مەککە و ئەو شارەی زۆر بەئاسانی ڕزگارکرد و بتەکانی شکاند و لە کەعبە کردنیەدەرەوە و ئەو پەرستگا پیرۆزەی تایبەتمەندکرد بەپەرستنی خودای تاك و تەنهاوە و لەگەڵ ئەو هەمووە زیان و ناڕەحەتیانەدا کە لەلایەن خەڵکی مەککەوە تووشی هاتبوو، بەڵام فەرمانی نەدا بە کوشتوبڕی خەڵکی مەککە، بەڵکو لێیان خۆشبوو! وە ئەم کارەی ئەو بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی مەککە بەئارەزووی خۆیان و بەوتەی قورئان ((پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئاینی پەروەردگارەوە))[2]! لەپاش ڕزگارکردنی مەککە، موحەممەدﷺ لەگەڵ بتپەرستەکانی تردا جەنگا و جوولەکەکانی مەدینەش کە خیانەتیان کرد و لەدژی وەستانەوە و لەگەڵ بتپەرستاندا یەکیانگرتبوو لە شوێنەکانی خۆیان دەریکردن و بە نزیکەیی هەموو نیمچە دوورگەی عەرەبی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و حکومەتێکی یەکگرتووی لەسەر بنەمای یاسا قورئانییەکان دامەزراند.

پێغەمبەرانی پێشین هەریەکەیان بە چەند موعجیزەیەکی تایبەتییەوە دەردەکەوتن، بەڵام موحەممەدﷺ خۆی بە موعجیزەی مێژوو دادەنرێت! ئەو کەسێك بوو کە بەرهەمی کارەکەی زیاتر

---

[1] ﴿وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ... ﴾ (التوبة: ٢٦) و سەبارەت بە جەنگی بەدریش سەیری ئایەتەکانی ٩ و ١٩ و ١٢ی سورەتی (أنفال) بکەن.

[2] ﴿وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ۝﴾ (النصر: ٢).

لەهەموو چاکەکاران و پێغەمبەرانی تر گەورەتر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە نەخوێندەوار بوو، گەورەترین فەرهەنگی ئاینی دامەزراند! وە لەگەڵ ئەوەشدا کە کارمەندی هیچ دەوڵەت و حوکومەتێك نەبوو، حوکومەتێکی بەتوانا و زۆر بەهێزی دامەزراند! لەگەڵ ئەوەشدا کە سەربازی نەکردبوو و یاساکانی جەنگی نەخوێندبوو، گەورەترین فەرماندەی جەنگی لێدەرچوو. هەم مامۆستا بوو و هەم سەرۆکی حوکومەت و هەم دادوەر و هەم یاسادانەر و هەم فەرماندەی جەنگی و هەم وتاربێژێکی گەورە و هەم پێشەوای کۆمەڵیش بوو! لەگەڵ بوونی هەموو ئەم گرفتاری و سەرقاڵییانەشدا چەند خێزانێکیشی لەماڵەکانیدا هەبوو و هەموویانی بەباشترین شێوە و بەتەواوی ڕەزامەندکردنیانەوە بەڕێوەی دەبردن! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەیهێڵا پەیڕەوەکانی لە پلەی مرۆڤ بە باڵاتری بزانن و پیرۆزی بکەن و بیپەرستن، بەڵکو سەرانسەری فێرکارییەکانی دژایەتی کردنی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بوو. بەدانپیانانی دوژمنەکانیشی لەپاش ئەو هەموو ڕزگارکردن و فتوحاتانە و ئەو هەموو هێزەی کە بەدەستیهێنا، ژیانە سادەکەی خۆی نەگۆڕی و وەکو پاشاکان هەڵسوکەوتی نەکرد، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام خۆی بە (بەندەی خودا) دەزانی کە بەبێ ویستی خۆی ئەم بەرپرسیارێتییەی بەسەردا دراوە تا پەیامی خودا بەخەڵکی بگەیەنێت. پەیامی موحەممەدﷺ هەروەك لەقورئانیشدا باسکراوە تایبەت نییە بە عەرەبەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی تەواوترین و ڕێکوپێکترین پەیامی خودابیە، ڕووی قسەکانی لەگەڵ جیهانیاندایە[1]. ژیانی موحەممەدﷺ سەرمەشقێکی گەورەیە بۆ تەواوی ئەو مرۆڤانەی کە ژیانیان لەباوەڕدارێتی و هەوڵ و ئامانجدارێتیدا بەسەردەبەن و، ژیانەکەی پلەی بەرز و باڵا و مانا بەمێژووی مرۆڤ دەبەخشێت. موحەممەدﷺ ١٠ ساڵ پاش لە کۆچ لەمەدینە لەباوەشی بنەماڵە و هاوەڵەکانیدا کۆچی دوایی کرد.

[1] ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٢٧﴾ (التكوير: ٢٧) و ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا﴾ (الأعراف: ١٥٨).

# سەرچاوەکان


١. قورئانی پیرۆز.
٢. تفسیر جامع البیان، طبري.
٣. تفسیر ابن کثیر دمشقي.
٤. المفردات في غریب القرآن ، راغب الأصفهاني.
٥. الإتقان في علوم القرآن، سیوطي.
٦. جامع البیان في تأویل آیات القرآن، طبري.
٧. تفسیر المیزان، علاّمة طباطبائي، طبعة طهران.
٨. صحیح بخاري.
٩. الموطأ، مالك بن أنس.
١٠. الجامع الصغیر لأحادیث النذیر، تألیف سیوطي.
١١. احیا ءعلوم الدین.
١٢. الدر المنثور، اثر سیوطي.
١٣. سیرة النبویة، إبن هشام.
١٤. السیرة الحلبیة ، علي بن برهان الدین الحلبي، طبعة مصر.
١٥. المغازي، واقدي.
١٦. طبقات، ابن سعد.
١٧. الأصنام، کلبي.
١٨. تأریخ الرسل و الملوك، طبري.
١٩. تأریخ الیعقوبي، یعقوبي.
٢٠. شفاء السائل لتهذیب المسائل، ابن خلدون، طبعة اسطانبول ١٩٥٧ م.
٢١. مرصاد العباد، نجم الدین الرازی.
٢٢. العروة لأهل الخلوة و الجلوة، علاء الدولة السمناني.
٢٣. مثنوی معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی.
٢٤. فیه ما فیه، جلال الدین محمد بلخی.

٢٥.كشكول شيخ بهاء الدين عاملى، چاپ تهران.

٢٦. فصوص الحكم ، ابن عربى، با شرح قيصرى، چاپ سنگى تهران.

٢٧. تذكرة الأولياء، اثر عطار نيشاپورى، با تصحيح نيكلسن.

٢٨. كشف المحجوب، هجويرى، چاپ تهران.

٢٩.رسالة المسترشِدين، اثر ابو عبدالله حارث المحاسبي، چاپ دوم

٣٠. بسط تجربهء نبوى، د.عبدالكريم سروش.

٣١.رسالة الهائم الخائف من لومة اللائم، نجم الدين الكبرى.

٣٢.تقريض بر شرح جامع مثنوى معنوى كريم زمانى، د.عبدالكريم سروش.

٣٣. أوائل المقالات في المذاهب و المختارات، شيخ موفيد.

٣٤.نهج البلاغة، شريف الرضي.

٣٥.ئينجيلى يۆحەننا.

٣٦. تاريخ گسترش اسلام، توماس آرنولد.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٦ |
| وێنەی نووسەر | ٧ |
| ژیاننامەی نووسەر | ٨ |
| هەندێك لە بەرهەمەكانی نووووسەر | ١٣ |
| ڕەخنە لە بۆچووونی پلۆڕاڵیزمی ئاینی | ١٧ |
| وەحی چی یە؟ | ٢٨ |
| وەحی لە زمانەوانیدا | ٢٨ |
| وەحی لە عورفی ئاییینیدا | ٢٩ |
| وەحی و دەروونناسی | ٣٠ |
| جۆرە جیاوازەكانی وەحی | ٣١ |
| وەحی قودسی | ٣٥ |

| | |
|---|---|
| وەحی و شیعر | ٣٨ |
| وەحی و موکاشەفەی عیرفانی | ٤٣ |
| وەحی و کاریگەری پێغەمبەر ﷺ تیایدا | ٤٧ |
| وەحی لە قاڵبی وشەدا | ٥٨ |
| پێغەمبەرێتی و تەفسیراتی نادروست | ٦٢ |
| هەر لە ڕابردووەوە هەڵەی تێدابوو! | ٦٧ |
| بە شوێن وەحی قودسی یەوە | ٧١ |
| وەحی نەبەوی و تەجروبەی ئیتیحادی! | ٧٢ |
| وەحی ئیلاهی و نێوەندارێتی روح القدس | ٧٥ |
| بعثتی نەبەوی و کاریگەرییەکانی | ٨٠ |
| موحەممەد(ﷺ) پێغەمبەری ڕەحمەت و دادپەروەری | ٨٩ |
| سەرچاوەکان | ٩٨ |